دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● دووشەممە ٢٧ی شوبات سانی ١٩٧٨ ژمارە ٤١٥ ●

هاوکاری

سانی ١٩٧٠ دامەزراوە

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

مەیدانی عەرەب ئیمرۆ هەندێ رووداوو گۆڕانکاری زۆر ترسناك بەخۆیەوە ئەبینێ ، چونکە ئەو سیاسەتو هەلوێستانەی کەبەرلە چەندین سال ، بەتایبەتی پاش جەنگی تشرین ، بەلجەی وریاکردنەوەمان بۆ ڕاکێشان ، ئێستا بوونەتەمایەی مەترسیەکی گەورە بۆ نەتەوەی عەرەبو مەسەلە بنەڕەتیەکانی .

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر

● الاثنین ٢٧ شباط سنة ١٩٧٨ العدد ٤١٥ ●

زایۆنی دوژمن لە سەرسیاسەتی نیشتەجێکردنی دوژمنانەی خۆی هەربەردەوامە

دوێنێ سەرەك وەزیرانی زایۆنی دوژمن بریاری‌دا ، سیاسەتی نیشتەجێکردنی خۆی نەگۆڕێ ئەو سیاسەتەی کە لەسەربنچینەی بەردەوام‌بوونی زیاتر دروستکردنی نیشتەجێ‌یەزایۆنی‌یەکان دامەزراوە ، ئەمەش وەك بەشێك‌لەسیاسەتی سەپاندنی داگیرکردنی خۆی بۆ زەویەداگیرکراوەکانی عەرەب .

لە کۆتایی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی دوژمندا « ئیریە ناعور » کە بە ناوی‌حکومەتی قەواری زایۆنی‌یەوە قسە ئەکا ، وتی ، قەوارەی‌زایۆنی لەمەودوا لەسەر سیاسەتی نیشتەجێکردنی‌ئێستایدا بەردەوام ئەبێ‌و هیچ بڕیارێك نادات کە لەگەل ئەوسیاسەتەدا نەگونجێ .

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی ـ رودی براقو ـ ی چیکۆسلۆڤاکیا دووپاتی‌کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر توندوتیژی بەرانبەر ڕژێمی سادات ئەنوێنێ لە پێناوی ئەوەی زۆرتر ملکەچی بکات بەرانبەر خواستەکانی زایۆنی دوژمن .

ڕۆژنامەکە کە دوێنێ لە براگەوە دەرچووە رایگەیاندووە کە گەشتەکەی ئێستای ئەلفرێد ئەثرتۆن باریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کارویاری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو ناوچەی عەرەبیدا مەبەستی بەردەوامبوونی وتووێژی راستەوخۆیە لە نێوان ڕژێمی ساداتو زایۆنی دوژمندا لە پێناوی بنیاتنانی چارەسەر‌یەکی خۆبەدەستەوەدەرانە .

ڕۆژنامەکە ووتی هێرشی بەردەوامی سادات بۆ سەر دەوڵەتە سۆشیالیستەکانو دەوڵەتە رەفزکەرەکانی چارەسەری خۆبەدەستەوەدەرانە تەنیا بۆ ڕەزامەندی حکومەتی واشنتۆنە چونکە وائەزانێ کە ئەو حکومەتە زیاتر بە توندوتیژی لەگەل قەواری زایۆنیدا ئەجووڵێتەوە تاکو لەگەل ساداتدا بکەنە چارەسەریەك .

لە لایەکی ترەوە دێفید ئەوین وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دوێنێ لە عەمانەوە گەیشتە فەلەستینی داگیرکراو بۆ وتووێژکردن لەگەل

بروانە ل ٧

لیژنەوەزاری‌یەهاوبەشەکەی‌نێوان عیراق‌وئێران دەستی‌کردە‌وتووێژکردن

دوێنێ ئێوارە لە کۆشکی ناشتی کاروباری لیژنە وەزاری‌یەهاوبەشەکەی‌نێوان عیراق‌و ئێران بە نامانجی پتەوکردنی پەیوەندی‌چاکی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ دەستی پێکرد .

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی‌ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆ‌سەرۆکایەتی لایەنی عیراقی‌کرد وەلایەنی ئێرانیش بە سەرۆکایەتی عباس علی خلعتبری وەزیری دەرەوەی‌ئێران‌بوە .

وەفدی عیراق بریتی‌یە لەبەڕێزان حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌وەزیری بازرگانی‌و هەردوو جێگری وەزارەتی بازرگانی .

ئەوەی شایانی باسە‌دوێنێ بەیانی بەڕێز عباس خەلعەتبەری وەزیری‌دەرەوەی ئێران‌و سەرۆکی لایەنی ئێران لە لیژنەی‌وەزارەی هاوبەشی نێوان عیراق‌و ئێراندا لەگەل‌وەفدێکی ڕەسمیدا بۆ کۆبونەوەکانی لیژنەی ناوبراوگەیشتونەتە بەغدا .

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی‌ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری ناوخۆ ،سەرۆکی لایەنی عیراق لە کۆبونەوەکانی لیژنەکەداوبەڕێز حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش‌و وەزیری بازرگانی‌و جێگرەکانی وەزارەتی دەرەوەو ناوخۆو بازرگانی بالۆیزی عێراق‌و ئێران‌و چەندکاربەدەستێکی گەورە پێشوازی وەزیری ئێرانی‌ووەفدەکەی تەکیان‌کردوە .

بەڕێز خەلعەتبەری بە ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی ڕاگەیاندوە .. کە لە کۆبونەوەکانی لیژنەکەدا ئالوگۆڕی بیروڕادەکرێت لەنێوان عێراق‌و ئێراندا لەبارەی مەسەلەهاوبەشەکانەوە بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە چاکانەی لەنێوان ئەم دوو وڵاتە دۆستەدا هەیە .. وە دڵخۆشی خۆی‌نیشان داوە بە پتەوکردنی ئەم پەیوەندیانە هەروەها وتویەتی.. ئەوەی مایەی بەختەوەریە ئەو پەیوەندیانە هەموی‌پەتین‌و چاکن . وە ئەوەشی وە بات‌کردۆتەوە کە لایەنی ئێران‌و عێراق هەولی ئەوە ئەدەن کە ئەو پەیوەندیەدۆستانەیە لە نێوان هەردوو وڵاتی دۆستدا پتەوبەرەبستێنێ .

وەزیری دەرەوەی لوبنان سەر لە دیمەشق ئەدات

هەندێ سەرچاوەی‌ڕۆژنامەنووسی دوێنێ ووتیان کەوا فۆاد بطرسی وەزیری‌دەرەوەو بەرگری‌ی لوبنان لەناوەڕاستی هەفتەی ئایندەداسەردانێکی دیمەشق ئەکات بۆ ڕێ پاکەکردنەوە بە سەردانی الیاسی سرکیسی سەرۆکی لوبنان .

ڕۆژنامەی « العمل »ی ئۆرگانی حیزبی راستڕەوی « الکتائب » پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کەوا مەسەلەی درێژکردنەوەی ماوەی هێزەکانی ناوبژی‌کردن ئەبێتە مەسەلەی سەرەکی‌ی ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان کاربەدەستانی لوبنان‌و ڕژێمی سوریادا ئەکرێ .

نیشتەوەیەکی کۆتوبڕی فرۆکەیەکی هیندستان لە بەیروت

فرۆکەیەکی سەر بەهێلە ئاسمانیەکانی هیندستان دوێنێ ناچاربوو لە فرۆکەخانەی بەیروت بنیشێتەوە ، پاش ئەوەی فرۆکەوانەکەی هەواڵێکی پێ‌گەیشت کەوا بۆمبایەك لەناو فرۆکەکەیدایە .

هەندێ سەرچاوەی ئاگادار لە بەیروت ووتیان کەوا فرۆکەکە بۆ دۆزینەوەی بۆمباکە پشکێنرا ، بەڵام لەمە زیاتر قسەیان نەخستە سەرهەواڵەکە .

فرۆکەکە کە لە فرۆکەخانەی بەیروت نیشتەوە ، بە ڕێوە بوو لە بۆمبایەوە بەرەو ڕۆما بچێ .

محاکەمە کردنی ئەو دووکەسەی « یوسف السباعی »یان کوشت

ئەمڕۆ لە نیقوسیا دەست ئەکرێ بە محاکەمە کردنی ئەو دوو کەسەی کە بە کوشتنی یوسف السباعی گوناهبار کراون .

دووکەسەکەش سمیر محمد مطری ئەردنی‌و حسین احمد العلی کویتی‌یە کە دادگای جنایات لە قبرس بە تاوانی کوشتن گوناهباری کردون کە سزاکەی لە سێدارە دانە .

کارگەی هەڵکەندنی بیرەنەوتی نەرویجی لە دەریای سەروو دوای ئاگر تێبەربوونی‌کە بوە هۆی مردنی پێنج کرێکار .

وێنە بە رادیۆ

هاوڕێ احمد حسن البکر نامەیەکی دەست نووسی لە سەرۆکی صۆمالەوە پێ دەگا

هاوڕێ احمد حسن البکرجێگری ئەمینداری گشتی‌حزبی بەعسی عەرەبی‌سۆشیالیست سەرەك کۆمار ، نامەیەکی دەست نووسی لەسەرۆك محمد سیاد بری‌سکرتێری گشتی لیژنەی‌مەرکەزی حزبی سۆشیالیستی شۆڕشگێری کۆماری دیموکراتی سۆمالەوە پێ‌گەیشت .

نامەکەش بەڕێز احمدعبدالله ئەندامی مەکتەبی‌سیاسی لیژنەی مەرکەزی‌ئەو حزبە دوێنێ نیوەڕۆ دایە دەست هاوڕێ احمد حسن‌البکر ، کاتێ لە مەکتەبی‌ڕەسمی خۆی لە کۆشکی‌کۆماری پێشوازی‌کرد .

لە چاوپێکەوتنەکەدا ، لەوئاڵو گۆڕە دواون کە ئێستانیشتمانی عەرەبی بەخۆیەوەئەبینێ ، لەگەل دۆخو باری ناوچەی قۆچی ئەفریقا‌داهاوڕێ سعدون شاکر ئەندامی‌سەرکردایەتی قوتری حزب ، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و بەڕێزیاتوێزی سۆمال لە بەغدا لەوچاوپێکەوتنەدا ئامادەبوون .

عزیز شریف ستایشی هەڵوێستی سەنگینی کبریانۆ دەکا

بەڕێز عزیز شریف سکرتێری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی‌و هاوکاری لە کۆماری عیراقدا ستایشی ئەو هەڵوێستە سەنگینەی کردوە کە سبیرۆس کبریانۆی سەرۆکی قبرس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فرۆکە قبرسیەکە لە فرۆکە خانەی لارانکا نواندی .

ناوبراو لە بروسکەیەکدا کە ئاڕاستەی دوکتۆر فاوس لیساریدس سەرۆکی حزبی سۆشیالستی قبرسی کردوە وتویەتی ئەم سیاسەتەشێوازی دان‌بەخۆداگرتن‌و هەست‌کردن بە لێبرسینەوەی نواند لە لایەنی مرۆڤایەتی‌و هەڵوێستی گەل‌و حکومەتی قبرسەوە .

سەرۆکی قوبرس : سیاستمان بەرامبەر مەسەلەی عەرەب ناگۆڕدرێ

سبیرێس کبریانۆ سەرۆکی قوبرس ووتویە کە سیاسەتی وڵاتەکەی لە پشتگیری‌کردنی مەسەلەی عەرەبدا ناگۆڕدرێ‌و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی فرۆکەخانەی لارانکا کارناکاتە سەر ئەو سیاسەتە .

سەرۆکی ناوبراو دوێنێ ووتویە کە پەیوەندی بەینی وڵاتەکەی‌و ڕژێمی سادات مانای ئەوە نی‌یە قوبرس هەڵوێستی خۆی بەرامبەر مەسەلەی عەرەب وەرئەچەرخێنێ .

ئەوەی شایانی باسە لە دوای بەلامارەکەی کۆماندۆکانی میسر بۆ سەر فرۆکەخانەی لارانکا پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان میسرو قوبرس بڕدرا .

سەرۆکی فەرمانده خەڵاتی دووهاووڵاتی دەکا

سەرۆکی فەرمانده بەڕێزاحمد حسن البکر ڕێزی لە دووبرای هاووڵاتی نا کەخایل فرهود ابراهیم‌و محمد فرهود ابراهیم یان ناوە ،بەهۆی دەستپاکی‌و ڕەوشتبەرزی‌یانەوە کە چەند پارچەخشڵێکی بەنرخی هاووڵاتیەکی عەرەبیان دۆزیوەتەوەو داویانەتەوە .

سەرۆکی بەڕێز کاتێ دوێنێ بەیانی لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە کۆشکی کۆماری پێشوازی ئەو دووبرایەی‌کرد ، وتی ، پیاوەتی‌و شەرەفمەندی‌و کردارو ڕەفتاری جوان نیشانەیەکی گەورەن کە بەرزی نەتەوەکەمان‌و ڕەوشت جوانی‌و نەریتی چاکو ڕەسەنی ڕۆڵەکانی ئەنوێنێ .

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی کردەوە کە نەتەوەی بەرزی عەرەبمان ناتوانێ خۆی ببوژێنێتەوەو بۆ ئەو ئاستە بەرزبێتەوە کە دەوری شارستانی خۆی بەجێ بهێنێ تا وەکو خۆی پابەند نەکات بە بەهای شەرەفمەندی خۆیەوەو نەیکاتە بنچینەیەکی پتەو بۆ قووڵکردنەوەی بەهاو نەریتە شۆڕشگێڕەکانی .

سەرۆکی بەڕێز لە برایەوە ، فەرمانی‌دا ، خەڵاتێکی بەنرخیان بدرێتێ ، چونکە وێنەیەکی نموونەیی‌یانەی هاووڵاتیان لەژێر سایەی شۆڕشی حەفدەی تەموزی نەتەوەیی‌و پێشکەوتنخواز نیشانداوە .

بەڕێز محی عبدالحسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادەبوو .

کاربەدەستە دیبلۆماسیەکانی ڕژێمی سادات لە قوبرس بەرەو میسر کەوتنەڕێ

دوێنێ کاربەدەستە دیبلۆماسی‌یەکانی ڕژێمی سادات لە قوبرس شاری نیقۆسیایان بەجێهێشت ، دوای ئەوەی ئەو ڕژێمە پەیوەندی دیبلۆماسی خۆی لەگەل قوبرس‌دا بڕی .

کاربەدەستە دیبلۆماسی‌یەکانی قوبرسیش لە میسر ، خاکی میسریان بەجێهێشت ، دوای ئەوەی فەرمانڕەوای میسر بڕیاری بڕینی پەیوەندی خۆی لەگەل قوبرس‌دا ، لەئەنجامی ئەو هێرشەدا کە هێزێکی کۆماندۆزی میسر کردیانە سەر فرۆکەخانەی لارناکا لە قوبرس .

گفتوگۆکردنی نێوان سەرەکی لیبیاو سەرکۆماری ئەفغانستان

دوێنێ لە تەرابلس سەرۆکی لیبیا معمر القذافی‌و سەرۆکی ئەفغانستان محمد داود بەتەنها بەیەکەوە گفتوگۆیان‌کردو ئەو گفتوگۆکردنە ڕەسمی‌یەش کە بڕێ شەو لەنێوانیاندا دەستی‌پێ‌کرد لە ڕووی بەرەسەندنی هاوکاری هەر دوو وڵاتەوە بووە .

● ووتەی هاوکاری ●

یەکی مارت سەرکەوتنی بەبڕەبەسەرکۆچپانیامۆنۆپۆلەکاندا

گەلی عێراقی نەبەزمان بەدرێژایی ساڵانی خەباتی سەخت‌و بێوچانی لە پێناوی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابووری خۆیدا ، گەلێجار لەڕووی بەرەی کۆنەپەرستان‌و زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزمی جیهاندا ، دەستەویەخە وەستاوەو تا سەرکەوتنی وەدەس‌نەهێناوە کۆڵی نەداوە . لەساڵانی حوکمی پاشایەتی‌ی کۆنەپەرستدا ، ئەودەستەویەخە وەستانەی پتر لەپێناوی گۆڕینی بنەڕەتی‌ی ڕژێم‌و بەدی‌هێنانی سەربەخۆیی تەواوی سیاسیدابوو . بەڵام کە ئەوئامانجە بە بەرپاکردنی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) بەدی‌هێنرا ، ئەوسا خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی تەواوی ئابووری‌و گۆڕین‌و گەشەپێدان‌و پێشخستنی کۆمەڵدابوە ئامانجی سەرەکی‌ی خەباتی جەماوەری گەلمان‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی . لەمەیدانەشدا ڕزگارکردنی سامانی نەوتمان لەچنگی کومپانیا مۆنۆپۆلەکان بوە گرنگترین مەسەلەو دەبوو بایەخێکی تایبەتی بدرێتی .

بۆ ئەمەبەستە لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزەوە چەند هەنگاوێك‌نرا کە کاریگەرترینیان یاسای ژمارە (٨٠) بوو . بەڵام لادانی ئەوحوکمەی کە دوای شۆڕش دەسەڵاتی گرتەدەست بەلای دکتاتۆریەتداو ئینجا حکومەتە گومراکانی دوای تشرین بەلای کۆنەپەرستیدا ، بوە هۆی ئەوەی لەم‌پێناوەدا نەتوانرێ کارێکی بنەڕەتی وەها بکرێ کە پشتی کومپانیا مۆنۆپۆلەکان بدرێ لەزەوی‌و ئەو سامانە نەتەوەیی‌یە گرانبەهایەیان لەچنگ دەربهێنرێ .

بەڵام کە حیزبی پێشڕەو ، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە (١٧ ـ ٣٠)ی تەمووزی ١٩٦٨دا شۆڕشە مەزنەکەی بەرپاکرد ، هەر لە بەیاننامەی یەکەمی شۆڕشدا ئەوەی سەلماند کە شۆڕش لەمەسەلەی نەوتدا ، بۆ وەدەس‌هێنانی سوودو بەرژەوەندی عیراق ، ڕێگای سیاسەتێکی نیشتمانی‌ی سەربەخۆی جیا لەسیاسەتی کومپانیا مۆنۆپۆلەکان دەگرێتەبەر . سا مۆنۆپۆلەکان ئیتر هەرخێرا لەوە حالی بوون کە ئەم عیبارەتەی بەیاننامەی یەکەم ، مەسلەحەتیان دەخاتە بەر مەترسی‌یەکی زۆرو دڵەلەرزەیان پێکەوت .

شۆڕشی پێشکەوتنخوازی (١٧)ی تەمووز بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب شان‌بەشانی جەنگەکانی تری کە نەبەردانە لەهەموو مەیدانەکانی تردا دژ بە بەرەی کۆنەپەرستان‌و زایونیزم‌و ئیمپریالیزمی جیهانی ، بۆیان دەچووبەر مەیدان‌و بەسەرفرازی لێیاندەردەچوو ، لەسەر ئەوبەڵینەی لەبەیاننامەی یەکەمی شۆڕشدا دای ، سەبارەت بەمەسەلەی سامانی نەوتیشمان ، نەبەردانە چوە بەرمەیدانی جەنگی کومپانیا مۆنۆپۆلەکان‌و تا چوکی پێدانەدان‌و کرنووشی پێنەبردن کۆڵی نەدا .

سەرەتا لە ٧ـ٤ـ١٩٧٢دا (ڕۆژی بیرەوەری

(هاوکاری)

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

بیکرلیبەردی | سیاسی

بەڵگەیەکی تر بۆ نابووتی‌ی سیاسەتی رژێمی سادات

خوینەرە بەریزەکان لەبیریانە کە دوای کوژرانی یوسف السباعی لە قبرس‌وبە بارمتەگیرانی یازدە کەس لەبەشدارانی کۆنفرانسی ئاشتی‌و هاودەردی لەلایەن دوو چەکداری عەرەبەوە ، رژێمی انور السادات (گوایە) بۆ رزگارکردنی بارمتەکان دەستی‌دایە کردەوەیەکی چەشنی دەستدرێژی‌یەکەی رەگەزپەرستانی تەل ئەبیب بۆ سەر فرۆکەخانەی عینتیبەی ئۆگەندا • لەهێرشی کۆماندۆکانی سادات بۆ سەر فرۆکەخانەی لارناکای قبرسدا یازدە کۆماندۆکوژرانو شازدە کەس بریندارببوونو ئەوانی‌تریش لەلایەن هێزەکانی پارێزگاری فرۆکەخانەوە بەدیل‌گیران کە لەدواییدا بەڕێ کرانەوە بۆ میسر •

ئەو کردەوە ناشەرعی‌یەی رژێمی سادات لە وڵاتانی عەرەبی‌و لە مەیدانی جیهانیدا بە گشتی بووە هۆی نارەزایی‌و بێزاری دەربڕینی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یە جۆربەجۆرەکان‌و زوربەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان ئەو کارەیان وەك دەستدرێژی بەسەر سیادەتو سەربەخۆیی قبرس لە قەڵەمدا • رۆژنامەی (السفیر)ی لوبنان لەوتارێکدا لەوبارەوە نووسی : « رژێمی قاهیرە هیچی لە هەگبەدا نەمابووبیکا ، بۆیە دوژمنێکی بچکۆلەی داتاشی‌و بەهەموو گرانایی خۆیەوە هەوڵی‌دا سەرکەوتنێکی وەهمی بەدەستبێنێ کە تەنانەت لەوەشدا سەرنەکەوت » •

هەروەها نووسی : « کردەوەکەی سادات لە قبرس ئەوەشی دەرخست کە زایۆنی دوژمن بۆتە بەرزترین نموونە بۆ رژێمی میسر کە بۆ ناوەرۆك‌و شێوازەکانی (پاڵەوانێتی) ئیلهامی لێ‌وەربگرێ » •

حیزبی کومونیستی یۆنان ئەو پەلامارەی گوناهبارکردو لە بەیاننامەیەکدا کە بەوبۆنەوە دەری‌کرد نووسی ئەو هێرشە هەڵوەشاندنەوەیەکی ئاشکرایە بۆ سیادەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆو پێچەوانەی هەموو ناوەرۆکێکی قانوونی نێو دەوڵەتانە •

لەوناوەدا تەنیا دۆستەتازەکانی سادات لە تەل ئەبیب بوون کە پێشوازی‌یان لەو کردەوەیەی سادات‌کردو (داخو خەفەت)ی خۆیان لە تێ‌شکانی ئەو دەستدرێژی‌یە دەربڕی •

بەدوای ئەو گاڵتەجاڕی‌یەدا رژێمی سادات پێوەندی سیاسی میسری لەگەڵ دەوڵەتی قبرس بچڕاندو کەوتە هەڕەشەو گوڕەشەی تۆڵە ئەستاندنەوە لە قبرس‌و هەروەها لە ڕێکخراوی رزگارکەری فەلەستین کە گوایە دەستی لە تێکشکاندنی هێرشی کۆماندۆکانی سادات‌دا هەبووە •

بەمجۆرە دەبینین شاسواری خۆبەدەستەوەدان دوای تێ‌شکانی لەسەئەرە سەرشۆڕانەکەیدا بۆ فەلەستینی داگیرکراو ئێستا دەیەوێ بۆیتەوکردنی هەلوێستی خۆی‌و بوالادانی بیروڕای گشتی خەلکی میسرو گەلانی عەرەب لەئەنجامەکانی ئەو « دەست‌پێشخەری »یە پڕشوورەییە دەیەوێ هێندێ گێرەوکێشەی لاوەکی داتاشێ‌و هەر لەوکاتەدا رووداوەکەی فرۆکەخانەی لارناکای قبرس بکاتە بیانوویەك بۆ دوژمنایەتی‌کردنی ریکخراوی رزگارکەری فەلەستین ، یان باشتربڵێین بۆ پینەکردنی سیاسەتی دوژمنانەی بەرامبەر بە گەلی عەرەبی فەلەستین‌و مافەرەواکانی

سەیرنەوەبوو حکوومەتی سادات لە کاتێکدا دەستی دایە ئەو کردەوە ناشیرینەو ئەو کوشتارەی لەفرۆکەخانەی لارناکادا بەرپاکرد کە سپیرۆ کیبریانۆ سەرکۆماری قبرس بەڵێنی لە فرۆکەرفێنەکان ومرگرتبوو کە بارمتەکان ئازادبکەن‌و خۆیان بەدەستەوەبدەن • بەڵام سادات بۆ سازکردنی ئەو کێشە لاوەکی‌یە رووداوە خوێناوی‌یەکەی لارناکای خولقاندو یازدە تەرمی تازەی لەتەنشت تەرمی یوسف السباعی ڕێزکردو وەك دەڵێن بەنەواوی « سمێڵی نایە سەر ریشی » •

هیچ‌کەس نیە نەزانێ کە قبرس لەکۆنەوەو لەسەردەمی سەرۆکی کۆچ‌کردووی قبرس قەشە مەکاریۆسەوە هەمیشە هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر بەگەلانی عەرەب هەبووەو پشتیوانی لەمەسەلە رەواکەی نەتەوەی عەرەب‌و بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین کردوە • قبرس‌لە ریزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدا بووە کەرێگایان داوە مەکتەبی ڕێکخراوی رزگارکەری فەلەستین لەوڵاتەکانیاندا بکرێتەوەو پشتگیری خەباتە رەواکەیان کردوە •

کەچی سادات کە بەئاشکرا پشتی‌کردۆتە ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب لەکاتێکدا بەسەرشۆڕی‌و بەچەشنی خۆبەدەستەوەدەرانە دەچێتە خاکی داگیرکراو دەستی دەخاتە ناو ئەو دەستانەوە کە بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئازادیخوازی عەرەب سوورن ، هێرشی چەکدارانە دەکاتە سەر قبرس‌و لەراستیدا تۆڵەی ئەو هەڵوێستە پیرۆزانەی لێ‌دەکاتەوە کە بەرامبەر مەسەلەی مەرکەزی عەرەب (فەلەستین) گرتوونیەتە پێش •

بێگومان بریاری سادات بۆتێکدانی پێوەندی سیاسی میسر لەگەڵ دوڵەتی قبرس ناتوانێ دۆستایەتی ئەو وڵاتەو گەلانی عەرەب تێك‌بداو بریاری ئەم دواییەی سادات تەنیا وەك بەڵگەیەك بۆ نابووتی سیاسی رژێمەکەی خۆی دەمێنێتەوە •

مۆزەمبیق لەسەر بەخۆییەوە

بەرەو سۆشیالستی

ئامادە کردنی
عباسی محمدی حسین

دوا بە دوای ئاهەنگ گێران بە هێنانە خوارەوەی ئالای ئیستعماری پورتەگالی‌و بەرز کردنەوەی ئالای سەربەستی کۆماری سەربەخۆی لەدایك بووی مۆزەمبیقی لەشەوی « ٢٥ـ٦ـ١٩٧٥ »دا بۆ یەکەم جار نۆتەی قورگی هەزاران کەس لەناو دەنگ دانەوەی بیستو یەك تۆپی پیرۆزبایی‌دا ، ووشەکانی ئەو گۆرانیانەی بۆ ئاسۆی تازە هەڵهاتوی بێ‌تۆمار کرا •• بەڵێ ئەم ئاواە دیاری‌کراوانە ئەنجامێکی سروشتی تێکۆشانی پاڵەوانانەی بەرەوری شۆڕشگێڕی مۆزەمبیق بوو بە سەرکردایەتی بەرەوری رزگاری‌خوازی مۆزەمبیقی ـ فریلیمو ـ دژی کۆلۆنیالی پورتەگالی کە بۆ نزیکەی « ٥٠٠ » ساڵیك دەچوو لەسەر ئەم خاکە بەبێ‌و سامانە راکشابوو •

چۆنیەتی پێکهاتنو پەیدابوونی بەرەی فریلیمو

ئەم بەرەیە لە ئەنجامی نزیك بوونەوەی پارتە نیشتمانیەکانی وەك یەکێتی نیشتمانی ئەفریقی‌و یەکێتی دیموکراتی نیشتمانی مۆزەمبیقی‌و هەندێ ڕێکخراوی تر لە یەکتری‌و دوای گفتوگۆیەکی درێژی بە ئامانج پێکەوە گەیشتوونەتە قەناعەتێکی هاوبەش دەربارەی هێنانە ئارای بەرنامەیەکی پێویستی خەباتی قۆناغ بە قۆناغ هاتووتە مەیدان‌و شەهیدی بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی مۆزەمبیقی « ادوارد موندالی » دەورێکی سەرەکی لە یەکگرتنی ئەم پارتانەدا دیوە لە چوارچێوەی بەرەی رزگاری‌خوازی مۆزەمبیقی « فریلیمو »داو ئەم ئاواتە بە شێوەیەکی بەردەست لە حوزەیرانی ساڵی «١٩٦٢»دا هاتووتە ئەنجامو « فریلیمو » چۆنیەتی پێکهاتنی هێزەکانی شۆڕشی بەم جۆرە دەستنیشان کردووە :

یەکەم : جووتیاران هێزی سەرەکی خەباتن‌و کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی باری ئابووری‌ی مۆزەمبیقیەو لەسەدا حەفتاو پێنجی بەرهەمی نەتەوایەتی وڵاتە •

دووەم : کرێکارو رۆشنبیرەکان •

سێیەم : تاقمە ناوەندییەکانی بورژوازی بچووك وەك هاوپەیمان •

ئامانجیش بریتی‌بووە لە سەربەخۆیی بنەڕەتی نیشتمانی‌و رزگارکردنی مرۆی مۆزەمبیقی لە چەوساندنەوەو دامەزراندنی کۆمەڵگای بەرشنەی داد بەروەری کۆمەڵایەتی • ئینجا ئەم بەرەیە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە کەوتووەتە خۆ بۆ جمەوجۆلی ناوخۆیی لە پێناوی رۆشنبیرکردن‌و خۆ گەلاڵە کردن لەسەر هەموو شێوەکانی خەبات‌و خستنە رووی هەموو جۆرە زانیارییەك لە بارەی سروشتی کۆمەڵو ژیانەوە •

بەم جۆرە فریلیمو لە لادێیەکانی وڵاتی مۆزەمبیقی‌دا کەوتووەتە ریسواکردنی سەرۆك هۆزو ڕۆڵی خزمەت گوزاری‌و ئەڵقە لە گوێیانەیان بۆ کۆلۆنیالیزمی جیهانی‌و ڕێکخستنی ئەم بەرەیە لەسەر هەموو ئاستێکدا بۆ ناو ڕێزی هۆزەکانی وڵاتشۆڕبووەتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش « ڕۆڵەکانیان » ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆیان بگرنە ئەستۆو نەوەی تازە پێ‌گەیشتووی میللەتیان بۆ بەرەنگا ، بوونەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی پورتەگالی‌و بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەر هاناداوە لە پێناوی روون کردنەوەی تاکتیك‌و ستراتیژی شۆڕش‌و دیارخستنی درۆشمە گونجاوەکانی شەری عادیلانەیان کەبووتە بەرەی بناغەی قوول‌بوونەوەو پتەوتربوونی هاوپەیمانیەتی نێوان بەرەو جەماوەری گەل •

سەرهتای دەست‌پێ‌کردنی تێکۆشانی چەکدارانەی بەرەی فریلیمو

میللەتی مۆزەمبیق لە سنووری بەرفراوان‌و دوورو درێژی پێنج‌سەدەدا بەرانبەر باری چەوسانەوەو کۆیلەیەتی‌و دەست بەسەراگرتن‌و ڕەگەزپەرستی‌و داگیرکردن بەرگەی گرتووەو نەکەوتووتە سەوداو سەوداکاری لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەیدا ، بەڵکو جۆلانەوەی شۆڕشگێڕی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێ‌گەیشتن‌دا بووەو شنەی خەبات هەموو گەلی مۆزەمبیقی گرتووتەوەو لە دوای شەڕی جیهانی‌ی یەکەم هەندێ کۆمەڵەو پارتی سەریان هەڵداوەو کرێکارو رۆشنبیرەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردووتەوەو لە ئەنجامدا وەك چۆن لەپێشەوە روونمان کردەوە بەرەی فریلیمۆ دروستبووەو دەستی کردووە بە ئەخشەکێشانی چالاکی چەکدارانەی ڕێك‌وپێك دژی کۆنترین کۆلۆنیالی کەوا ژانی بە هەموو گەلانی ئەفریقیادا کردبوو •

لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی «١٩٦٤»دا سەرەتای شەڕی پارتیزانی تەقیوەتەوەو شۆڕشگێڕەکان کەوتوونەتە خەریك‌کردنی دوژمن‌و هێرش بردنە سەر ئۆردوگاکانی بەپێ‌ی دەست وەشاندنی چاك‌و خۆکێشانەوەی بەپلە لەدوای دەست بەسەراکێشانی ئازووقەو جبەخانەکان ، ترس‌و رووخانیان لەناو دڵو دەروونی سەربازەکانی پورتەگالی داگیرکەردا چاندووە •• فریلیمۆ دوای دوو ساڵ لە دەستکردنە خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن توانیویەتی دوو هەرێمی وڵات بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی‌و دوژمنیان بەیەکجارەکی لێ‌وەدەر بکات •

لە ساڵی « ١٩٦٦ »یش‌دا سەرکردایەتی گشتی ئەم بەرەیە بارەگای خۆی لە وڵاتی تنزانیای دراوسێ بۆ ناوچە رزگارکراوەکان گێراوەتەوەو لەناو جەرگەی وڵاتدا سەربەرشتی مەیدانی شەڕی رزگاری کردووە •

لە دەرەوەی وڵاتیش‌دا بەرەی فریلیمۆ تێڕوانینی خۆی بۆ ڕای گشتی جیهانی لە ڕێگەی کۆڕو کۆمەڵو بڵاوکراوەو ڕاپۆرت خوێندنەوەو قسەکردنەوە خۆی بۆ هەموو دونیا ئاشکرا کردووەو دۆستەکانی شۆڕش کە بریتین لەوڵاتانی سۆشیالیستی‌و بزوتنەوەی رزگاری خوازە نیشتمانیەکان‌و هێزە دیموکراتی‌و پێشکەوتن خوازەکانی جیهان لەگەڵ بەرەی دوژمنانی شۆڕش لە کەوانەی ئیمپریالیزم‌و فاشیزم‌و کۆلۆنیالی‌و مۆنۆپۆلەکانی جیهانی جیا کردوتەوە •

لەسەر ئەم ڕێ‌و شوێنە شۆڕشگێڕەکانی فریلیمو تێکۆشانی چەکدارانەی خۆی لەبان زەوی رزگارکراودا درێژە پێ‌داوەو لایەنگیرییەکی بەرفراوانی جەماوەر بەدوای سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانیان ج لە رووی بەربەرەکانی هێزە کۆلۆنیالیەکانی پۆرتەگالی‌و یاخود جمەوجوولی بنیادنانەوەی سەر لە نوێ‌ی بەر ئاسۆی سۆشیالیستی‌دا لەناو ناوچە رزگارکراوەکان‌دا توانیویانە لایەنگیری تەواوی جەماوەر بۆ لای خۆیان رابکێشن •

بەرە لە دوای «١٠» ساڵ‌و نیوی ڕەبەقی خەباتی چەکدارانەی بەردەوام ئامانجی نەتەوەی مۆزەمبیقی هێناوەتە دی لەوە دەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی‌دا •• فریلیمۆ لە تێکۆشانی‌دا خۆی گەیاندووەتە قۆناغێکی نوێ‌و بە هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکی بۆ لەناو بردنی پاشماوەی نالەباری‌و ناهەمواری بەجێ‌ماوی داگیرکەران ، کۆششی کردووەو ریزەکانی میللەتی بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن ووریا کردوتەوە •

هەروەها بەرەی فریلیمۆ هەوڵێکی گەورەو گرانی داوە بۆ فێرکردنی خەڵك لە خوێندنەوەو نووسین‌داو بەدوای تێکشکاندنی دامو دەزگاکانی کۆلۆنیالی پورتەگالی هێزەکانی میللەت ئەم دەزگا کۆنانەیان بەلاوە ناوەو ژێرخانی کۆلۆنیالیزمیان رووخاندووەو گسکیان لە پاشماوەی کۆمەڵایەتی‌و فیکری داوە •

باش بەدەست هێنانی سەربەخۆیی گەل‌و وڵات ئەم بەرەیە خۆی بۆ کۆنگرەی نشتی ئامادەکردووە لە پێناوی دەستنیشان‌کردنی ڕێزەوو ڕێباز لەبەر سێبەری تیشکی سەربەخۆیی نیشتمانی‌و بنیادنانەوەی وڵاتدا ••

ئەوە بوو لە «٣»ی مانگی‌ی شوباتی «١٩٧٧»دا یەکەم کۆنگرەی دوای سەربەخۆیی بەسترا‌و لە «٧»ی هەمان مانگ‌دا کۆتابی پێ‌هات ••

جا لەیەکێ لە بەڵگەنامەکانی دوای کۆنگرە ئەمەی خوارەوە تۆمارکراوە •

« شۆڕشی مۆزەمبیق بەشێکە لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهانی‌و بوونی ڕژێمی سۆشیالیستی بەهێز بەهۆی ڕاستەوخۆی گۆڕان‌و جێ‌بەجێ‌بوونی سەرکەوتنی تەواوە » •

خەیاڵیان خاوە..

ڕۆژنامەی « الرأی العام »ی کویتی لە ڕۆژی ١٨ـ٢ـ٧٨دا بڵاوی کردەوە کەوا « سپیریو ئەگینیو » جێگری سەرەك کۆماری پێشوی ئەمەریکا لە دوانێکیدا لەگەڵ هەندی سیاسی ناسراو لە عەمان گووتویەتی :

« پێویستە لەسەر عەرەب کە پشت بە ئەمەریکا نەبەستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست •

چونکە سەرۆك کارتەر ، تینێکی وای نیە بەسەر کاربەدەستانی حکومەتدا لەچاو ئەو هێزوتوانایەی کە زایۆنیەکانی ئەمەریکا هەیانە لەناو دەوڵەتدا •

ئەمەریکا ناتوانی شتێکی ئەوتۆ بکات بۆ عەرەب ، لەبەر ئەوە خەیاڵیان خاوە ئەگەر وابزانن، دەسپێشکەری کردن وەکو سادات دەبێتە هۆی گیروگرفتیان » !

ئەم « ئامۆژگاریە » پێشکەش ناکەین بە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب‌و پێشرەوە شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرەکانی ، چونکە ئەوان بەپێ‌ی بۆ چون‌و لێکدانەوەو حساب کردنێکی زانیاری‌یانە لەمەش زیاترو قوولتر دەزانن ••• دەزانن کە نەك تەنها لەبەر ئەوەی زایۆنیزم بەهێزترە لە کارتەرو مارتەری « دڵپاك » لەگەڵ عەرەبدا ئەگەر شتی وا هەبێ ، بەڵکو دەزانن کە ئیمپریالزمی ئەمەریکا وەکو ماکینەیەکی بوزرگی جیهانی ، کە بەری ڕەنجی هەموو گەلانی جەوساوەی جیهان ـ بەسامانە گرنگەکەی خاکی عەرەبەوە « پترول » ـ ئەخوات ، ناچارەو دەبێ دەست لەناو دەستدا بێت لەگەڵ زایۆنیزمدا وەکو بزوتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستی و بالبشتی ئیمپریالزم‌و ، هاوسوێند لەگەڵ ئیسرائیلدا بۆ وەستان بەرامبەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی عەرەب •

بەڵام ئەمە پێشکەش ئەکەین بە « سادات » و هەموو شان شڵکردوو جڵەو شۆڕەکانی « سازان » ، تا بزانن بەراستی خەیاڵیان خاوە •

ئیتالیا لەگەرمەی سێ تەنگ وچەڵەمددا

ئەوپەیوەندی پێکەوەگونجانەی لە نێوان جووتە هێزی گەورە ، پارتی‌دیموکراتی هەسیحی‌و شیوعی‌یەکان لە ئیتالیادا هەبولەم دوایی‌یانەدا بە تەواوی گۆڕاوەو بە جۆرێکی لێ‌هاتوە رەنگ بێ پێویست بە هەڵبژاردنی نوێ بکات بۆ چارەسەری •

لەم ڕووەوە تەنیا میری ئیتالیا سەری بەم کارانەوە نایەشێ‌و ئەمریکاش خەریکی خۆ تێ‌هەڵقورتاندن‌و پەنجە تێ‌وەردانە ، ئەوەبو تەنیا بەدوو ڕۆژ پاش سەردانەکەی باڵوێزی ئەمریکا لە روما بۆ واشنتۆن لایەنە سۆشیالیستەکان بەیان‌نامەیەکیان باڵاوکردۆتەوەو تیایدا پشتگیری خۆیان بۆ هێزی شیوعی‌یەکان‌و لە پێناوی ناچارکردنی پارتی دیموکراتی مەسیحی بۆ دەستهەڵگرتن لەحوکم دەرخست • هەروا دوابەدوای ئەویش لە گفتوگۆیەکی کارتەر لەپاریس رایگەیاند کە هەردەست درێژی‌یەك کرایە سەر دیموکراتی‌یەکان پێویستە سەرۆکەکانیان بەرامبەری هەمو داواکاریەکی چارەسەری وڵات بێ بەشداری‌کردنی دیموکراتی‌یەکان ببنەوە ، ئەمە جگە لەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیانێکی دەرکردوەو تێ‌یدا دەری بڕیوە کە نابێ هێزی شیوعی‌یەکان ج لە ئیتالیاو ج لەهەر دەوڵەتێکی‌تری ئەوروپادابێ بەشداری حوکم بکەن • سەیریش لەوەدایە ئەم کارانە ناونانێن دەستخستنە ناو کاروباری وڵاتانەوە •

لەگەڵ هەمو ئەوانەشا کاری نوندو تیژی هەربەردەوامەو دواکارێکی بەمجۆرە بەیەکداهاتنەکەی نێوان هێزەکانی پۆلیس‌و قوتابی‌یە راست‌ڕەوەکان بو لە ڕۆمای پایتەخت کە سێ قوتابی تیا کوژراو پەنجاشیان لێ‌گیرا • بەڵام قوتابی‌یەکان هەڕەشەی کوشتنی سەرۆکی پارتی شیوعی ئیتالیا « انریکو برلینگویر »یان کردوە • سەرەڕای ئەوەی پێنج لە قوتابیەکان ئاگریان بەردایە مەخزەنێکی گەورە لە ناوچەی « زینگونیا » لە شاری « بیرگامو » کەبایی پەنجا ملیۆن دۆلار زیانی داو ئەم قوتابی‌یانەش نامەیەکیان بەجێ‌هێشتبو تیایدا دەریان‌خستبو کە سەربە تیپە چەکدارەکانی کرێکاران بێ دەستنیشان‌کردنی ئەوەی راستڕەون یان چەپ ڕەون •

چاودێرەرامیاری‌یەکان وای‌ادەنێن سەرەڕای جیاوازی ئایدۆلۆژی نێوان سەرۆکی پارتی شیوعی « انریکو برلنگویر » و سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسیحی « الدومورو » هەردووکیان جوتە پاڵەوانی شانۆی رامیاری « المسرح السیاسی » ئیتالیان•

هەرئەمباره نا ئاسایی‌یە وای لە پارتی شیوعی‌و سێ پارتی تریش کرد لەپەیمانی شەش پارتە سەرەکی‌یەکە بکشێنەوەو « برلینگویر » داوای بەشداری حوکم‌بکات بی پارتەکەی یاخود هەرنەبێ بەشداری‌یان لەمەسەلەی نەخشەکێشان بۆ هاوبەشی کردنی هێنانەدی شان‌بەشانی پارتەکانی تر بکات • ئەمە ناوەرۆکی باری ئالۆزاوی ئێستایەو بۆتە هۆی توشبونی ئیتالیا بەسێ‌کێشەی سەرەکی:

یەکەم : ئالۆزوی باری ئاسایش : دانیشتوان هەست بە دڵنیایی ناکەن بەهۆی زۆربونی ڕێژەی کاری توندوتیژی بەڕێژەی « ١٠٪ ـ ٢٠٪ » لەچاو ساڵی پێودا هەروەها دوو ملیۆن کاری تۆندو تیژ رویداوەو ٧ر١ ملیۆنیان ئەوکەسانە ناناسرێن کەپێ‌ی هەڵساون •

دووەم : ئالۆزاوی باری ئابوری : ژمارەی بێ‌کاران روی لەزیادی‌یەو ئاوسان بەرەو بەرزبونەوە دەچێ بە جوری زور لە کومپانیا گشتی‌و تایبەتی‌یەکان نابوتبون‌و میری ناچارە موچەی کرێکارانی کومپانیا تایبەتی‌یەکانیش دەدات • ئەمەو (١٠) کومپانیاش لەوەدان بەتەواوی دابخرێن •

سێیەم : ئالۆزاوی باری رامیاری : ئەمەیان لە ئەنجامی دووانەکەی ترەوەیەو پێویستی بەچارەی زوبەزوبی‌یەو بە بێچاری ئەم دووانەکەی‌تر رو لە چاکی ناکەن• پێویستیشی بەمیریەکی بەهێزە بۆ خۆراگرتن‌و چەسپاندنی نەخشەی رزگاری نیشتمانی •

ئامادە کردنی
فەرەیدون حەسەن عەبدوڵڵا

Institut kurde de Paris

تکایەک

محەمەد عەلی قەرەداغی

گەلانی خواپێنداوی جیهان لە گەلێ باری ژیانەوە رێگای دوورو درێژیان کورت کردووەتەوەو بیرو زانینی خۆیان لەپێناوی کاتی مرۆڤو خزمەتی زانیاریدا خستووەتەکار • یەکێك لەو بارانە کتێبخانەو زانیاری دەربارەی کتێبو گۆڤارو رۆژنامەکانە ، کە لەو پێناوەدا کاری وا کراوە مرۆڤ لە ماوەیەکی کەمدا ئەتوانێ مەبەستی خۆی بدۆزێتەوەو ئەو کارەی ئەیەوێ بیکات مەیسەری بکات •

بەڵام ، بەداخەوە ، ئەمە بۆ کتێبو کتێبخانەی کوردی – بەتایبەتی دەسنووسی کوردی – نەکراوەو ئەو کەسەی بیەوێ لە کتێبێکی کوردی ، یان دیوانی شاعیرێکی کورد بکۆڵێتەوە بە هەزار زەحمەتو ناری عەلی ئەگەر بتوانێ بکاتە ئەوەی مەبەستییەتیو ئەو شتەی بۆی ئەگەڕێ چنگی بکەوێ ، ئەمە دەردێکی سەختەو زۆر کەسی ماندو کردووە ، منیش زۆرم لێچەشتووەو هەر ئەمەش پاڵی پێوەنام لە ژمارە (٣١٢)ی رۆژی ٨–٤–١٩٧٦ی (هاوکاری)دا وتاری « بۆ ئەبێ کەشکۆڵی شاعیرانی کورد لە سنووقە کۆنەکان دەرنەچێ ؟ » م نووسی ، هۆی ئەم دەردیسەرییەش ئەوەیە ئەو سەرچاوەو دەسنووسە کوردییانەی لەماڵو لەولا ماونەتەوەو لە لەناوچوون رزگاربووون تا ئێستا لە جێگای دیاریدا کۆنەکراونەتەوەو هەر یەکەیان یەکێك چنگی پێداگرتووەو بە ئامانو زەمانیش پیشانی کەسی نادات ••• زۆر کەشکۆڵو دەسنووسی لای خوێندەوارانو ئەدیبان هەیە بەڵام – دووبارە بە داخەوە – ئەوانیش وەك بڵێی گوناحە خەڵك سوودیان لێ وەربگرێ ، چونکە خاوەنەکانی ئێستەیان نقەیان لە خۆیان بریوەو خۆیان لەو هاوارو بانگەوازانە کردووە بەتووڵبڕو بیر لەوە ناکەنەوە بەم خۆبێدەنگکردنە زیان بە ئەدەبی کوردیو خزمەتی زانیاری بە گشتی ئەگەیەنن •

مامۆستا نەجمەدین مەلا هەوڵی زۆری داوەو خزمەتی کەلەپووری ئەدەبی کوردی فرە کردووەو دەیان بەیازو کەشکۆڵی پەرپووتو دڕاوی ژیاندووەتەوەو جارێکی تر گیانی لەبەرکردوونەتەوە ، ئەم کارە پیشەی بووەو بەشێکی فراوانی لە رۆژگاری ژیانی گرتووەتەوە • بێگومان بەو هەوڵە سەروەرییە گەلێ دەفتەری نووسیوەتەوە ، بەڵام هەر لەژیانی خۆیداو دوای کۆچی دوایی خۆیشی ئەو بەرهەمە نایابانەی پڕگۆبڵاو بوونەتەوەو هەر یەکەیان کەوتووەتە سووچو قوژبێك • کە لای مامۆستا صادق بەهادین دەسنووسی (سۆزی نیشتمان)ی مامۆستا نەجمەدین مەلام بینی کە (١٢٧٠) لاپەڕەیە ، ئەمەم بە شتێکی گرنگو گەورە زانی (لە راستیشدا گەورەیە) کەچی زۆری پێ نەچو ، کە د• مارف خەزنەدار دیوانی نالی چاپ کرد لە پێشەکییەکەیدا دەرئەکەوێ یەکێك لەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستوون (سۆزی نیشتمان)ە ، بە گوێرەی ژمارەی لاپەڕەکانیشی – وەك د• مارف دەڵێت – ئەم سۆزی نیشتمانە سۆزی نیشتمانەکەی مامۆستا صادق نیە • واتە دوور نیە مامۆستا نەجمەدین مەلا چەند (سۆزی نیشتمانی)ی کەی هەبێ • هەروەها مامۆستا نەجمەدین مەلا (ئەوەی زانرابێ) (مینای شکستە)یشی هەیە لە سێ (٣) بەرگی گەورەدا ، هەروەها (ئەوراقی پەرێشان)و چەندین دەفتەری تر •• بەڵام بە خوێنەری کورد چی ؟

ئەمانە رازو گلەیی و بیرخستنەوەن ، هیوادارم رۆژێك بێت ئەو سەرچاوانە هەموو ، لە جێگەیەکی دیاریدا یەك بکەونو هەر خوێنەرێك بیەوێت بتوانێ کەلکیان لێ وەربگرێت •

من بەش بە حاڵی خۆم ماوەیەکە خەریکی لێکۆڵینەوەی (دیوانی وەفایی)م بەشوێن سەرچاوەدا زۆر کەڕاوەو زاراوی مەینەتی ئەم برزوبڵاوی سەرچاوەی ئەدەبی کوردییەم زۆر چەشتووە ، چیم پێ کرابێ کردووەمەو لە هەر شوێنێك سۆراخی شتێکم کردبێ هەوڵی بینینیم داوەو لە هەوڵەکانم پەشیمان نیەو لە هەمووشیاندا بە دەس بەتاڵی نەگەڕاوەمەتەوە • بەڵام گومانم لەوەدا نیە کە هێشتا هەموو شیعرەکانی وەفاییم کۆنەکردووەتەوەو سەرچاوەی بەتایبەتی ئەو ناوە نەمدیبێ بەتایبەتی :

١ – کەشکۆڵی عەقیدی موتەقاعید محەمەد عەلی کوردی، کە مامۆستا نەجمەدین مەلا لە مینای شکستەدا دەڵێ کە شیعرانەی وەفایی کە لە نووسیوەتیەوە هەڵیزاردەی ئەو کەشکۆڵەنو من نەمتوانی سەرو سۆراخی بکەم •

٢ – (کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵلای گەلاڵەیی) کە لای کاك جەمال محەمەدە • مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە (پاشەکی) • (دیوانی نالی)دا دەڵێ : « **لە داوێنەکەشیەوە (داوێنی کەشکۆڵی عب – مەلا عەبدوڵلای گەلاڵە • م ، ع ، ق) پێنج خشتەکی وەفایی لەسەر پارچە شیعری گولبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووەو ••• نووسیوەتەوە »** ا• : ٧٢٨ • هەروەها مامۆستا هۆشەنگ لە پەراوێزێکی (مینای شکستە)دا ئەڵێ پارچەی (شیرین تەشی دەرنسێ)ی لەگەڵ کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵلای گەلاڵەدا بەراوردکردووە •• جارێك چووم بۆ لای کاك جەمال بەختم یار نەبوو نەمدی • زۆریشم خەڵك بۆ لا راسپارد لەوانە : کاك صەباح غالیبو کاك پشکۆ •• بەڵام هیچم چنگ نەکەوت •

لێرەدا وەك دوا موحاوەلە ئەم (تکایە) ئەکەم کە ئەگەر هەرکەس هەرشتێکی وەفایی لە : شیعر ، زانیاری دەربارەی ژیانیی ، کۆچی دوایی یان هەر بابەتێکی تر لا هەبێ یارمەتیم بدات زۆر جێگەی شانازییەو بەمە خزمەتی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ئەکاتو دەسبارەی خۆی ئەخاتە سەر خەرمانی سامانی ئەدەبی کوردی • بە تایبەتی کە ئێستە دیوانی وەفایی ئامادەی چاپەو **کۆڕی زانیاری کورد** بڕیاری لەچاپدانی داوەو بەمزوانە ئەخرێتە ژێر چاپ •

ئیتر چاوەڕوانی هیممەتی مەردانەی هەموو ئەدەبدۆستێکم •

تێبینی : هەرکەس بیەوێ یارمەتیم بدات ئەتوانێ بەهۆی رۆژنامەی هاوکاری • یان کۆڕی زانیاری کوردەوە شتم بۆ بنێرێ •

بۆ احمد فۆاد نجم و «عزة»ی خۆشەویستی

هەوالی رۆژنامەکان رایان گەیاند : احمد فوءاد نجم شاعیری گەلی میسر خرایەوە بەندیخانە ، ئەمجارە بەگوناهی ئەوەی ••• لە بەندیخانە بەرەڵا کراوە !!

– شیعری عبدالله عەباس –

« عزة »(١) شەوێ ، کەشکۆڵی کۆچی هەڵگرتو ••
چوە ، دڵی شێتی « ئەحمەد »
دنیا هەمووی گەردەلول بوو ••
(ناخ ئەی « عزة » چیهێناتی ؟
ئەم شاعیرە شێتە ناخی دڵی پڕیەتی لە هەزار دنیا ، تۆش دنیایەکی •••
بەتەنیا ، دڵنیکت ئەوێ ، چیهێناتی ؟!)
– هەموو دنیا لەناو دڵی
ئەم شاعیرە شێتەدایە ••
بەڵام ، هەموو ئەم دنیایە لەناو دڵیا ••
جێی حەزی من ناگرێتەوە •••
حەز هینامیو •• خۆشم ئەوێ ••
چونکە ، دنیاو گشت هەژارەکانی دنیا ئەپەرستێ ••
خۆشم ئەوێ ••

خۆم وام ئەویست ،
یەك یەك ، خەڵکی شارم گرتو
پێیانم وت : خۆشم ئەوێ
چەندە شیعری خۆی خۆش ئەوێ ، چەندە هەژارەکانی سەر ئەم دنیایەشی خۆش ئەوێ
من هەزار جار ، لەوەزیاتر ، خۆشم ئەوێ
کە بۆی گەرام •••
پێیان وتم :
« بەرێی برسیەکانی ئەم شارەدا برۆو بەری بدە ،
لە منالەکان بپرسە ،
لە ئەخۆشەکان بپرسە ،
لە نافرەتە رەش پۆشەکان پرسیاربکە ••• »
هاتم ، پرسیم :
پێیان وتم :
– قەدەغەیە سەئەر بکا ، قەدەغەیە قسە بکا ، قەدەغەیە پێبکەنێ(٢)
ئیتر هاتم ••
هاتمە ناو دڵە هیلاکە قەدەغەکەی •••
کە چومە ناوی ناویەوە ••
لەورۆژەوە ، لەباردەمی هێزی عەشقی هەردووکمانا
ئەو زیاتر قەدەغە ئەبێو
منیش زیاتر خۆشم ئەوێ •
– شوبات ١٩٧٨ –

(١) « عزة » ناوی خێزانەکەی شاعیری گەلی میسر (احمد فوءاد نجم) •
(٢) لە پارچەیەك شیعری « احمد فوءاد »یەوە •

نامەکانی کۆڕی زانیاری مل کەچن

د• کوردستانی گیوی موکریانی

بەرەو شاری خامۆشان ، بەرەو ئەو پارچە زەویە پیرۆزەی ، کە تەنی بابە گیانی گرتۆتە ئامێز بە هەنگاوی خێرا دەڕۆیشتم •

بابە گیان !

بەیانی جێژنی قوربانە وا بەم بۆنەیەوە بەم پاییزە سەختە دەستێك گوڵی هەڵیزاردەم بۆ هێناوی • لەو چەشنە گوڵانەی ، کە مێزی نووسینم بۆت بێ دەرازاندەوە • لەو کولیلکانەی هائینێ هەموو رۆژێ پێکرا ئاومان دەدان •

هەستە بابە گیان

دە هەستە دڵسۆزترین هاورێی سەر گێتیم دڵی چووکەم ئازار مەدە و مەشکێنە ئەم گوڵانەم لێ وەرگرە ••• ئۆی ••• لەگەڵ کێمە ••• گۆر کەپ و خامۆشە بابە دوا نووستنێتی، دوا ماڵ ئاوایی و دوا کۆچ کردنێتی •

دەستە گوڵم ئەو چەپکە گوڵانەی هێناوە ببیرم ، کە لە رۆژی چلەی ماتەمیندا نووسەران و نوێنەرانی داو و دەستگایان پێشکەشی بابەیان کرد • دەنێو هەموویاندا وتەکەی کۆڕی زانیاری کوردم هاتەوە یاد بۆ ؟ چونکە بابە کەسەری وانی بردە ژێر گڵ • کە بابە کۆچی کرد تەنێ لە کۆر بە دڵشکاوی ماڵ ئاوایی کرد • وا ئەمرۆ ئەم وتە رازاوەیە کۆر بە بابە چی دەبەخشێ ؟ چ ڕاژەیەك پێشکەش بە وشەی کوردی دەکا ؟•• گەر ئێستە بابە لە توانا و وزەیدا هەبا تکای لێ دەکردم ، کە لە سەر گلکۆشی بە هەست یادی کۆڕی زانیاری نەکەم • بە زار نێوی کۆر نەبەم ، دڵ و دەرونیشم بۆ ئەو نێوە نەچێ •••

بابە گیان • ببورە ناتوانم باسی نەکەم ، چونکە نامەکانی کۆڕ ، کە پڕن لە بەڵێن بۆ چاپکردنی « فەرهەنگی نۆبەرە »ت وان لەلام

ملکەچن ، چونکە خاوەنەکانیان نێوەڕۆکی ئەو نامانەیان نەهێنا دی •

نامەکانی کۆر وەکو خۆتن نایانەوێ بە سەرشۆڕی بژین • دەڵێی هەوارێکی پڕ هاوارن ، بۆیە هەر چەندی تەماشایان دەکەم ودەیان خوێنمەوە وشەکانیان هاوار هاواریانە تکام لێ دەکەن ، کە بەردەیان لە روو هەڵدەمەوە بە خوێنەرانیان بە ئاسین بدەم • جا بابە گیان گەر رێم پێدرا وە لە داهاتوودا بەم ئەرکەی سەرشانم هەستام تکایە رەوانی پاکت لێم زوێز نەبێ ••

چیرۆکی نوێی کوردی وچەند سەرنجێك

ناشکرایە چیرۆکی نوێی کوردیمان بە قۆناخێکی ئێجگار ناسکدا تێدەبەرێتو زیاتر لەگشت وەختێك پێویست بەشی کردنەوەو لێکدانەوەی وردو زانستی دەکات ، بۆ ئەم مەبەستەشی چەند پرسیارێکی سەرەکیو گشتیو هاویەشی هەیە چاکتر وایە چیرۆك نووسەکان خۆیان وەڵامی بدەنەوە تا لە ئەنجامدا پوختەیەکی وەڵامەکان تێکەڵاوبکرێنو ببنە سەرمتاو بنچینەیەکی بەهێزی لێکۆڵینەوەی داهاتوو ، وا لێرەشدا دەقی سەرەنجەکانی (عبداللە سراج)ی چیرۆك نووسەتان دەخەینە پێش چاو :

کاك عبداللە لەبارەی چیرۆکی ئەمڕۆمانەوە دەڵێ : ئەو چیرۆکانەی کە بەڵاو دەکرێنەوە بە زۆری مۆرکی گشتیان پێوەیە واتە هەر هەمان بابەت لە ئەدەبی دراوسێو بێگانەدا نموونەیان زۆرە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەیەك چوونی یەکیەتی ئازاری رۆشنبیرانو لەیەك چوونی زرووفی کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئابووری بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەو لاسایی کردنەوەیەیە کە دەقاو دەق پەیڕەو دەکرێت بێ ئەوەی شەقڵێکی خۆماڵیو بۆنو بەرامەو گیانی کوردەواری پێوە لکابێت ، مەگەر بەدەگمەنو تاکو تەرا نموونەی چیرۆکی سەرکەوتووی نوێو خۆماڵیو رەسەن بەرچاو بکەوێت ، بەڵای منەوە بێجگە لە ناوەڕۆك تەکنیك شتێکی تریش هەیە لەو دووانە کەمتر نییە ئەویش (گیانی) چیرۆکەکەیە کە رەگی لە زەمینەی نەتەوەکەماندا جێگیر بووبێ ، بێگومان هەر چەندەش ئەم رواڵەتە سەلبیە کە زەقو کوتومت رەنگدانەوەی هەندێ ئاسمانەی کافکاو لاسایی کردنەوەی هەندێ تاقیکردنەوەی چیرۆك نووسانی رۆژئاوایە دیسان بە رواڵەتێکی ئیجابی دەزانم بۆ گەشەکردنو پەرەسەندنو خەملاندنی چرۆی چیرۆکی کوردیمان لە نزیك بوونەوەی لە ئاسۆی جیهانی • بەڵام دەبینین لە ناوەڕۆکدا پاڵەوانەکان لە تەونو ژانو باری سایکۆلۆژی وادا دەژین کە ئاستی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاریمان بواری دروستبوونی ئەو جۆرە پاڵەوانانەی نەداوە یانیش بە واتایەکیتر ، رفتارو هەڵسو کەوتو هەڵویستیان نارەسەنو لاسایی کردنەوەی پاڵەوانێکی سەر بە زرووفێکی تایبەتیە ، سەرەڕای ئەمانەش بۆم هەیە بڵێیم کە چیرۆکی نوێی کوردی هەیەو خۆی سەپاندۆتە سەر ژیانی ئەدەبیمان •

سەبارەت تەکنیکی چیرۆکی کوردی کاك عبداللە دەڵێ :

چیرۆکی کورت جۆرەها تەکنیکی هەیەو دەرگاشی لەسەر پشتە بۆ پشکنینو داهێنان ، ئەو شێوە تەکنیکانەی کە لە چیرۆکی کوردیدا بەرچاو دەکەون ئەمانەن : تەکنیکی ئاسایی ، تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناوەوە بە هەموو شێوەکانی ، مۆنتاژ کردنو تێکەڵبوونی جێگاو کات ، بەکارهێنانی زمانی شانۆو نیگار ••• هتد کە زۆریان لەسەر نووسراوەو شیکردنەوەیان دەرفەتێکی دوورو درێژی دەوێت بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا دەری ببڕم ئەوەیە کە هەندێ چیرۆك نووس هەر بو ئەوەی خوی بە نوێخواز دابنێت کوتومت تەکنیکی چیرۆکێکی بێگانە هەڵدەبژێرێتو ناواخنێکی بۆ دروستدەکات لە لایەکی ترەوە هەندێك بۆ ئەوەی خۆیان بە بلیمەتو کارزان نیشان بدەن جۆرەها رەمزو ئەفسانەی ئاڵۆزو تێکەڵو نەگونجاو بەکار دێنن کە سەر لە خۆیو خەڵکیش دەشێوێنێ وا بزانم (کۆکتۆ)یە کە دەڵێت : **گرنگ ئەوە نییە شتێکی ساکارو ئاسایی بەشێوەیەکی خەستو ئاڵۆز دەربڕێت ، بەڵکو هونەر لەوەدایە کە شتێکی پڕماناو خەست بە شێوەیەکی ساکارو ئاسایی دەربڕێت ، دیاردەیەکی تریش هەیە لە گۆڕەپانی بەر بەتاکی ئەدەبەکەمان ئەویش ئەوەیە کە چیرۆك نووسێکی کارامەو بڕژانو موعانات چیرۆکێکی تازەی هێنایە کایەوەو دەستەبەجێ دەکرێت بە سەرەمشقو وەك دارتاش هەندێك لاسایی دەکەنەوە بە جۆرێك دەنگی داهێنەری راستەقینە لەناو گەرەلاوژەکەدا ون دەبێت •**

بەڵای منەوە چیرۆکی هونەری بەهیچ کۆچێك تەکنیکی نوێ نییە ئەگەر ناوەڕۆکێکی پووچو بەتاڵ بڕازێنێتەوە ، بە پێچەوانەوەش تەکنیکو ناوەڕۆکو (گیانی) چیرۆکەکە جیابوونەوەیان بۆ نییە • دوا پرسیارمان لە (عبداللە سراج)ی هونەرمەندو چیرۆك نۆوس لە بارەی رەخنەی ئەدەبیەوە ، ئەویش لەو بڕوایەدایە کە گرفتی نەبوونی رەخنەی زانستی بۆتە گرێکوێرە بۆیە هەمیشەو لە هەموو لایەکەوە داوای رەخنە دەکرێت بەڵام ئایا بەویستنی تۆ یان من رەخنە دێتە کایەوە یان زرووفی مەرزووعی خۆی دروستی دەکات ؟؟ ئەوەش دەخەمە پێش چاو کە هەر بەرهەمێکی رەسەنی هونەری خۆی لە خۆیدا تۆوی رەخنەی خۆی هەڵگرتووەو تەنها چاوەڕوانی شیتەڵکردنو بژارە ، کەوابوو چیرۆکی نایابو سەرکەوتوو شێوەی (سیوەیل) نەمری خۆی دەپارێزێت ، ئەو نووسینانەی کە ناوی رەخنەی لێ دەبەن نەبوونی چاکترە چونکە لەسەر سێقۆچکەیەکی لە رزۆکو راوەستاوە ، رەشکردنەوەی چەند لاپەڕەیەك ، خۆ هەڵسوین لەو ئەڵماسنگە گرتن لەو ، خۆ بە (فرەزان !!) نیشاندان ، بەکارهێنانی هەندێ وشەی قەبە بەهیچ جۆرێك بە رەخنە دانانرێن ، رەخنە گرتن داش بەداش نییە کە من لەسەرت بنوسم تۆش دەبێ باداشتم بدەیتەوە یان کە رەخنەم لە بەرهەمێکت گرت دەستبەجێ خۆت لە بۆسە بگرێت بۆ ئەوەی داو بۆ بەرهەمێکم بنێیتەوە ، هەروەهاش رەخنە زیوان نییەو ئاوی گولەگەنم بخواتەوە ، هەر وەکو دەڵێن رەخنە پاشکۆی بەرهەمە هەر بۆیەش خاوەنی داهێنانو هونەرێکی تایبەتیەو سوارچاکی خۆیو رەبازی لەسەر بکات بە جۆرێك ئەوەندەی تر بهاوێتە سەر سامانو گەنجینەی ئەدەبیمانو پەردەش لەسەر جوانیو نادیاریەکانی کۆمەڵ هەڵبداتەوە •

ئامادە کردنی :
سەلام محەمەد

دووەیلەك

فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

– ١ –

لە پەنجەرەی کۆشکێکەوە
تیرێك دەستی
بەوورگی خۆیا ئەهێناو
ئەی ووت : سەیرە هێجگار سەیرە
چۆن لەنێنان ••
ئەبێتە ئەنیا درووشمێ
بو شرشی برسیەکان •••؟

– ٢ –

دنیا شاو بوو
برسیەکیش لەکەلاوەیەکی کۆنا
بەناگا هات
سەری هەڵبڕی بۆناسمان
مانگی لێبوو بەلەتێ نان

سالی نوێ

ڤالنتین سۆرۆکۆن
نەژاد
کردویە بە کوردی

دەمەو ئێوارەی سالی نوێ
وەك هانگی سەر سەهۆڵبەندان
سەری باپیرەم ، دەڵێی بە شەکر داپۆشراوە ••
درەختە سەوزەکانی پاڵ شورە بچووکەکە دەبینم ،
لە ئەندێشەیێکی نادیاردا ونن !!

★ ★ ★

شادیو شەکەت بوون •• نووستوو ، نوقمی خەو
شار هیمنە ، پێلوەکانی لێك ناوە •••
تەنها لە هەندێ کات نەبێ ،
کە فرەڤڕی شەمەندەفەر
جوانی ئاسۆی سالی نوێ دەشێوێنێ •••

Institut Kurde de Paris

سەرۆك البكر سوپاسنامەیەكی لە میری كوێتەوە پێگەیشتوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بروسكەیەكی سوپاسنامەی لەپایە بلند (الشيخ جابر احمد الجابر الصباح) میری دەوڵەتی كوێتەوە لەوەڵامی ئەو بروسكەی پیرۆزبایەدا پێگەیشتوە كە سەرۆك بەبۆنەی بیرەوەریی جەژنی نیشتمانی كوێتەوە بۆی ناردبون ٠

ئەمەش تەواوی بروسكەكەیە ٠٠

برای بەڕێز سەرۆك احمدحسن البكر سەرەك كۆماری عیراق ٠

بەدەستی برایان بروسكەكەی ئێوەی بەڕێزم پێگەیشت كە پیرۆزبایی جەژنی نیشتمانت تیا لێ كردبوین ، من دەستی ڕێز لەو هەستی برایەتیە ڕاستەقینەیە دەنێم كە تیاتاندانیشان دابو بەناوی خۆم و حكومەتی كوێت و گەلی كوێتەوە سوپاسێكی بێ پایانتان دەكەین و داواكاریی بێوەیی و خۆشی بۆخۆت و پێشكەوتنێكی زیاتر بۆ گەلی عیراق دەكەین ٠ خوابتان پارێزێت و چاودێریتان بكات ٠

براتان
جابر الاحمد

●

میوانداری كۆشكی كۆماری

دوێنی بەیانی بەڕێز جان بییر فوركاد ئەندامی ئەنجومەنی پیران و راوێژكاری سەرۆكی فەرەنسا و مارشالی فرۆكەوان ئا٠ چ٠ ملكاثكر سەرۆكدەی هیزی ئاسمانیی هندستان چونەتە كۆشكی كۆماری بەو بۆنەیەوە كە سەریان لەوڵات داوە ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندا ریدا تۆمار كردوە ٠

هەروەها بەڕێز ذیاب محمد السلطان بالوێزی عیراق لە كۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیستی و دكتۆر رشید محمد سعید الرفاعی بالوێزی عیراق لە بەلچیكا و دكتۆر فائق امین مخلص بالوێزی عیراق لە كەنەدا چونونە كۆشكی كۆماری و بۆ دوعاخوازی گەرانەوەیان بۆ جیگای كاریان ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندا ریدا تۆمار كردوە ٠

هەروەها بەڕێز اسماعیل حمودی دانراو بە بالوێزی عیراق لەكۆماری جیبوتی چونە كۆشكی كۆماری و بو دوعاخوازی ڕویشتن بۆ شوێنی كارە نوێكەی ناوی خۆی لە دەفتەری میواندا ریدا تۆمار كردوە

هەروەها بەڕێز حسام یحیی زكی بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنان و پەخش كردنی وزەی كارەبا چونە كۆشكی كۆماری و بۆ دوعاخوازی سەفەركردن بۆ دەرەوەی و كۆماری و بۆ دوعاخوازی سەفەركردن بۆ دەرەوەی ولات ناوی خۆی لە دەفتەری میواندا ریدا نوسیوە ٠

بەڕێز عزة ابراهیم سەرۆكایەتی كۆبونەوەیەكی كردوە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەو كارانەی پەیوەندییان هەیە بە نەخشەی كشتوكاڵەوە

دوێنی بەیانی بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و سەرۆكی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكال سەرۆكایەتی كۆبونەوەیەكی بەریوەبەرە گشتی یەكانی وەزارەتی كشتوكال و چاكردنی كشتوكالی كردوە كە لە دیوانی وەزارەت پێك هێنرابو بۆ لێكۆڵینەوەی ئەو ئەركانەی كە پەیوەندیان هەیە بە نەخشەی كشتوكالی بەرنامەی بەرهەم هێنانی ئەم ساڵی كەرتی كشتوكالەوە ٠

لە كۆبونەوەكەدا بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری كشتوكال و چاكردنی كشتوكال و هەندێك لە ئەندامەكانی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكال بەشداربون ٠

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و سەرۆكی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكال ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە پێویستە ژمارەو زانیاری تەواو لەبارەی كەرتی كشتوكالەوە پێشكەش كەین و بدەین بەدەستەوە هەمرو هەڵەو كۆسپ و گیروگرفتێكی ڕەوتی كشتوكال بخەینە بەرچاو خۆمان لەگەل ڕەخنە لە خۆگرتندا رابهێنن ٠

هەروەها وتی ٠٠ ئەو كەسانەی ڕەخنە لەخۆناگرن و لە كۆبونەوەكانی ئەنجومەندا هەڵەكانی خۆیان پێش چاو ناخەن بەتوندی موحاسەبە دەكرێن ٠

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكال ئەوەشی دووپات كردەوە كە كۆبونەوەكانی كەرتی كشتوكال بۆ مەبەستی ئەوەیە كە بەشێوەیەكی كۆمەكی لە هەڵەكان بكۆڵرێتەوە ، بۆ ئەوەی لە لایەن تەكنیكیكانەوە چارەسەر بكرێن و لەماوەكانی تردا كەلكیان لێ وەرگیرێت و بەر چاوە تەماشا بكرێن وەك لە سەركەوتن و شارەزایی نوێ دەكۆڵرێتەوە ٠ دوایی داوای لە بەرپرسیارەكانی كەرتی كشتوكالی كرد كە هەمرو بەچاكی ئاگاداری زانست و جالاكی تایبەتی دەزگاكانیان بن ٠

لە كۆبونەوەكەدا بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری كشتوكال و چاكردنی كشتوكال قسەكردو لە قسەكانیدا ئەوەی دووپات كردەوە كە پێویستە ئەوپەری هەوڵو تەقەللابدرێت بۆ ئەوەی ئەركەكانیان بەجێ بگەیەنن بەتایبەتی ئەو ئەركانەی پەیوەندیان هەیە بەو نەخشەیەوە كە بۆ ئەمسال بریاردراوە ٠

چەند پرۆژەیەكی نوێ لە ناوچەی كوردستاندا

ئەمیدارێتی گشتیی بەڕیوەبردنی كار و خانەسازی ناوچەی ئۆتۆنۆمی موناقەشەی كۆمەڵی پرۆژەی لە ناوچەكانی ئۆتۆنۆمیدا خستۆتەكایەوە كە سەرجەمی ئەو پرۆژانە ٣٤٧ هەزار ٧٩٧ دیناریان تێدەچێت ٠٠

ئەو پرۆژانەش بریتین لە دروست كردنی سەرای زێیارو عەمارێك بۆ بەروەردەو پارەگای گومرگ لە حاجی هۆمەرانی سەر بە پارێزگای هەولێرو مەلبەندێكی قەلاچوكردنی سیل لە پارێزگای دهۆك و مەلبەندێكی تەندروستی لە بیارەی پارێزگای سلیمانی ٠

وەلەلایەكی تەرەوە ئەمیدارێتی ناوبراو موناقەشەی دروست كردنی باشێكی ناوخۆ لە هەولێرو عەمارێك بۆ بەڕیوەبەرایەتی بەروەردەی پارێزگای سلیمانی و مەلبەندێكی چاودێری دایكایەتی و منداڵان لە ئامیدی پارێزگای دهۆك خستۆتە رو ئەم پرۆژانەش ١٨٥ هەزار دیناریان تێدەچێت ٠

لە بیرەوەری ئامەزراندنی یەكێتی قوتابیانی كوردستاندا

میهرەجانی شیعر و پیشانگای پۆستەری سیاسی قوتابیانی كوردستان لە هەولێر

دوێنی ئێوارە ، بەسەرپەرشتی بەڕێز محمد امین محمد ئەمینداری گشتی كاروباری ناوخۆیی ، سەكرتێری ڕۆشنبیری و راگەیاندنی مەركەزی یەكێتی قوتابیانی كوردستان میهرەجانێكی شیعری بۆ قوتابیان ساز كرد ، كە (١٢) قوتابی شاعیری كوردو عەرەبو توركمان و ئاسوری بەشداریان تیاكرد ٠ ئەمەش لە چوارچێوەی ئەوەی ئامەنگانەدا كە یەكێتی بەبۆنەی بیرەوەری (٢٥) ساڵەی دامەزراندنی یەكێتی یەوە ئەیانكێڕێ ٠

هەر بەم بۆنەیەوە بەڕێز هەڵویستێكی سازاندنی خۆ بەدەستەوە دەرەكان ٠

ئەوەی شایانی باسە ، لە مەبەستی قوتابخانەكانی پارێزگای هەولێردا ئاهەنگ گێران تا كۆتایی ئەم مانگە بەردەوام ئەبێت ٠

پ٠ هاوكاری لە هەولێر

لە چالاكیەكانی بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی

سەبەینێ لیژنەی ڕۆشنبیری ، لە بەڕیوەبەریتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی ، پێشانگایەكی پۆستەری لە هولی قوتابخانەی ئامادەیی كوردستان سازكرد ٠ پۆستەرەكان لەسەر شیعرەكانی كاك « دلشاد محمد امین » دروست كراونو ژمارەیەكی زۆری جەماوەری هونەرو ئەدەب دۆست ئەم پێشانگایەیان بینی ٠

پ٠ هاوكاری

وەزیری پیشەسازی داوای چاكردنی جۆری بەرهەمی نیشتمانی دەكا

دوێنێ بەڕێز محمد عایش ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و وەزیری پیشەسازیی و كانزاكان سەرۆكایەتی كۆبونەوەیەكی ڕاوانی بەڕێوەبەرە گشتی یەكان و بەڕێوەبەرانی هەلبەندی مەشق و بەڕێوەبەرانی بەشەكان و سەرۆكەكانی لیژنە نیقابیەكانی دەزگا گشتی یەكانی پیشەسازیی ئەندازیاری كردوە ٠

لەسەرەتای ئەوكۆبونەوەیەدا كە لە دیوانی وەزارەتەكە بێكهاتبو ، ئەوەی دووپات كردەوە كە پێویستە پلەی بەرهەمو جۆری بەرهەمە نیشتمانی یەكان بەرەوچاكی ببرێت تا جیگای دیارو شیاوی خۆی لەناو پیشەسازیە جیهانیەكاندا بگرێت و داوای كردوە كە كەلك لە كات و وزەی كرێكاران وەربگیرێت بۆ خزمەتی كاری بەرەبێدانی بەرهەمهێنان و بەرزكردنەوەی رادەی وزەی كاری كرێكاران

لە كۆبونەوەكەدا گفتوگۆ دەربارەی نەخشەی بەرهەمهێنانی هەندێ لە كۆمپانیاو دەزگاكان كراوە ، لەگەل ئەوگیروگرفتانەی لە ڕێگایاندایە لەوبارەیەوە بەڕێز وەزیری پیشەسازیی ئامۆژگاری خۆی پیشكەش كردوە بۆ چارەسەركردنی ئەو گیروگرفتانە لەگەل پلند كردنەوەی ئەو ئامۆژگاریانەی پێشنیاركراون بۆ كاربەدەستان لەو كەرتانەدا كە پەیوەندیان بەمەسەلەیەوە هەیە ٠٠ لەو كۆبونەوەیەدا كە بەڕێز قاسم احمد تقی جێگری وەزارەت بۆ كاروباری دەزگاكان و بەڕێزان علی الحمدانی سەرۆكی دەزگاكەو بهجت محمد سەرۆكی دەزگای گشتیی نەخشەو بنیاتنانی پیشەسازی بەشداریان تیاكردبو بریار دراوە كە ٩٠ خانوبەرە بۆ كارگێرانی كۆمپانیای گشتیی كابلۆتەل لە ناصریە بنیاتبنرێت ٠ هەروەك چەند بریارێكی تریش دراوە بۆ خیراكردن لەبەجێگەیاندنی پرۆژە پیشەسازیكانداو خۆ قوتاركردن لەوگیرگرفتانەی كە لە هەندێ لە كۆمپانیاكاندا هەیە وەكو دابین كردنی ئۆتۆمبیل بۆ گواستنەوەی كرێكاران و زیادكردنی خزمەت گوزاری پزیشكی بۆ ئەوانەی لەوكۆمپانیانەدا ئیش دەكەن ٠

هەروەها بریاری ئەوە دراوە كە دەزگای وەزارەت هەمو مانگێ راپۆرتێ بخاتە پێش چاوی وەزیر دەربارەی نەهاتن و دواكەوتنی كرێكاران لەكار ، واچاوەروان دەكرێت

بروانە ل ٧

كۆبونەوەیەكی كرێكاران لە دهۆك

دوێنی یەكێتیی نیقابەی كرێكاران لە پارێزگای دهۆك كۆبونەوەیەكی كرێكارانەی كردوە بۆ باسكردنی ئەو كوسپ و گیروگرفتانەی ڕەوتی بەرهەم هێنان دەگرن ٠

لە كۆبونەوەكەدا بەڕێز یحیی محمد رشید پارێزگاری دهۆك بەشداربوەو داوای كردوە كە جۆری بەرهەم هێنان بەرەو چاكی ببرێتو پشت بە ئوسلوبی دیموكراتی ببەسترێت لە مامەلەكردن لە گەل داو ولاتیانداو لە چارەسەركردنی گیرو گرفتەكانیاندا دوای ئەوە لە نەوەكەدا گفتوگۆ لەبارەی چاكردنی بەرهەمەو زیادكردنیەوە كراوە ٠

ئا٠ د٠ ع٠

له بارەی كۆڕەكەی ئەم دواییەی ئیزگەی كوردیەوە

نەمین شوان

پێرار ئەم دەوروبەرەبوو كە كۆڕەكانی بەرهەمهێنان گیرانو بوون بەنیشانەیەكی رەفتاری دیموكراتیانە لە پێداچوونەوەی رەوتو كردارو دەسكەوتداو بوون بە « بوار » یك كەتێیدا كەلكداروبێ كەلكو نیشكەرو نەكارە دەركەوتن ، كۆمەلانی خەلكیش ئەمەیان بەدیاردەیەكی زۆر بەرچاو دانا لەرەوتی ولاتەكەماندا ٠

ئەمسالیش گەلێ دامودەزگای دەولەت ، لەسەر هەمان ڕێبازو گیانی كۆڕەكانی پێرار ، كۆمەلە كۆڕێكیان بەست بۆ پیاچوونەوەی رەوتی رابردوو نەخشەكێشانی كاری دوارۆژیان ٠

لەكۆڕەكانی ئەمسال ، ئەو كۆڕەی ئیزگەی رادیۆیی كوردیی بەغدا بەستی بۆ ڕۆشنبیرە كوردەكان ، كەبەرلەوە چەندین هەنگاوی باشی بۆ را وەرگرتنو گوێ گرتن لە بیروڕای ئەو روشنبیرانە نابو ، بەیەكێك لەرەفتارە دیموكراتیانە راستەكان دەمێژرێ لەم بوارەدا ٠

رادیۆ ، بێگومان ، یەكێكەلە ئامرازە هەرەسەرەكیەكانی راگەیاندن لەزۆر ولاتدا ، وەكو ولاتی ئێمە ، ئامرازێكی تێگەیاندن وكات رابوردنیشە ، سەرەڕای ئەمە دەورێكی یەكجار گرنگی لە مەیدانی دەولەمەندكردنو پەرەپێدانو گەشەكردنی فولكلۆرو كەلەپوری میللیدا هەیە ٠ بۆیە هەموو ئەوانەی بەتەنگەوەن كە ئیزگەی كوردی ئەركەكانی سەرشانی خۆی بەشێوەیەكی باش و بێكەلەبەر بەرێتە سەر زۆر بە شادیەوە پێشوازیان لەمەدەس پێشكەریەی كاربەدەستانی ئیزگە كرد ، بەتایبەتی ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری راگەیاندنو بەوردی گوێگرتنی لەبیروڕای ڕۆشنبیرانو ئەوانەی بەیوەندیان بە مەسەلەكەوە هەیەو ، ئالوگوڕكردنی بیروڕا لەگەلیاندا بایەخێكی زۆری دا بە كۆڕەكە ٠

لەمەیدانی هونەری گورانییدا ، بەلای منەوە

بروانە ل ٧

سەرنج :

ئەوە بە خوێنەرانی بەڕێز ڕائەگەیەنینەوە كە هەر نامەیەك بگاتە ئەم گۆشەیەو ناوو ناونیشانی تەواوی لەگەل نەبێ ، ناچار ئەبین پشت گوێی بخەین ٠ ئەوەی ئەیەوێ گیروگرفتەكانی كۆمەڵانی خەلك بەرچاوخات بەمەبەستی چارەسەركردنیان ، خزمەتی سوودی گشتی ئەكات ، لەبەر ئەوە پێویست بەسەل كردنەوە ناكاتو ئێمە ئامادەین هەموو گیروگرفتی كە بەرچاوخستنەكەی لەو گیانەوە هاتبێ (بەتەنگەوە هاتنی سوودی كۆمەڵانی خەلك) بڵاوی بكەینەوە ٠

ـ نووسەر ـ

● فرۆشگای قەلادزێو پاشەكەوت بۆ « فەرمان بەران » و گوێ نەدان بەخەلك !! بۆچی ؟

كاك « پیرۆت احمد رۆستم » لەشاری قەلادزێ نامەیەكی نووسیوە ئەلێ رۆژێ رۆشتم بۆ فرۆشگای قەلادزێ ، قاپی شوشەی نانخواردن هاتبوو ، ویستم بكڕم ، كە چی فرۆشیارەكە ووتی تەنیا بۆفەرمانبەران هاتووەو بەنووسراوی ڕەسمی داوایان كردوە ، ئەم هاوولاتیە ئەلی نەك هەر ئەوە بەلكو داوای « فۆزی » چام كرد ٠٠ هەر هەمان وەلامم درایەوەو ٠٠٠ هتد ٠٠

ـ ئایا ئەمە ڕاستە ، ئەگەر فەرمانبەران هەمووشت بۆ خۆیان بە نووسراوی ڕەسمی داوا بكەن ٠٠ ئەی خەلك شتومەك لە كوێ بكڕێ ؟! ئایا فرۆشگای قەلادزێ وەلامێكی لایە ؟!

● بۆ بەردەم شارەوانی « دهۆك »

هاوولاتی (كۆڤان عزت) لە ئامادەیی برایەتی لە پارێزگای دهۆك ئەلێ

كاوە ٠٠ ناقە شەقامێكە لە دهۆك ، جێگای هاتۆچۆ كردنی خەلكی هەمووو پارێزگاكەیە ، بەلام سەیری ئەو جێگایە ئەكەین كە دەكەوێتە بەرامبەر فرۆشگا قەلە بالغترین شوێنە لە دهۆك ٠٠ چونكە نزیكی بازاری سەوزایی یەو ژنو مێردو منالو هەموو كەس لەو شوێنە خر ئەبنەوە بەلام جێگایی سەرسوڕمانە كە (رصیف) ەكانی شەقامەكە (١٫٥) م ٠٠ كەچی چەند كەسێ كورسیان داناوەو جایی ئەفرۆشنو ڕێگای هاتو چوی خەلكیان گرتوە ٠

● خۆزگە شارەوانی (دهۆك) چاری ئەم مەسەلەیەی ئەكرد ٠

گەرەكی گنكەند لە هەولێر

● گەرەكە كەمان نزیكەی (٧٠٠) ماڵەو كەوتۆتە نێوان دوو جۆگەلەوە كەزستان ناوی زۆری پیا ئەڕوات ٠ لەبەر ئەوە بەزستانان هاتو چولەو گەرە كە زەحمەت ئەبێ هەتا خاوەن ئۆتۆمبیلی كرێ لە ناوشارەوە بۆ گەرەكەكەی ئێمە پارە زیاتر لە شوینەكانیتر وەرئەگرێ ، پێشنیار ئەكەم یان جۆگەلەكان پڕ بكرێنەوەو كۆڵانەكان چەوریژ بكرێن یان بردیك دروست بكەن ٠

فەضیل رسول شیخە نەقار ـ هەولێر

گەرەكی گنكەند

ئەم نامەیە :

● ئەم نامەیەی قوتابی « منصور عبید » ئەخەینە بەرچاوی لێپرسراوانی قوتابخانەی پیشەسازی ٠

نامەیەك لەدەربەندیخانەوە :

● هاوولاتی كریم احمد صالح لەقوتابخانەی ئامادەیی دەربەندیخان نامەیەكی نووسیوە ، تیایدا ، باسی زۆر گیروگرفتی شارەكەی كردوە وەك بێ ئاوی و بێ هێزی ئارەباو بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە ، ئەوەیە ، دەربارەی نەخۆشخانەكەی دەربەندیخان نووسیویەتی ئەلی (كاتێ روئەكەیتە

بروانە ل ٧

« هاوكاری » و كۆمەڵانی خەڵك

٧٠٪ی قوتابیانی پیشەسازی سلیمانی لە دەرەوەی شار هاتووین ، زوربەمان كوڕە هەژارین ، لە مانگی ١٠ی ساڵی رابوردوەوە بەردەوام داوا ئەكەین و تا ئێستا پارەی مانگانەمان نەدراوەتێ كە مافی خۆمانە ، لەبەشی ناوخۆش وەرنەگیراوین ، زوربەمان لە ئوتیل ئەخەوین ، لەبەر ئەوە پشونادەین ٠

● ئەم نامەیەی قوتابی « منصور عبید » ئەخەینە بەرچاوی لێپرسراوانی قوتابخانەی پیشەسازی ٠

نامەیەك لەدەربەندیخانەوە :

● هاوولاتی كریم احمد صالح لەقوتابخانەی ئامادەیی دەربەندیخان نامەیەكی نووسیوە ، تیایدا ، باسی زۆر گیروگرفتی شارەكەی كردوە وەك بێ ئاوی و بێ هێزی ئارەباو بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە ، ئەوەیە ، دەربارەی نەخۆشخانەكەی دەربەندیخان نووسیویەتی ئەلی (كاتێ روئەكەیتە

بروانە ل ٧

میهرەجانی بەهار لە موسل

لیژنەی بەرزی دەهەمین میهرەجانی بەهار لە موسل بریاری دەستوری ڕێكخستنی مەوكبی میهرەجانەكەی داوە كە لە پانزەی مانگی نیسانەوە دەستپێ دەكاتو ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت ٠

مەوكبیەكانی ئەو میهرەجانە گرنگترین دەستكەوتەكانی شۆڕش ئیشان دەدەن لەدە ساڵی رابوردودا ، وە دە مەوكبیی تریان چەند رویەكی كەلەپوری میللیو مێژوویی ولات نیشان دەدەن ، شازدە مەوكبیەكەی دیكەشی بۆ جرانیو گوڵو بەخشندەییو بەهار ٠

بەڵام مەوكبیە كۆچەرەكان هەریەكەیان نمونەی خەنەبەندانی موسڵیو كچانی گۆزە لەسەرشانو لەم جۆرە شتانە نیشان دەدەن ٠ بەم بۆنەیەوە وردەلیژنەكانی میهرەجانەكە بە شێوەیەكی چالاكانە دەستیانكردوە بە بویەكردنەوەی دوكوان بازارەكانو ئەو كۆشكانەی كەوتۆتەتە سەرشەقامەكە گەورەكانو خەریكی خاوین كردنەوەیانن ٠ وەلەلایەكی ترەوە لیژنەی میهرەجانە كە بانگیشتنی گەلێك میوانی كردوە بۆ ئەوەی بەشداری تیا بكەن ٠

داخستنی سینەمای دلشاد لە سلیمانی

بەشی تەندروستیو خۆپاراستن لە ئەخۆشی ، لەپارێزگای سلیمانی ، بەهوی ئەوەوە كە سینەمای دلشاد لە رادەی پاكو خاوێنی پێویستدا نەبوە دایخستوە ، هەروەها ئەم بەشە بریاری داخستنی ئوتیل (سلیمانی) و (شهرزاد) و سەرتاشخانەی (ناكام) و چەند شوێنێكی تری گشتی داوە ، لەبەر هەمان هو ٠

لە لایەكی ترەوە دوێنێ بەشی ڕۆشنبیریی تەندروستی دوایی بەو دەورەیە هێنا كە هەفتەیەك بوو بۆ كرێكارانی چێشتخانەكانو شوێنە گشتی یەكانی كردبوەوە لەم دەورەیەدا (٣٥) كرێكار بەشدار بوونو كرێكار جمال محمد بەیەكەم دەرچووە ٠

پ٠ هاوكاری

كۆبونەوەی بەڕێوەبەرانی ڕۆشنبیری لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

دوێنی لە هەولێر كۆبونەوەی بەڕێوەبەرانی مەلبەندە ڕۆشنبیریی یەجەماوەریكانی پارێزگای هەولێرو سلیمانیو دهۆك كراوە ٠ لە كۆبونەوەكەدا كە بەڕێز مینان بولص جێگری ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیریو الاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەروكایەتی كردوە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی دیوانی ئەمینداری گشتیی بەشداری تیاكردوە گفتوگۆ لە بارەی نەخشەی كاری شەش مانگی یەكەمی ئەمساڵەوە كراوە ، وە لە كۆبونەوەكەدا بریار دراوە كە كۆبونەوەی جەماوەری زیاتر بكرێتەو لە دیهاتەكاندا كتێبخانەی میللی زیاتر بكرێتەوە هۆشمەندیو وریایی سیاسیو ڕۆشنبیری لەم ناوچانەدا زیاتر بڵاوبكرێتەوە ٠

●

پیشانگای پۆستەر

ئەنوەر قادر محمدو لەتیف هەڵمەت خۆیان ئامادە ئەكەن بۆ ئەوەی لەمانگی مارتدا پیشانگایەكی پۆستەری شیعریی بكەنەوە ٠٠٠ شایانی باسە بار نیازیان وابوو ئەم پیشانگایە بكەنەوە بەڵام هەندێ هۆ وای كرد كە دوای بخەن ٠

كۆریكی جوتیاران لە سلیمانی

یەكێتیی ناوخۆی كۆمەڵەهەروەزكارێكانی پارێزگای سلیمانی لە قەزای هەڵەبجەو چوارتەو پینجوینو پشدەر چەند كۆریكی هۆشمەندیی پێك هێناوە كە هاوڕێیان لێپرسراوانی مەكتەبی جوتیاران لە ڕێكخراوەكانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو چەند ئەندامێكی یەكێتیی ناوخۆی ئەوقەزایانەی تیادا بەشدار بون ٠

لەو ئەدوانەدا یاسای سنوقی كۆمەڵە هەروەزكاریكانی تیادا لێكدراوەتەوەلەگەل ئەو ئامادەبونەی كە بۆ كشتوكالی وەرزی هاوینی داهاتو خۆئامادە دەكرێت و چۆنیەتی گونجانی لەگەل مەسەلەی تەنزیمیدا ٠

●

ئاهەنگی قوتابیانی كوردستان لە سەید صادق

بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی یەكێتی قوتابیانی كوردستانەوە لیژنەی دواناوندی یەكێتی لە سەید صادق ئاهەنگێكی گەورەی گێڕاوە كە هاوڕێیان ئەندامانی ڕێكخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو كاربەدەستانو جەماوەریكی زۆر لە قوتابیانیو هاوولاتیان ئامادەبوونو وتاری یەكێتی بەردەوامی خەباتی قوتابیانی بۆ خزمەتی گەلو نیشتمان دووپات كردەوە ، هەروەها لە ئاهەنگەكەدا گورانیو جالاكی تری هونەری قوتابیان پێشكەش كرا ٠

پ٠ هاوكاری

Institut Kurde de Paris

له چالاکیەکانی ئەمانەتی گشتی وڕۆشنبیری ولاوان

دووەم فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستان لە سلێمانی

فریا عبداللە
پ٠ هاوکاری لە سلێمانی

بەیامنێری « هاوکاری »نووسیویەتی ئەڵێ :

لە ژێر چاودێری بەڕێز(ارشد احمد محمد)ی پارێزگاری سلێمانیدا ،هەفتەی ڕابوردوو ، ئەمانەتی گشتی، ڕۆشنبیریو لاوان‌دووەم فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستانی‌سازکردو ماوەی سێ ڕۆژی خایاند ، لەم فیستڤاڵەدا پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانیو دهۆك‌بەشداریان‌کرد :

ڕۆژی یەکەم ، ڕۆژی‌شیعر

سەرەتا مەرەجانەکە بەووتاری مەڵبەندی لاوانی سلێمانی دەستی پێکردوباشان ووتاری یەکێتی نوسەرانی کورد لە لایەن‌مامۆستا ئەژی گۆرانەوە خوێنرایەوە ، دوا بە دوای‌ووتارەکان بەرهەمی شاعیرەکان خوێنرایەوە کەئەویش بەم چەشنە بوو !

١ ـ پارێزگای دهۆك :
١ ـ وصفی سلیمان (نامەیەك ژ شۆڕشگێڕەکی)٠
٢ ـ اکرم سلیمان (تأوهات من تل الزعتر) ٠
٣ ـ محفوظ عبدالرحمن مائی (واله هیبت ئەفینەکی)٠
ب ـ پارێزگای هەولێر :
١ ـ مسعود جەوهەر (هەنگاو کەدێت ناگات) ٠
٢ ـ اثیل محمد سلیم (قصیدة بلا عنوان) ٠
٣ ـ فەریدون مامە کریم (هۆشیاری ڕەش) ٠
جـ ـ پارێزگای سلێمانی :
١ ـ ئەمنیا غفور داراغا (سێ چەپکی هۆنراوە) ٠
٢ ـ جمال غەمبار (چەند دڵۆپێکی تینوو) ٠
٣ ـ بەرزان فرج (بیتهۆڤن) ٠

ڕۆژی دووەم :

بریتی بوو لە خوێندنەوەی چەند ووتارێك لە لایەن لاوانی هەر سێ پارێزگاکەوە که ئەویش بەم چەشنە بوو :

١ ـ پارێزگای هەولێر :
١ ـ خوشکە نیشتمان هاشم (من یدری) ٠
٢ ـ موسیس متی (لغة السلام) ٠
٣ ـ خوشکە عایدە علی حسین (لا اساوم) ٠
ب ـ پارێزگای سلێمانی :
١ ـ بەهزاد عزیز (تاریکایی دەنگ ناخنکێنێ)٠
٢ ـ کاوە جوتیار (خۆتۆ خەم نیت) ٠
٣ ـ دڵشاد پێناو (ئەم باوەشە) ٠
جـ ـ پارێزگای دهۆك :
١ ـ دژوار قاسم (شۆڕشی نیشامەدا) ٠
٢ ـ عبدالکریم بدل (القدس تصلب علی ید السادات) ٠
٣ ـ عبدالرحیم سفر ابراهیم (دەنگی تیر مەهی) ٠

ڕۆژی سێهەم :

دوا ڕۆژی مەرەجانەکە بوو که بریتی بوو لە خوێندنەوەی چەند ووتارێك لە ئەدەبی دەربارەی کورتە چیرۆك که ئەویش بەم چەشنە بوو :

پارێزگای سلێمانی :
١ ـ هوشیار سیوەیلی
٠١ غ٠ و شەش قامچی‌و دەنگێکی نەمر) ٠
٢ ـ یاسین ابو بکر (شێرە بەفرینەو رازی منالەکان) ٠
٣ ـ بکر حسن (چاوی ڕۆژگار) ٠
ب ـ پارێزگای دهۆك :
١ ـ صلاح احمد محمد (کچا شەهیدی ئو فیداکاریا من) ٠
٢ ـ محمد صدقی صالح (بسبوری سیوی) ٠
٣ ـ ابراهیم مصطفی (خاتر خاستا زاروکا) ٠
جـ ـ پارێزگای هەولێر :
١ ـ هیثم محمد سلیم (ئاثر) ٠
٢ ـ شادمان هاشم (خالە بیرۆنیش مرد) ٠

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا لیژنەی ڕۆشنبیری لاوان ٠ لە لایەن فۆاد محمد امین کۆتایی بە مەرەجانەکە هێنرا ٠

لە کاتێکا هاوکاری بیرۆزبایی خۆی لەو لاوە سەرکەوتوانە ئەکات‌و ئاواتە خوازی سەرکەوتنی هەموو لاوێکی دلسۆزو لێهاتوی ترە ، بەو بۆنەوە چاو بێکەوتنێکی خێرای لەگەل ئەو لاوە سەرکەوتوانەدا کراو سەرەتا بە کاکە جمال غەمباری یەکەم دەستی پێ کرد :

پ : کاکە جمال تکایە رای خۆت بەرامبەر بە مەرەجانە که دەربڕە ؟

و : من بێگومانم لەوەی که دەرچوونم بە پلەی‌یەکەم شانازی‌یەکی گەورەیە بۆ من مانەمەش زیاتر هاندەرم ئەبێت بۆ ئەوەی هەوڵو توانای خۆم بخەمەکار لە بواری ئەدەبی ئەتەوە کەماندا، وە جگە لەمەش من زۆر زۆر سوپاسی ئەو لایەنانە ئەکەم که ئەم مەرەجانە ڕۆشنبیریان سازکرد ٠٠ هەروەها ئەو خەلاتەی که پێشیان بەخشیم گەورە ترین یادگارو نیشانەیەکی پیرۆز لە

بروانە ل ٧

کشتوکاڵ لە پارێزگای سلێمانی
ساڵێکی پڕ بەرهەم بوو

● ئاشکرایە کە لایەنی کشتوکاڵی پارێزگای سلیمانی فراوانی‌و گۆرانێکی یەکجار گەورە بەخۆیەوە ئەبینێ‌و بەردەوام بەرەوپێشەوە هەنگاو ئەنێت ، بەکردنەوەی دەیەها پرۆژەی کشتوکاڵی جۆراوجۆر لەپێناوی پێش‌خستنی رادەی کشتوکاڵی ناوچەکەو گەلێ ئیشوکاری لەبار کراوە بۆ دروست‌کردن‌و بنیات‌نانی لادێ‌یەکی پێشکەوتوی سەردەم‌و پەروەردەکردنی جوتیارێکی ڕۆشنبیری بەرهەمهێنەر ٠

● لەسلیمانیدا سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگاکە لەسەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسی گەلێ هەولێ تایبەتی خۆی‌ئەدات لەمەیدانی هێنانەبەرهەمی باشترین کشتوکاڵ ٠ هەر لەبەرهاتنی وەرزی کشتوکاڵی ساڵی‌تازەو شارەزابون لەم لایەنەگرنگە چاومان‌کەوت بەبەڕێز جاسم محمد صالح سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگاکەو چەند گفتوگۆیەکمان لەگەلداکرد ٠

● لەسەرەتادا بەڕێز مامۆستا جاسم دەربارەی ئەو کێڵگە سەرکەوتوانە ٠ دوا که لە تاقیکردنەوەدان‌و وتی :

+ لەمەیدانی چاندنی کێڵگە سەرکەوتوەکان‌دا سەرۆکایەتیمان پلانێکی تایبەتی‌خۆی هەیەو پلانەکەی لەهەموو ناوچەکان‌دا بەزیادەوە جێ‌بەجێ‌کردوە ـ بەتایبەتی لەناوچەی شارەزور لە سید صادق‌و زەرایەن‌و سەراوی سبحان ئاغا گەلێ سەرکەوتوین ٠ ئەوەی شایانی‌باسە پانتایی ئەم کێڵگانە ٢١٫٤٠٠ دۆنم زەویە بەڵام ئێستە توانیومانە ٢٦٫٥٠٠ دۆنم بهێنینە بەرهەم کەهەموومان کردبوو بەگەنم‌و بەرهەمێکی باشمان هەبوو ٠

هەر لەبەر سەرکەوتن‌و باشی‌بەرهەمی ئەم تاقی‌کردنەوانە وای بەباش ئەزانین کەلەساڵانی داهاتودا زیاد بکرێن‌و زیاتر بایەخیان پێ‌بدرێت لەهەموو ناوچەکانی وولاتداو ئیمەیش چاوەروانی بەرهەمێکی باشترین‌و ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەبەرهەمی ناوچەی ئێمە پەیوەندی هەیە بەناووهەوای وەرزی ساڵەوەو کەم‌وزۆری بارانەوە٠

● **دەربارەی باخ‌و بێستانەکانیان ئەڵێ ٠**

+ پلانی ساڵی‌ڕابوردومان لەهێنانە بەرهەمی باخ‌و بێستان‌دا توانیمان لە ١٣٦ دۆنم کەبڕیاری چاندنی‌درابوو ٦٢ دۆنم باخ‌و بێستانی هەمەچەشنە بچێنین کەنزیکەی ٦٢٠٠ نەمامان تیا چاندوەو ئەوەشی ماوەتەوە لەبەرچەند هۆیەکی تایبەتی نەمان توانیوە تەواوی‌بکەین‌و پشت‌بەخوا لەساڵانی داهاتودا هەمووی تەواو ئەکەین‌و هەر لەمروەوە توانیمان کەلەقەزای پێنجوێن باخێکی سێوی‌باش بچێنین کەبەتەماین ساڵی داهاتو بێتەبەرهەم‌و یانتایبەکەی نزیکەی ٥٠ دۆنمە ٠

● **ئەی لەئیشوکاری هەرەوەزیدا لەچیدان ؟**

+ لەم‌بوارەدا کەبوارێکی یەکجار گرنگە پرۆگرامی ساڵانەی بەریوەبەرێتی هەرەوەزی بەشێکی یەکجار گەورەی هەیە بە گوێرەی گرنگی بڵاوکردنەوەی کۆمە

بروانە ل ٧

حمە سعید حمە کریم

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

خالەکەی تر : نیاز گرتنە ، وە دێمە سەر باسکردنی عیراق ، بۆ نموونە با دەربارەی گیرو گرفتی ئێمە لەگەڵ سوریادا ، قسە بکەین ، بۆ ئەوەی وێنەیەکت دەربارەی ئەو بیرو باوەڕە بخەمە پێش چاو کە باسمان کرد ، ئێمە وەك عیراقی هەمیشە بە تەنگەوە بوین که لە هەر هەنگاوێکەوە بێت دەست پێ بکەین بەمەرجێ ئەو هەنگاوە لە بنەڕەتدا بەردەوام بوونمان لەسەر ڕێگای لەو درێژ تر نەوەستێنێ ٠ گرژ بونی پەیوەندی نێوان ئێمەو سوریاو هۆیەکانیشی مەسەلەیەکی زانراوون ، بەڵام کاتێك لە ٧٣دا جەنگ هەڵگیرسا ئێمە نەمانووت پەیوەندیمان لەگەڵ سوریا گرژو ناخۆشەو نابێ هیچ شتێك بکەین که سودو قازانجی ئەوی تێدا بێ ، چونکە حاکمەکانی سوریا ڕێگایان نەداوە بیترۆلە میللی کراوەکە بە خاکی ئەواندا ئێپەڕێ‌و مەرجی سەختو ناهەمواریان بۆ داناوین‌و هەروەها ئاوی فوراتیان لێ بڕیوین‌و چەند گیرو گرفت بگرە چەند کارەساتی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیان بۆ دروست کردوین ٠٠٠ لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك شەڕەکە بەرپا بوو ، هەمو ئەوانەمان لەبیر چۆوە ، چونکە شتێك هەبو که لەمانە گەورەتر بوو ، ئەویش ئەوەیە هەنگاوێکی هاوبەشی هەبو که لەوانە بو هەموو ئامانجەکانمان بەدی نەهێنێ ، بەڵام خۆی هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای ئەم ئامانجانەدا کەوابوو پێویستە ئێمە هاوکاری لەگەڵدا بکەین ، من ئەمە ئەڵێم بۆ ئەوەی باری سەرنجێکتان دەربارەی پەیوەندی نێوان ئێمەو سوریا هەبێ‌و تاکو ئەوە لە حیسابی خۆتان لابدەن که گوایە ئێمە سڵ کردنەوەیەکی تایبەتی بەعسییانەمان لەگەڵ ڕژێمی سوریا دا هەیە ٠

خالەکەی تر : سەبارەت بە کاربەدەستەکانی عەرەب ، ئەوەیە ئەوان هەمیشە ، یان بە زۆری ، قسە ئەکەن‌و ئەو حیسابەشی بۆ ئەکەن کە ئەم قسەیە ، لە لایەن خۆیانەوە یاخود لە لایەنێکی تەکلی ترەوە ، بڵاو ئەکرێتەوە ، جا لەکێك لەوان لە ژێر تینی ئەم هۆیە سایکۆلۆجیەدا قسە ئەکات‌و بەو وردی‌و مەوزوعیەتەوە قسە ناکات که پێویستە وابێ‌و که لەگەڵ توانا‌کان‌و لەگەڵ ڕازو نیازە ڕاستە هاوبەشەکانی کاری ناو کۆییدا بەرامبەر بێت بۆ ئەوەی بگەینە ئەو هەنگاوەی پێویستە پێی بگەین‌و بە شێوەیەك بێ که لەگەڵ زروف‌و تواناکانی قۆناغەکەدا بەرامبەر بێت ٠

دوا خال : لەو خالە ناوەندییانەی تایبەتین بە سروشتی کاربەدەستەکانی عەرەبەوە ، ئەوەیە که هەر یەکێکیان لەوان ، لەو پەیوەندیانەیدا کە بە مەسەلەیەکی ناوکۆییەوە هەیەتی ، ئەیەوێ بەپێی بۆچونە سیاسیە تایبەتیەکان خۆی نەك بە گوێرەی پێوستی‌یەکانی کاری ناوکۆیی‌و دوور لە خۆبەرستی بەلکو چەندی دەست ئەکەوێت لە روی سیاسیەوە ٠

پ : حیکایەتی ئەو بانگهێشتنەی بۆ گەڕانەوەی جولەکە عەرەبەکان کرا چیە ؟

هاوڕێ جنگر : باش بو تۆ ئەو مەسەلەیەت بیر خستمەوە ، بۆ ئەوەی لایەنێك لە باری سەرنجانو تێگەیشتنمان لە سیاسەتی نێو دەولەتان و هەڵسەنگاندنی رای گشتی جیهان ڕوون بکەینەوەو بۆ ئەوەی مەسەلەکەی ئێمە چۆنە وەك خۆی تێی بگەن ، چونکە پێویستە رای گشتی جیهان لەوە بگات که کێشەکە کێشەی ئایینی نیە لە نێوان عەرەب‌و قەوارەی زایۆنیدا هەروەك زایۆنیستەکان هەوڵ ئەدەن مەسەلەکە وا نیشان بدەن یاخود هەروەك ئەوەی هەندێ لە سیاسەتەکانی عەرەب‌و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پێش ئەمڕۆ نیشانیان داوە ٠ لە پێناو ئەوەدا که لە واقعیەتی باری سەرنجی درێژ مەودای عەرەبیمان بگەن که بریتیە لە بانگهێشتن بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی فەلەستینی ئەوتۆ کە ئاینەکان‌و هاو وڵاتیەکان پێکەوە تیا بژین ، جا ئایەکانیان هەرچی بێت ، لەسەر خاکێکی هاوبەش‌و یەك دەسەڵات (سیادە) و ماف وەك یەك‌و بە پێناسی فەلەستینیەوە بژین ، بۆ ئەوەی لەم باری سەرنجەی ئێمە بگەن ، پێویستە ئێمە بە هەڵوێستی کردەوەیی قەناعەت بێنەر ئەم باری سەرنجەمان ساغ بکەینەوە ، لەمەش ئەوەیە که دەرفەت بدەین جولەکە عیراقیەکان بۆ عیراقی نیشتمانی ئەسڵی ئەوان بگەڕێنەوەو جولەکەکانی سوریا بگەڕێنەوە بۆ سوریاو هەروەها جولەکەکانی مەغریب بگەڕێنەوە بۆ مەغریب ، وەك چۆن جولەکە ئەمەریکایی‌و فەرەنسایی‌و ئەڵمانیەکان ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتە ئەسڵی‌یەکانی خۆیان ، ئەو کاتەش بانگهێشتنەکەمان بۆ دروست کردنی دەولەتێکی دیموکراتی فەلەستینی لە دانیشتوە ئەسڵیەکانی فەلەستین ئەو کەسانە لە جیهاندا ئەوژێنەوە که تێی ئەگەن ، ئەمە بێجگە لەو اعتبارو ڕێگایانەی تر که هەن ٠

کاتێك که ئێمە ئەڵێین پێویستە لەسەر همو ئەوانەی پاش ساڵ ١٩٤٨ کۆچیان کردوەو لە فەلەستین نیشتەجێ بون بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی ئەسڵی خۆیان ، کەوابو یەکەم شت پێویستە لەسەر ئێمە کە جولەکە عیراقیەکان بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان ٠

● ماوتی ●

لەباوەشی نیشتمانداە

ولاتەکەمان لەدێر زەمانەوە ناسراوە بەوەی کە خاوەنی مێژوویەکی ڕەگ داکوتراوو شوێنەواری کۆنو شاری گەورەیە ، سێ شار لەوشارانەی که تەمەنی هەزارەها ساڵی هەیە ئەمڕۆ مەڵبەندی ئەم پارێزگایانەیە ٠٠

دهۆك

دهۆك ئەکەوێتە بەردەمی چیایەك که بە ناوی خۆیەوە یەتی‌و بەرزایی لە ئاستی دەریا نزیکەی ٨٠٠ مەترە ، بە پێی ئەو شوێنەوارانەی که لە نزیکەوەن وا دەرئەکەوێ که ئادەمیزاد لە مێژەوە تا ئەمڕۆ نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بوونو هەمو جارێ که گوندێکی وێرانەبوە گوندێکی تازەیان بە تەنیشتەوە ئاوەدان کردۆتەوە ، بەم چەشنە ناوچەکە تا ئەمڕۆ بە ئاوەدانی ماوەتەوە ، ئەوەی گرنگە مێژووی یەکێك لەم شوێنەوارە کۆنانەی که ئادەمیزاد تیا دانیشتوە ، ئەگەڕێتەوە بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زاین، بۆ نمونە (دیرکەیسکی) لە گوندی (بیسکی) ئەگەڕێتەوە پێش سێ هەزار ساڵ پێش زاین جێگای (تل رکابە) لە گوندی (رکابە)و (دئل نهیل) لە گوندی (شێخ خدری) هەروەکو ناوچەکە بە ئاوەدانی ماوەتەوەو لە سەردەمی ئاشوریەکانیشدا ئەمەش بەهۆی لەو شوێنەوارە ڕۆزانەوە دەرئەکەوێ که ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە که بریتیە لە (شکفتا هلامت) (سروشکی) (سری بهار) (زاوە) (معلتانە) ، هەروەکو لە دەورو بەری عەباسیەکانیشدا ئەم ناوچەیە هەر ناوەدان‌بوە وەکو لەم شوینەوارە ڕۆزانەی خوارەوە دەر ئەکەوێ (گوندی بازلان) (بازلان) گردی (کرماوە) لە زاوێتە گردی (گوربیل) لە کرماوە (سعدون) ، دیارە مردەوام‌بونی دانیشتنی ادەمیزاد لەم ناوچەیەدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر گرنگی ستراتیجی ناوچەکە ٠٠ چونکە ئەم جێگایە دوو ڕێیانێکە لە نێوان ناوچە شاخاویەکاندا که کەوتۆتە باکۆرەوەو لە گەڵ شاری نینوی‌و موصل که لە خوارویەتی کە نزیکەی ٧٠ کیلۆ مەتر دورە لەگەڵ هەموو ناوچەکانی تری وڵات لە ڕۆژهەڵاتی خوارو ڕۆژئاوادا٠

ئەمڕۆ دهۆك ژیانێکی تازە ئەباتە سەر پێش چەند ساڵێك بو بە مەڵبەندی پارێزگای تازەو شان بەشانی شارەکانی تری وڵات بەخێرایی هەنگاو ئەنێ لە پیشەسازی و بازرگانی و ڕێکخستن‌و گوزەرانی‌تردا ، دیارە پاش چەند ساڵێکی کەم ئەبێتە شارێکی هاوچەرخی تایبەتی ٠٠ ئەگەر بێتو ئەمڕۆ بەراوردی بکەیت لە گەڵ دە ساڵ پێش ئێستا ئەبینین بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەوە پێشکەوتوە ٠

کەرکوك

شارێکی کۆنە لە مێژوداو جێگاکەی لەپێش سێ هەزار ساڵ پێش زاینەوە ئاوەدان‌بوەو ٣٤٢ مەتر بەرزە لە ئاستی دەریاو لە کۆنەوە جەمسەربوە لە نێوان بەشی باکۆری ڕۆژهەڵات‌و ناوەراست‌و خوارەوەیدا ، گرایا ئەڵێن هەڵبژاردنی ئەم جێگایە بۆ ئەم

جمیل

بروانە ل ٧

Institut kurde de Paris

تویژاندنا هەلبەستا بەکربەگی ئەرزی ب نائلە خانی هلداین

ژیرەفان

د رۆژنامە هاوکاری یا خوشتڤی و رەنگیندا هژمارا (٤٠٩) رۆژا ١٦-١-١٩٧٨ ، هاڤکاریێ هێژا ئو دەستهاتی د تۆرێ کلاسیکی یێ کوردیدا عبدالکریم فندی ب ڤێ ناڤو نیشانێ « ئەرزی و بەنگا وی یا ئالۆزی » گۆتارەك ل بەرپەرێ (٦-٧)ێ بەلافکریە ناڤبری گۆتیە : ئێکێ وەکی من خودانێ دەستێ فرەهە و درێژ د تۆرا کوردیدا کولومتێ بەرز و بلند و زارێ کرمانجیا ژۆریدا ب کەفیە هندەك سەردا چۆنا ل دەمێ تویژاندنا ڤێ هەلبەستێ ئو ئامێدی گەلەك ئالۆزی ئین ئێخستینە بەنگا ئەرزی هەلکری ئو یا لێك راچاندی و وەربادای و د ناڤ ئێك هەلکری ، هەر وەکو دبێژن ئەفنێ ئەرزی یێ کریە ریس و ناڤبری ئانکو من ژ سەرێ هەلبەستێ هەتا چوارینا (٧) حەفتێ دروست پەنگا هەلکری ، بەلێ پشتی چوارینا حەفتێ گولولکا ئەرزی یا ئالوزاندی و سەر و بن کری ، چونکی ب هزر و رامانێت من دڤێت چوارینا هەشتێ (١١)ێ بێهەل و هەتا دویماهیێ ٠٠ هتد ٠

بەرسڤا من ل سەر بیر و باوەرێت برادەر فندی بریتینە ژ ڤان لایێت ژێری :

١ - چەوا من هەلبەستا ناڤبری تویژاندنێیە و رامان و پەژن ژ تویژاندنێ چیە ٠

٢ - بیر و باوەرێت برادەر فندی یێت بێ ئەگەر (سبب)و بێ نیشانە (دلیل) کو هەر ئەزمان و پەحنکا دەڤینە و بەس ٠

٣ - چەند بیر و رایێت خومالی دەرباری نەراستیی یێت رێزمانێ یێت د گۆتارێ برادەریدا ب چاڤ من کەڤتین ٠

د بەرپەرێ (٩)یدا ژ کۆڤارا بەیانێ هژمارا (٤٢)ێ خزیرانا سالا (١٩٧٧)ێ چاخی ئەز گەهشتیمە تویژاندنا هەلبەستێ من ب ڤێ جۆری دەست پێ کریە :

ژێدەر یێت تویژاندنێ :

١ - دەستنڤیسا طه مظهر مائی من کرە بنگەهێ ژێدەرانو ژێدەرێت دی یێت مایی من دگەل هەڤبەرکرن ، ژبەرکو ژ هەمی ژێدەرێت دی پێترە و خودانێ وێ هۆزانڤانەکێ ژێهاتی و شەهرەزایە ٠ پاشی ناڤێ هەر شەش ژێدەرێت دی ، گەلاویژ ، دەنگێ حاجی مەحمەد تەیارێ بەرچی ، دەستنڤیسا سالا (١٢٢١)ێ مشەختی نڤیسی ، دیوانا کرمانجی عبدالرقیب یوسف و چەند مالك ژ دکتور مسعود مصطفی ئامێدی هتد ٠ بێ گومانە ئەڤ چەندە برادەر فندی نەخویندیە د سەرڕا چویە هەر هەلبەست و فەرۆز خوینەدیە چ یێ ب دلێ ڤەنویسیایی و پێ دل گەش بویە ئێخستینە بەرێك و ب راست زانیە یێ ب دلی ڤەنەنویسیایی ب نەراستی و لەنگی زانیە کو چیرۆکا ناڤبری وەکی وەرزێ گونەدورایێ عیسێ دەلا بویە ، پاشی خوندکارێ ئامێدیێ باوەری پێ نەهایی ژنك چوو بۆ جووتیار و رەزڤان ، بەلێ پاشی هەیامەکی دیتی کو کار و بار بێ عیسێ ب رێڤە ناچیت ، پیلکێ خو هنارتە دویرا دا ڤەگەریت ٠ عیسێ د ناڤ وەرزێ گوندورا بویە دەمێ بیلکێ خوندکاری چۆیە دویرا ، دیتیە عیسێ گوندورێت گەهشتێ بەرچڤاندیە نە یێت هێژ کەرك هێلانە ، برادەر فندی بەروڤاژی عیسێ دەلا گوندورێت وەرزێ ل بەر خو دیتینە کو بەرهەڤ و بەردەست بونە ، ب دلێ خو یێت خۆش و گەهشتی ژێ گرتینە و کەرك هێلانە ٠

نەزانیە چەوا ئەو وەرز هاتیە کرن هەتا بەر پێڤە هاتی و گەلەك ژی گەهشتی ، ژبەر هندێ دێ برادەر فندی هایدارکەم کو دەست نڤیسا من کریە بنگەهە و ئەزێ پشتراست ژێ کو چو مالکەك یان نیف مالکەکا لەنگ تێدانە من کرە بنگەهێ تویژاندنێ ژ بو دیارکرنا گەلێری ئو گوهورین یێت تێدا بوین ژ بەر ڤان ئەگەر وگروڤێت ژێریە :

١ - دەستنڤیسا طه مظهر مائی یاکو وی ب دەستێ خو رۆژا ١٦-٩-١٩٧١ێ بو من دگەل نامەکێ هنارتی ژ هەمی ژێدەرێت دی پێترە (٢٦) چارنە (رباعیە) کو دگەل چارنا (١٥ی)ێ و (١٦)ێ ل دوی نڤیسینا وی ژ دیوانا کرمانجی وەرگرتینە دبنە (٢٨) چارن کو هەلبەست هەمیە ، ژبلی سەرێ نیف مالکا دووێ ژ چارنا (٢٥)ێ کو سپی هێلایە چکو د دەست نڤیسێدا نەبویە و نیشانەك ل سەر بێژەیا (ناکەم) دانایە ژ سەرێ نیف مالکا یەکێ ژ چارنا دووێ کو ئەڤەیە : مە دیت ناکەم ژ احسانێ ، کو هەر نەهاتیە هزرا برادەری فندی ب لەنگی ب وی قەلەمی ٠

٢ - سەیدا مظهر مائی هۆزانڤاکێ ناڤدار و دەستهاتیە نەمازە د هۆزانا کلاسیکیدا نیشانە ژی هژمارەکا هۆزانانە د کۆڤار و رۆژنامێت کوردیدا نەخاسمە رۆژناما هاوکاری د سالا (١٩٧١-١٩٧٢)یدا بەلافبوینەو ئەز شەهرەزایێ بزاڤا وی مە هەکە ب چاڤ برادەر فندی کەڤتین ٠

٣ - نیزیکترین و شەهرەزاترین کەس ب زانینا من بۆ وارگەهێ ئەرزی لێ ژی کو گوندێ « ئەرزێ بەرواری ژۆری وسپنەیە سەیدا مائیە

٤ - ئەز ب خو ئەگەر هۆزانڤان ژی نەبم ، بەلێ پاشی بزاڤا پێتر ژ بیست سالان شەهرەزایێت وارگەهێ ئەز لێ ژیم ئەز دشێم دەست نیشان بکەم و من گەلەك جارا گول بابێ خو ، کەس و کار و هەڤالێت خو بویە ڤێ هەلبەستێ ب ئاواز دبێژن ٠ د سەر هندێ ژی من رێ نەدیتیە مالکان ، یان نیف مالکان دەست ڤەدەم لێك ب گوهورم هەر وەکی بێ ئەگەر برادەر فندی ئەز گونەهکار کریم ، ژبەرکو کارێ من ب خوڤە گرتی دویرە ژ وێ چەندێ یا وی هزر کری ٠

٥ - ژێدەرێ دووێ کو (١٢) چارنن د هژمارا (٢)ێ یا گۆڤارا (گەلاویژ) یا د مەها شووانا سالا (١٩٤٠)ێ ب نافێ لاوێ بادینی بەلافبوی (١٢) چارنە ٠

نەراستی ژی یێت چاپێ د بەر چاڤن ژ بەر هندێ دەست نەددا بیا بنگەهە ٠

٦ - ژێدەرێ سێ دەنگێ حاجی مەحمەد تەیارێ بەرچیە (ح٠ب)یێ کو ژێی وی پێتر ژ هەفتێ سالا گەلەك نەراستی و لەنگی تێدا هەنە ژبەرکو مرۆڤەکێ نەزانە لێ ناهێتە گرتن ژبلی بێهن کورتیا وی کو دەنگێت تیپا ب درستی زارنەدکرن ، (٢٤) چارن بتنێ ژبەربون ژبەر هندێ دەست نەددا من کریا بنگەهە٠

٧ - ژێدەرێ چارێ دیوانا کرمانجیە بەربەرێ (٩٠-٩٢) چاردە چارن ژ دەستنڤیسا ژێ ڤەگوهازتی ژبلی یا دویماهیێ یا ژ زاردەف دڤەرۆژیدا نڤیسی کو دبنە (١٥) چارن بتنێ و ژ نەراستی یێت چاپی فالا نینە ٠ ژبەر هندێ دەست نەددا بو بنگەهیێ ٠

٨ - ژێدەرێ پێنجێ (١٤) چارنن گەلەك بێژە نەخۆش خوینن ژبەر هندێ دەست نەددا بیا بنگەهێ تویژاندنێ ٠

٩ - ژێدەرێ شەشێ (١١) چارنن ژ زار دەڤێ دوکتور مەسعود مصطفی ئامێدی من نڤیسیبون ب کێر بنگەهێ نەدهاتن ٠ ژبەر هندێ ژێدەرێ یەکێ کو دەستنڤیسا سەیدا مائیە من کرە بنگەهە ئانکو من ل لایێ رۆژی نڤیسی و کەتکەتە دگەل هەر شەش ژێدەرێت دی هەڤبەرکر جودایی من لەڤەرۆژی نڤیسینو ب نیشانێت وان یێت کورتکری من دناف دوکڤانادا دانان و نەراستی یێت ئێکجار بەرچاڤ د فەرۆژیدا من دیار کرن ٠ ژڤێ چەندێ پێڤەتر من نەکریە ٠ ئەو ریسێ رستیو بادایی و راچاندی و چنی و ڤەهاندی یێ کو برادەر فندی کۆتی من ئالۆزاندی و پرچاندی و تەڤنێ وی کریەڤە ریسێ بەرێ ، درستی ژ راستیێ دویرە ، ژبەرکو تویژاندن نە دەستڤەدانا جارنێت هەلبەستێیە ب دلێ خو ، بێ ل بەر چاڤا دانانا ئەگەر و نیشانەیا وێ لێك گوهورینێ کو ژ سەرێ ژ رێڤە بنگەهێت جارنێ جنە ، کەتکەتە ب رافەو نمونە ل بەرچاڤا دانابانا ، ژبلی خاسیەتێت هەلبەستێت یێ گۆتنێ (وەسفێ) کو دڤێ ل سەر چ ستوینا بن داخویندەڤانێ هاوکاری زانیبا کو ب درستی برادەر فندی کولومتێ بەرز و بلند د تۆری کرمانجیدا ئو دسەردا ناچیت هەکە وەکی فندی من کریا دڤیا من د دوی دلێ خو دیوانێت جزیری یێت دەستنڤیس و چاپکری گوهوریبانا دیوانەك ب سەرێك ڤە ئینابا گۆتبا خویندەڤانا ئەڤەیە دیوانا راست یا مەلایێ جزیری ، هەر دەهە رەنگێت من هەڤبەری ئێك کرین ژ راستیێ دویرن ٠ بەلێ نەزانەکێ وەکی من ئەو چەند ژ دەست ناهێت ژبەرکو کارەکێ دویری رێکا زانستیا یا تویژاندنا نڤشتا یان بابەتا یان هەلبەستانە ٠

برادەر فندی وەسا دیاردکەت کو خویندەڤانێت کورد باشی گۆتاری وی خویندی ژ نوی زانی کو بەکربەگێ ئەرزی چەند بەیتێت دژی هەنە ژبلی ڤێ هەلبەستێ کوهندەك ژێ بو دەست نیشانکرینە ، نەزانیە کو دگۆڤارا نوسەری کورددا هژمارا دووێ ، نیسانا سالا یەکێ (١٩٧١)ێ گۆتارەك ب ڤێ ناڤ و نیشانێ : « هۆزانڤانێ سروشتی بەکر بەگێ ئەرزی » ل بەرپەرێ (١٦-٢٤)ێ هاتیە بەلافکرن ، ئەو بەیتێت وی و گەلەکێت دژی ب نمونەڤە بەلافبوینە ژبلی کارێت دی یێت هونەرمەندی ، هەکە برادەرێ زانا و هێژا بڤێت چەند قینکێت (رەخنێت) دی ل بەرچاڤێت خویندەڤانێت هاوکاری ژ بوزانینێ دانیت دێ ب کارەکێ هێژا رابیت ٠ دوجار کرنا دویماهیێ یا مالکێ د سەرێ مالکا پاشی وێ تێت تابعێ هۆزانا کلاسیکیە بو ژبەرکرنێیە ، فندێ دهندێدا دەستویری ژ برادەر فندی بیت چەند گۆتن و پەیڤێت ژ لایێ رێزمانێڤە ، نەزانە نە دجهێ خودا د گۆتارێ وی بەلافکریدا ل بەرچاڤێت خویندەڤانا دانین٠

وەسا ، هەڤەکێ : هەلبەستەکا بەکر بەگێ ئەرزی بەلافکر ئەڤا ب نائلەخانوینێ هەلدایی ژ تویژاندنا ٠٠ هتد ٠ دڤیا نڤیسیبا هەلبەستەکا بەکر بەگێ ئەرزی بەلافکریە یان (بەلافکربو) ئەوا کو ب نائلە خاتوینێ هەلدایی ، یاکو ئامێدی تویژاندی ٠ هەر وەسا گۆتنا وی :

دێ بتە ژێدەر بو دوا رۆژێو بهزر و رامانێت من ٠٠ هتد ٠ دیسا راستە نینە دڤیا نڤیسیبا : دێ پاشەرۆژێ بیتە ژێدەر و بهزر و بیر و رایێت (باوەرێت) من ، ژبەرکو « رامان » هەڤبەری (قصد) ب عەرەبیە نەکو (رأی)یە ٠ دڤی گۆتاریدا دێ هەر هندا راست کەین ئەگەرچی هژمارەکا دژی تێدا بەرچاڤن ٠ ئەزێ ب هیڤی وهومێدم برادەر فندی زێرەڤانیا هەمی نڤیسیێت من بکەت ، چ بەنگا ئالۆزیایی ب چاڤ کەت دجهدا هەلکەت ئو هەکە ئەز سەردا چووبم من بینتەڤە سەر رێیا راست ئو چەند گۆتارێت بەرکەڤتی ل بەلافکەت رێ ل بەر نەزانینێت وەکی من ڤەکەت ئەز تەڤنێ کەسێ نەکەمەڤە ریس و هەکو قینکا (رەخنا) ل ئێکێ وەکی من دگریت دەستهاتی بیت ب ئەگەر و گرۆڤ و نیشانە لایێت نەراست راست کەتەڤە داکو ترخەك هەبیت وجەکێ ب گەهینت خویندەڤانا ٠

ژئەڤینا خەج وسیامەند

پشتی ئەو هەر دوو ستێر ژ ئاسمانێ ئەڤینێ ڕژیاین ، پشتی ئەو هەر دوو گول ژ مێرگا ڤیانێ چرمسینو وەریاین ٠٠٠ رهێت چنارەکا عاشق خۆ دسەرو ستوێت وان وەرکرو خەجو گرتو برە جیهانا خۆ ، وەلێ دەستو تلیت وێ ژ سیامەندێ رەبەن نەگرتن ئەڤجا سیامەند بخابیریدا هاتە خارو هاتە خار ٠٠ هەتا شەڤەکا ئەینی پەری ژ ئاسمانا هاتنە خارو کەلەخێ سیامەندێ ژ خابیری ئینان دەرو دانان سەر لیڤا خابیری دگەل رۆژهەلاتیو لبەر زێمارا شالیلو بلبلا سیامەندی چاڤێت خۆ ڤەکرن خەجو نەدیت ٠٠ ما لهیڤێ نەهات ٠٠ کاغەزەك ٠٠٠ دیاریەك ٠٠ نیشانەك ٠٠ ئەو ژی نەهات ٠ ئینا بهمی دەنگێ خۆ کرە گازیو دولو نەهالیت ڤ واری لێ ڤەگیرا :

خەجا منێ !
هەمی سحارو ئێڤارا
لسەر لیڤا ڤی خابیری
وەکی شوکڤانەکێ بزەڤەر
ئەزێ لهیڤیا کاغەزەکێ
بدەستو تلیت تەیێت شرین
بێت نڤیسین
بڤی خابیریدا بێتەخار
بەلکی دلێ رەبەنو ژار
جارەکادی بگرنژیت
ژ مرنێ ڤەژیت
ڤەژینا وی بیتە بوهارو نەبەهیت
٠٠٠٠٠٠٠٠ بیتە بوهارو نەبەهیت

★ ★ ★

سیامەندۆ !
هزار جارا ٠٠٠ هزار جارا
کولو کوڤان من ڤەهاندن
لسەر بەلگیت پائیزا زەر من نەخشاندن
بۆ دەستێ تە من هنارتن
من نەدزانی ٠٠٠ من نەدزانی
گەمیڤانیت ئەڤی چەرخی ٠٠٠
دیاریێت ئەڤیندارا
دکەنە هەڤیر ٠٠٠ ماسیێت ڤی خابیری دگرن
ئەڤیندارێت وەکی منو تە پێ دمرن

مؤید طیب

پیوستی

ڤەینەران

هەگبەو هەوالی پۆستەی ئەم ژمارەیەمان برێتیە لە : چەندین پارچە شیعرێکیوا ، کە خاوەنەکانیان ، بەهرەیەکی زۆریان تێدا بەدی ئەکرێ ، باتەجرەبە وژانەکانیشیان زاخ نەدرابێو هێشتا بەباشی نەپرسکابێو چرۆی دەرنەکردبێ ٠٠ خۆ هەر هیچ نەبێ بۆنو بەرامەی ژانو دەربرینێکی پاکیان لێ ئەکرێ ٠٠

لەو شاعیرانەیش ، ئەم برایانە ، کە تازە دەستیان داوەتە قەلەمو یەکەم هەنگاوی هەزار میلەی ووشەو نووسینی پیرۆزیان بریوەو بەردەوامییش خەریکن :

(یاسین شریف - بارزان ع٠ - کامەران نوری - علی شارەزا - کامەران ژمردەشتی - تحسین رەنجدەر - اکرم سعید - ئومێد عثمان - حسن غمناك - ئومێد کریم - عزەت زیوەی - حمە کەریم ئاوارەیی - یاسین سلیم - رؤوف ئەرکەوازی - محمد بورانی - فریدون عزیز دارتاش - محمد امین گناوی - محسن هۆشمەند - فاروق دیلۆیی - عدنان شریف - کریم مام رەش - صلاح مام شیخ - کارزان مصطفی - ابراهیم مەرگەیی - ف٠ ئاونگ - محمد امین وائلی - رزگار ئاشتی - عزالدین بێشومار - صالح بێبەخت ٠٠٠) ٠

بەشیکی تریش لەو برایانەو لەبەر ئەوەی ناوو نیشانی خۆیان نەناردوە ئەتینێ لەمەودوا بابە دلاوایی و بەراشکاوی روو لەزیان بکەینو شەرم نەکەین ٠٠ نەشترسین ٠٠ نیاز خوازین لەمەولا ناوو نازناوی خۆتان بە پوختیو بەئەواوی بۆمان بنێرن ، بەرهەمەکانیشتان لەسەر یەك رووی لاپەڕەو بەخەتێکی شاشو جوان بنووسن ٠٠

لەو برایانەی کە پارچە شیعرەکانیان زۆر لەبار نەبوون ٠

★ خاوەنی پارچە شیعری (خۆشەویستەکەم)

★ خاوەنی پارچە شیعری (ژمرە) ٠

★ خاوەنی دوو پارچە شیعری (گەردوون) ٠٠٠ ببورن ٠٠٠

وتارو تەرجمە :

لەبارەی ئەو باسو لێکۆلینەوە کۆمەلایەتیو سیاسیو چیرۆکو تەرجمانەی کە گەیشتۆتە بەر دەست دەستەی نوسەرانی هاوکاری ئەلێین :

★ کاك امین چاوپەش : زۆر جار بەدرێژی باسی شاری رواندز لە هاوکاریدا کراوە ٠

★ کاك احمد حممەلاو : بەهرەی چیرۆك نووسینت تێدا بەدی دەکرێ ، چاوەڕوانی بەرهەمی ترین ٠٠

★ کاك مسعودعبدالخالق : باسەکەت زۆر قوول نەبوو ٠٠ لەمەولا بەزمانێکی پوخت ٠٠ بەرهەممان بۆبنێرە ٠٠

★ کاك کمال اسعد رمزا : بەکوردیەکی پوختتر قوولتر بۆمان بنووسە ٠

بروانە ل ٧

ئامادەکردنی : باوکی سیڤەر

سی هۆزانێت بێ ناڤ

خلیل محمد دهۆکی

دپەی گەرمانو ئەکۆلینو پێکۆلا من لسویف فۆلکلۆرێ کوردیێ ژێهاتی ، چەند پارچە هوزان کەتنەبەر دەستێت من ، یێت هندەك شاعرانە کو مخابن ئەو مرۆڤێت من ژزار دەڤی وان وەرگرتینو گەلەك شارەزایێت دیێت من پرسیارێ کرین ، نەزانین کا ژڤەهاندنا کێ نەو مەبەستا من ژبەلافکرنا ڤان پارچە هوزانا ئەوە کو بەلکو برادەرەك بزانیت کێ ڤەهاندی نەو !! چەند شاعرەك ژدایك بین ٠٠ هەلبەت ئەڤ چەندە دێ خزمەتەکا مەزن ژبۆ ئەدەبێ کوردی کەتن ٠٠ وەهەیە گەلەك کێهو کورتی دناڤ ڤان شیعرادا هەبن ، وەلێ ئەز پێ ناگە هدارن بووی مەو ، دیسان من گەلەك پرسیار ژپیرەمێرو ئەدەب دۆستاکرن ، چ ژێ نەزانین ٠٠ داخازا من ئەوە کو هەرپرادەرەکێ تشتەکێ ژڤان هوزانا بزانیت ، لسەر بنڤیسیتو مە پێ ئاگەهدار بکەت ٠٠

پارچا ئێکێ

جارەکێ من دی لدەشتێ
دلبەرا شرین کلام
حوری‌پو پەریا بەهەشتێ
تە ئەز سوتم بتمام
من سەلامەك یاگەهشتێ
گوت علیکم السلام
ئەسمەرامن ٠٠ دلبەرامن ٠٠
عاشقی خەدێ تەمە

× × ×

خەدێ سورگول ما وەرینە
گەشترە ژڕەنگێ گولێ
گافا تێتو خو دەهژینە
بایێ زولفو سونبلێ
ئەسمەرا من ٠٠ دلبەرا من ٠٠
عاشقێ چەشمێ تەمە

× × ×

هەردوو چاڤ شبهی غەزالا
حوری‌یا لناڤ جەنەتێ
بەژنەکا شۆخو شەپالا
هاتەسەر من بغەفلەتێ
خالی نەدبوو زهەفالا
دابگرین سوحبەتێ
ئەسمەرا من ٠٠ دلبەرا من ٠٠
عاشقی تەدیێ تەمە

× × ×

هەردوو مەم شبهی دووسێڤا
فنجانا ڤەرفوری‌یا
شەکرا ناڤ هەردوو لێڤا
تە ئەز سوتم بیاری‌یا
ئەسمەرا من ٠٠ دلبەرا من ٠٠
عاشقێ بەژنا تەمە

× × ×

پارچا دووێ

ئەی دلبەرێ گەردەن زەرێ
وەی نازکێ دێم قەمەرێ
قامەت شەمالکو ئەنەرێ
قامەت ژریحانا قەراج
وەرن ئەم مالم خراب ٠٠
سبحان ژشاهێ لایزال
وەی تازکا گەردەن شەپال
ژخاندنێ کرمە بەتال
وەرن ئەم مالم خراب ٠٠
سبحان ژشاهێ بتنێ
خالەك ژخالیت گەردەنێ
ئەز رین کرم بەردام دنێ
وەرن ئەم مالم خراب ٠٠

× × ×

(پارچا سێیێ)

کا مەعدەنا صدقو صەفا ؟!
کانێ عەطا جودو جەفا ؟!
بەحرا کەرەم کانێ وەفا ؟!
کانێ (محمد) مصطفی ؟!

× × ×

کانێ گەلو شاهێ عەرەب ؟!
کا حاکمێ ئەصلو نەسەب ؟!
معجز ژویرا پر عەجەب ؟!
کانێ (محمد) مصطفی ؟!

× × ×

کانێ گەلو شاهێ لەطیف ؟!
کا قامەتا شبهی ئەلیف ؟!
مەسکەن دناڤ رەوضا شریف؟!
کانێ (محمد) مصطفی ؟!

× × ×

کانێ گەلو ئەبو الرفیق ؟!
(ثم استوی علی الطریق) ؟!
کانێ ابو بکر الصدیق ؟!
کانێ (محمد) مصطفی ؟!

× × ×

کانێ أمیر من الابواب ؟!
کانێ عمر ابن الخطاب ؟!
کا فاتحێ صەفا کفار ؟!

بەرسڤا هاوکاری

خویندەڤانێت خۆشتڤی :

ئەم هیڤی ژ هەمی برادەرێت خۆ دکەین یێت کو بەرهەمێ خۆ بۆ مە فرێدکەن ئەڤان خالان بێخنە بەر چاڤێت خۆ :

● لسەر لایەکێ بەری بتنێ بنڤیسن ٠

● رێزەکێ بنڤیسنو رێزەکێ بێلن ٠

● بلا پەیڤێت هەوە دژێك دویربن دا تێکەل نەبن ٠

● دەست خەتێ وە بلا یێ باش بیت دا بشێین بساناهی بخوینین ٠

● هەر وەسا ئەم هیڤی دکەین ئەو خویندەڤانێت تێکستێت فولکلۆری بۆ مە دهنێرن ناڤێ وی جهی دیارکەن یێ کو لێ هاتیە تۆمارکرنو وی کەسێ ژ زاردەڤی هاتیە وەوەرگرتنو ژیێ وی ژی دیارکەن ٠

● هەلبەت ئەو بەرهەمێ ژ هەمیا پتر ڤان خالان بجهینیت دێ زویتر هێتە بەلافکرنو ئەم گەلەك سوپاسیا هەو هەمیا دکەین ٠

Institut kurde de Paris

وتەی « هاوکاری (پاشماوەی)

لەدایك‌بوونی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی پێشرەو) ، بەرێز هاوڕێ صدام حسین بەناوی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن بکرەوە ، کێلگەی نەوتی رمێلەی خستەکارو بەوە جەنگی حیزبو شۆڕش لەگەڵ کومپانیا مۆنۆپۆلەکان‌و کۆنەپەرستان‌و ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمی پالپشتیاندا لەوە نزیك‌بوەوە بگاتە رادەی دەستەویەخە وەستان بەتایبەتی کە کومپانیاکان کەوتنە پەلەقاژەکردن‌و هەڵپەی پیلانگێڕان‌و کۆسپ دانان لە ڕێگای شۆڕشدا ۰

بە خستنەکاری کێلگەی (رمێلە) شۆڕش لەمەیدانی پێشەسازی نەوتدا بوە خاوەنی توانا و زەبروزەندی خۆی ، بۆیە سێ‌و دووی لەوە نەکرد کە لەپێناوی مافی رەوای گەلی عێراقدا دەستی هەڤیانەتی خۆی لەکومپانیا چاوچنۆکە خوێن‌مژەکان بوەشێنێ ۰ بۆ وەدەس‌هێنانی ئەم مافە رەوایە ، داوای گفتوگۆی لەگەڵدا کردن ۰ بەڵام هەرزوو دەرکەوت کە مۆنۆپۆلەکان پەنا دەبەنە بەر فرۆفێڵی خۆدزینەوەو دواخستن‌و لە هیچ جۆرێکیش لەنیازیاندا نی‌یە مل بۆ خواستو ئیرادەی شۆڕش بدەن ۰ بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش لە ۱۷ـ۱۹۷۲۵دا ئینزازە بەناوبانگەکەی دانێ کە مۆڵەتی‌دان لەماوەی دوو هەفتەدا دوا وەرام بدەنەوە بە ئایا بەنە ۰

ئەوکومپانیا خوێن مژانەی کە دەیەها ساڵ ئەم‌سامانی زێڕە رەشەی گەلمانیان بەبەرچاوانەوە دەدزی ، بەمێشکیاندا رانەدەبورد کە سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش بەپشتی جەماوەری گەلی عیراق‌و هێزە نیشتمانی‌یەکانی‌و هەموو دۆستانی عیراق لەدنیادا ، دەتوانێ دەستیان لێ‌بوەشێنێ‌و جەزرەبەیان لێ‌بدا ۰ بەڵام کە لە ڕۆژی (۱)ی حوزەیرانی ۱۹۷۲دا دەنگی سەرۆکی فەرمانده بەرزبوەوەو هەوالی میللی‌کردنی نەوتی کومپانیای نەوتی عێراقی بەهەموو دنیا راگەیاند ، شۆڕش‌و گەلی عیراقمان بەرابەرایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ، لە یەکێ لەجەنگە هەرەگەورەو پیرۆزەکانیا دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی سەرکەوتنی وەدەس‌هێناو ئەوکومپانیا مۆنۆپۆلانەشی لەوڵات دەربەراند کە نزیکەی نیو سەدەبوو نەك تەنها بەهادارترین سامانی نەتەوایەتی‌یان لێدەدزین ، بەڵکوو بووبوونە مێردەزمەیەکیش بەکۆڵی سەربەخۆیی سیاسی‌ی وڵاتمانەوە ۰

ئەوەبوو شۆڕش بەدوای میللی‌کردنی نەوتی کومپانیای نەوتی عێراقدا ، دوای شەڕی تشرینی ۱۹۷۳ بەشی ئەمەریکای لەکومپانیای نەوتی بەسرەو ئینجا بەشی هۆڵندەی لەهەمان کومپانیاداو دواجار بەشی کۆڵینکیانی میللی‌کرد ۰

کومپانیای مۆنۆپۆلی نەوتی عێراق بۆماوەی نۆ مانگ لەئاستی ئیرادەی حیزب‌و شۆڕشی گەلماندا سەرسەختی نواندو هێشتا هەر بەتەمای ئەوەبوو موعجیزەیەك ڕووبداو بێتەوە لەسەر ئەوگەنجە دابنیشێتەوە کە دەیەها ساڵبوو لێ‌ی هەڵدەهێنجا بەڵام کەزانی دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەرچوەو بێ‌سوودە ، ئەوسا لەیەکی مارتی ۱۹۷۳دا ملی بۆ ئیرادەی شۆڕش کەچ‌کردو کرنووشی بردو دانی بە بڕیاری یەکی حوزەیرانی ۱۹۷۲دا ناو بەوە شۆڕشی (۱۷)ی تەموز بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی ، لەم جەنگە پیرۆزەشیدا سەرکەوتنی بیرای‌بیری وەدەس‌هێنا ۰

شانۆگەری کوبە « پاشماوە »

دەرەبەکایەتیدا ڕون‌ئەکاتەوەو هەر ئەوەش لێك ئەداتەوە کەمرۆڤ لە هەموو کارێکیدا پێش ئەوەی جێ‌بەجێی بکات ئەبێ بیر لە ئەنجامی بکاتەوە ۰ ئەوەك وەکو مام شەریف پێش ئەوەی بیر لە هاتنە دەرەوە بکاتەوە چوەناو کووپەکەو ئیتر ڕێگای هاتنە دەرەوەی لێ‌گیراو هەمدیسان کەمام شەریف گیری خوارد ئایا ئەبێ بیر لە رزگارکردنی نەکرێتەوەو ئەبێ چۆن رزگار بکرێت لەوتەوقەی کە گەلی چەوساوەی تێ‌کەوتوە بەتایبەتی چینی جوتیاران‌و هەر شانۆگەری‌یەکە جەماوەری روتە ئاگادار ئەکاتەوە کە چۆن بیر لە رزگارکردنی خۆیان بکەنەوە ۰

● لە کۆتاییدا هونەرمەند سوپاسی هەموو هونەرمەندان‌و هاوبەشانی شانۆگەریەکەی کردو سوپاسی بەریوەبەریتی ڕۆشنبیری جەماوەری سلیمانی‌و هەموو لایەنەکانی‌تری کرد کە یارمەتیان داون ۰ ئیمەش سوپاسی هەموو دڵسۆزانی هونەری کوردی ئەکەین کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ هێنانەدی پاشەڕۆژێکی روناکی هونەرمان ۰

پۆستەی خوێنەران «پاشماوە»

★ **کاك حسین مجید :** هاوکاری ، بەرهەم خامەی بادینی‌و بادینیانی فەرامۆش نەکردوە ۰۰!

★ **کاك ئاراز احمد علی :** لەبەر گەلێ هۆی هونەری ، هاوکاری بە (۸) لاپەڕە دەرئەچێت ۰۰

★ **کاك کارزان ئاواره :** براگیان : ئێمە ئەو جۆزە باس‌و بابەتانە بلاو ناکەینەوە ۰

★ **کاك رزگار علی :** باسەکەت لەچاو ڕیبازی ئەم ڕۆژنامەیەدا زۆر سادەیە ۰

★ **کاك اسماعیل حمید :** گەر بەقوولتر لەبابەتەکە بدوێیت باشترە ۰۰

★ **کاك سۆران چاوڕەش :** قوولتر بابەتەکە تا بچۆرەوە ، سەرچاوەی پترو تێرو تەسەڵتری بۆ بدۆزەرەوە ۰۰

★ **کاك ئاوات شادکۆ :** باسەکەت نەشیا ، چاوەڕوانی بەرهەمی ترین ۰

★ **کاك نزار جەمال :** بەرهەمی ترمان بۆ بنێرە ۰

★ **کاك نیاز حسن جاف :** بەهرەت چەکەرەی کردوە ، چیرۆکی ترمان بۆبنێرە ۰

★ **خوشکە لەیلا جمال :** بەرهەمی ترمان بۆ بنێرە ۰۰۰ چاوەڕوانین ۰۰

هاوکاری‌و « پاشماوە »

نەخوشخانەکە ، هێشتا بەتەواوی لە بەردەم پزیشکەکەدا نەوەستاوی ، دەرمانت بۆ نووسراوە ۰۰۰ « نازانم زانستی پزیشکی « غەیبی »یان خوێندوە ۰۰!!) ۰ ئەم نامەیە ئەخەینە بەر چاوی لێپرسراوان ، مەسەلەی مامەلە لەگەڵ هاوولاتیەکان ، بەم جۆزە لە لایەن هیچ دڵسۆزیکەوە قبول ناکرێ ۰ هیوادارین چاوێك بەوەزعی نەخۆشخانەی دەربەندیخاندا بگێڕرێتەوە ۰

کشتوکاڵ لە پارێز گای « پاشماوە »

لەهەرەوەزیەکان‌و دامەزراندنی کێلگە کۆمەڵیەکان لەلادێ‌کان‌دا چونکە ئەم گرنگیە یەکەم هەنگاوە بۆچونەناو قوناغی سۆشیالیستەوە وباشترین‌ـ هۆزیە بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کشتوکاڵی لەناو جوتیاران‌دا ۰

هەروەها ئەو تاقی‌کردنەـ وانەی کە لە لایەنە کشتوکالیەکان لەم مەیدانەدا کردویانە لە ساڵی رابوردودا باشترین نیشانەیە بۆچۆنیەتی ئامادەیی جوتیاران بۆ هاتنە ریزی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانەوە بۆ قازانج وەرگرتن ۰ دوای ئەوەی میری نیشتمانی توانی هەموو پیویستیەکانی ئەوقۆناغەیان بۆئامادەبکات بەگوێرەی پێویستی وەختو ناوچەکان ۰ هەروەها دیاری‌ـ کردنی ئەنجامی ئەو تاقی‌کردنەوانە بڕوایەکی باشترمان ئەداتێ بەوەی‌کە ساڵانی‌داهاتو گەلێ گۆرانی جۆربەجۆر لەچونیەتی کشتوکاڵدا روئەدات چونکە توانیومانە ئەمساڵ ۳۵۳/۶۹۹ جۆراوجۆر لەچۆنیەتی کشتوکاڵدا روئەدات ـ چونکە توانیومانە ئەمساڵ ۳۵۳٫۶۹۹ هەزار دینار بدەین بەکۆمەڵە هەرەوەزیەکان بەپش کراوە بەسەر هەموولقەکانی قەزاو ناحیەکاندا ۰ وەکۆمەڵەکان توانیویانە کە بەرهەمێکی زۆر لەبەرهەمی کشتوکاڵی پارێزگاکە بنێرن بۆ بازارەکان وەکو ناردنی ۳۰۳۹۳ هەزار تەن گەنم‌و ۲۱۲ تەن جۆو ۲۰۰۰ تەن نۆك‌و هەموو بەرهەمەکانی‌تریش زۆر بەباشی نێرراون بۆ بازارەکان ۰

● **مامۆستا جاسم باسی کێلگەی ڕون کردنەوە تاقی‌ـ کەرەوەکانی کردوو ووتی ۰**

+ بەرێوەبەرێتی ڕێ‌نمایی کشتوکاڵی پارێزگاکە کە سەربەسەرۆکایەتی ئیمەیە ـ ئەوەیە کە ئەم کێلگە ڕون‌کردنەوانە زۆربەکات وجۆراوجۆر بەرهەمی تیابچێنێ بەپانتایی‌ی زۆرزۆر هەروەکو ئەوەی کەنزیکەی ۳۹۷ دۆنم کراوە بەکشتوکاڵی بەرهەمی هاوینەو ۹۲۹ دۆنمیش کراوە بەکشتوکاڵی بەرهەمی زستانەو هەروەها سەرۆکایەتیمان لەمەودوا هەموو جۆرە پێویستیەکی ئەم لایەنە لەتۆو بەینی کیمیاوی ئامادەئەکات‌و بەردەوام بەسەر ئەم کێلگانەدا ئەوەستێ‌و سەربەرشتیان ئەکات لەنێوان سەردانی بەردەوامی لێ‌پرسراوای کشتوکاڵی سەرۆکایەتیماندا بۆ کێلگەکان‌و ڕێ‌نمایی‌ـ کردنی جوتیاران بۆچونیەتی بەخیو کردن‌و قەلاچۆکردنی نەخۆشی‌و کرمەکانیان‌و هێنانەدی باشترین بەرهەم ۰

● **دوای ئەوە بەرێز مامۆستا دەربارەی یەکسانی پیاووژن لەئیشوکاری لادێ‌و کشتوکاڵدا ووتی ۰**

+ شۆڕش‌و سەرکردایەتی ئەم مەسەلەی زۆر لاگرنگەو زۆری لامەبەستەو ئافرەتان کەلکێکی زۆریان لەیاساو بڕیارەکانی سەرکردایەتی وەرگرتوە وئەوەتا دەستیان‌ـ کردوە بەئیش‌کردن‌و خەریکن بەئیشوکاری خۆیانەوە وهەریەکەیان بەگوێرەی توانا‌و لێ‌هاتنی تایبەتی‌خۆی ئەیان بینین کەزۆریان شوێنی ئیداری وبەرێوەبەرێتیان گرتۆتە ئەستۆ سەرەرای ئەمە کەلەپزیشکایەتی‌و ئەندازیاری‌و پەروەردەدا ئیشوکاری خۆیان ئەکەن ۰ بەڵام باری ژیانی ئافرەتانی لادی جیاوازی هەیە لەگەڵ باری‌ژیانی ئافرەتانی شاردا وهەتا ئێستاش ئافرەتانی لادێ بەندن بەهەڵسوکەوتی عەشایەری‌و هەندێ خۆبەستنەوەی کۆمەڵایەتیەوەو زۆریان هەتا ئێستاش هەرنەخوێندەوارن‌و هەر ئەمەشە بۆتە هۆی دوا کەوتنیان‌و مانەوەیان لەو بۆدە قەیەداو هەرلەبەرئەمە زۆر پێویستەو زۆر گرنگە کەمەلیەندی ری‌نمایی‌کردنی ئافرەتانی لادێ‌کان زۆربکرێت وبەباشترین شیوەی بەرێوەـ بەرێتی بەرێوە ببرێن وتازەترین شێوەیان تیا بەکار بهێنرێت‌و مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریان تیا بکرێتەوە هەمو مەلبەندەکانی خزمەت‌ـ گوزاری کۆمەڵایەتی خراونەتە سەر بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جوتیاران‌و مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری کەورە، هەروەها مەلبەندی پێشەسازی لادێ کانیشی بوو ئەویش خرایەـ سەر بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جوتیاران وئێستا ئەنە (۱۱) مەلبەندمان هەیە کەلەلایەن بەرێوەبەرێتی خزمەت گوزاری کشتوکالیەوە بەرێوەئەبرێن ۰ بەڵام بڕیار وایە کە (۸) مەلبەندی‌تر بکەینەوە لەپال (۱۰) مەلبەندی‌تردا کەخۆیان هەرهەبوون‌و لەم بنکانەدا ئافرەتانی لادێ‌کان ئەتوانن فێری چۆنیەتی ژیانی سەردەم ببن لەئیشوکاری ناومال‌و دورین‌و چنین‌و خوێنەواری فیربوون‌و چۆنیەتی بەخێوـ کردنی منال‌و خێزان کەهۆیەکە بۆبێنش‌خستنی کۆمەڵی بەرەو کۆمەڵێکی شۆسیالیستی پێشکەوتو بەگوێرەی تیوری‌ـ تازەی پەروەردەیی پێشکەوـ توانە بۆبەگژاچونی بیروڕاکۆنەکان‌و پێش‌خستنی چینی ئافرەتان بەباشترین شێوەی سەردەم ۰

● **لەکۆتاییدا مامۆستا جاسم سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاری‌کرد بۆپێك‌هێنانی ئەم گفتوگۆیە ۰**

سوپاس

عبدالکریم‌و مصطفی‌و محمدو علی‌و عبدالعزیز‌و عبدالغفورو عبدالرحمن‌و ابو بکرو عمر وعثمانی کوڕانی خوالێ‌خوشبوو حاجی مارف‌و ئەوزادو ئازادو بیهزادو شێرزادو نەژادی کوڕی عمر محی الدین‌و ، محمد علی عبدالرحمن‌و عثمان‌و علی حاجی محی الدین‌و ، رشید شریف‌و ، عزت‌و رئوف رشیدو هەموو خزم‌و کەس‌و کاریان ، لەناخی دەروونەوە سوپاسی ئەوبرادەرانە ئەکەن کە بەدەم ئەوکارەساتەوە هاتن کە لەم دوایی‌یەدا هاتە ڕێیان‌و یا هاتنە سەرقەبران ، یا ئەرکی ڕێگایان گرتەبەر هاتن بو سلێمانی بۆ پرسە یا بروسکەی سەرخۆشی لێ‌کردنیان بۆناردن ۰

لەخوای گەورە ئەپاڕێنەوە دوو لە مەینەتیان‌کاو لە برایەتی‌یان کەم‌نەکاو بە کامەرانی پایەداریان‌کا ۰

سەرەرای بەردەوامی پاشماوە

کاربەدەستە زایۆنیەکان سەبارەت چارەسەری خۆ بەدەستەوەدەرانە ۰ دێفید ئەوین لە سەردانەکەیدا بۆ ئەردەن کە (۲٤) سەعاتی خایاند گفتوگۆی لەگەڵ کاربەدەستە ئەردەنیەکان کردووە لەبارەی بەشداربوونی ڕژێمی ئەردەن لە وتوێژی خۆ بەدەستەوەدەرانەی نێوان زایۆنی دوژمن‌و ڕژێمی سادات‌دا ۰۰ هەروەها باسی بارودۆخی ئێستای ناوچەی عەرەبیان کردووە ۰ لە هەمان کاتدا ئەفرایم ئەفرۆن بەرێوەبەری گشتی لە وەزارەتی دەرەوەی زایۆنی دەیێنێ فەلەستینی داگیرکراوی بەجێ‌هێشت‌و بەرەو کۆبنهایگن‌و لاهای‌و پارێس کەوتەرێ گەشتەکەی چەند ڕۆژێك ئەخایەنێت ۰

لەباری‌ی کۆرەکەی «پاشماوە»

پێویستە ئێزگە بایەخێکی زۆر بداتە مەسەلەی هونەری ڕەسەنی کورد ۰ واتە ئەو هونەرەی کە سەرچاوەی لەناخی کۆمەڵانی خەلکەوە هەڵدەقوڵی‌و بەتەواوی دوورکەوتەوە لەناشیکەری هەندێ کەس‌و خۆسەپاندنیان بەسەر گۆرانی‌و ئاوازی کوردییدا ۰ ئاوازی هەندێ گۆرانی کوردی کە لە ئێزگەوە لێ‌ئەدرێن ، بەراستی ، مایەی دڵتێکدانی گوێگرن ۰ ئێزگەی بەغدا لەمبارەیەوە ، لەمدواییەدا هەنگاوێکی باشی نا ، ئەوەبوو کۆمەڵە گۆرانیەکی زۆر ، کە چ لە ئاوازو چ لە مانادا ، خاسیەتی گورانی ڕاستەقینەو ڕەسەنیان تێدا نەبوو ، بڕیاردرا لەناوببرێن ۰ خۆزگە ئێزگەی کوردیش کارێکی وای ئەکردو ئەکەوتە کۆزەرو بەربای ئەوگۆرانیانەی کە لەگەڵ ئاوازی ڕەسەنی کوردییدا ناگونجین ۰ بۆ ئەمەبەستە ، ڕای فۆلکلۆرناسان‌و ئەوانەی شارەزایان لەمبوارەدا هەیە ، بەتایبەتی تیپە هونەریەکانی کوردستان ، پێویستە وەربگیرێ ۰

مەسەلەی هەڵبژاردنی بیروڕای پوختەو ئاراستەکەرو گونجاو لەگەڵ ئەم قوناغەدا کەولانەکەمانی پێدا تێ‌دەپەڕێ ، مەسەلەیەکی‌ترە کە دەبێ بایەخێکی زۆری بدرێتی لەئامادەکردنی بەرنامەکاندا ۰ هەرکەسە لای خۆیەوە ڕاستەنەبێتەوە ، بۆ مەبەستی تایبەتی ، بکەوێتە بەرنامە پێشکەش‌کردن بێ‌ئەوەی سەری مەسەلەکە لە پێ‌ی بکاتەوە ، یاخۆ بێ‌ئەوەی بزانێ سوودو زیانی ئەوەی ئەیلێت چۆنەو چەندە ۰ ئەم قسەیە سەرناپایی بەرنامەکان ئەگرێتەوە ، بۆیە بەپێویستی ئازانم بکەومە باسی یەکەیەکیان ، گرنگترین شت ئەوەیە ، بەرلەوەی یەکێك بەرنامە وەرگرێ ، توانا و دەستڕێشتوویی خۆی لەباری بەرنامەکەدا بسەلمێنێ‌و ئەوە ساغ‌بکاتەوە کە تێیدا سواره ، نەك هەرئەوەنە وەرگرتن لەم کتێب‌و لەوگۆڤار بێ‌ئەوەی بزانێ ئەوەی ئەیلێت چەندی بەچەندە ۰

لەمەیدانی زماندا ئێرکە دەورێکی زۆر گەورەی هەیە کە لەدەوری دەزگا ڕۆشنبیریەکانی تری کورد کەمتر نیە ۰ هەتا ئەکرێ هەوڵ بدرێ شتەکان بەکوردیەکی ڕەوان بنووسرێن ۰۰ بەڕاستی بیاو زۆر هەست بە دڵتەنگی ئەکات کاتێ گوێی لە هەندێ قسە ئەبێت کە لە ئێزگەوە بڵاوئەکرێتەوە کە قسەکەرەکە بەناشکرا هاوار ئەکات کەوا بەپێ‌ی پەتی کەوتۆتە ناو زەردەسیری‌و ئاسن‌دڕك ، ی زمانی کوردیەوە ۰

مەسەلەی پاداشتی مەعقوول بۆ هونەرمەندانی کورد کە لە ئێزگە کاردەکەن ، یاکاریان دەکەوێتە ئەوێ‌و دەست بەسەرداهێنانی ئەوە هونەرمەندانەی کە خزمەتێکی زۆری هونەرو ئاوازی کوردیان کردوە ، مەسەلەیەکی گرنگی‌ترە کە دەبێ بایەخێکی زۆری پێ‌بدرێ ۰ لەزۆر وڵاتی‌تری ئەم‌جیهانەدا هونەرمەند « پاشا »یەکە بۆخۆی ۰

ئەوەی شایانی دڵخۆشی‌و نومێدە لەم‌بارەیەوە ئەوە دووبات‌کردنەوەیەی کاربەدەستانی ئێزگەیە کە لە کۆڕەکەدا دەریان‌بڕی ، کەوا ئەم مەسەلانە هەموو لەبەرچاون‌و بایەخی خۆیان هەیەو لەمەودوا هەوڵی زۆر دەدرێ بۆ هێنانەدی ئەو بیروڕایانەی کە دەربڕران‌و کاری زیاتر ئەکرێ بۆ بتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئێسگەو ڕۆشنبیرانی کورد بەرەو نەهێشتنی هەموو کەم‌وکوڕیەکانی ۰

لە باوەشی « پاشماوە »

شارە مەزنە لەلایەن یەکێك لە پاشاکانی ئاشوریەکانەوەبوە ۰

جێگای کەرکوکی ئەسڵی لە جێگای قەڵای ئێستابوە کە هەر وەختێ روخابێ لە سەرەوە جارێکی‌تر ئاوەدانی لێ دروست‌کراوەتەوە کە ئەمە بوە بە هۆی ئەوەی گردەکە بەرەبەرە بەرزبێتەوە ، لەو کاتانەی کە سەرلەنوێ ئاوەدان‌کراوەتەوە کاتی یەکێ لە سەرکردەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بوو کەناوی (سلومش)ە ، کە ئەم خانووبەرەیە تازەیە جگە لە کۆنەکانی بریتیە لە شورایەکی جوان کە ٦٥ قوللەو دەرگای گەورەی تیایەو لە مێژوی ئەم تازە بونەوەیەدا ناوی بوە بە ـ (کرخ سلوك) واتە شاری سلومش‌و لە مەوە ناوی ئێستای کەرکوك هاتوە ۰ لە ناوە کۆنەکانی (کورکوا)و (دیمترباسی)ە ۰

بەڵام خانووبەرەی دەرەوەی قەڵا سەرەتای دروست‌کردنی لە دەوروبەری گوندی (قۆریە) کە لە دواییدا گەورەبو کە ناوچەیەکی زۆری لە دەورو پشتی قەڵاکە گرتەوە ، لەو نیشانە گەورانە کە لە مێژەوە کەرکوك پێ‌ی ناسراوە (ئاگری ئەزلی) کە لە ناوچەی باباگورگور ئەسوتێ کە بریتیە لە بەرزبونەوەی گازی سروشتی کە بەسەرئەوتی ناوچەکەوەیە ۰

بەعقوبە

ئەمیش یەکێکە لە شارە کۆنەکانی عیراق ۰۰ نوسراوە کۆنەکانی عیراق بەناوی (باعاقوبا) ناوی ئەبەن کە مانای جێگای پشکنینە چونکە ئەکەوێتە سەر ڕێگای گەورەی کاروان بۆیە جێگای کاروان سەرای پشوودان‌و خستنی باری کەلەکەبوی بازرگانی‌بوە کە لێرە تفتیش کراوە ئەم جێگایە ٤٦ مەتر لە ئاستی دەریا بەرزە وادیارە بەعقوبە شارێکی گەورەبوە لە مێژوودا بە هوی گرنگی مەلبەندەکەیەوە باقون اطمسون لە پێش حەوت سەدەوە لە کتێبەکەیدا (معجم البلدان) باسی ئەکاو ئەڵێت (گوندێکی گەورەیە بە وێنەی شار روبارو باخی زۆرە پر لە دار خورمای چرو میوەهاتی زۆرە) ۰

زۆر لە گەریدە عەرەبەکان لە کتێبەکانیانا بە درێژایی چەرخەکان باسی بەعقوبەو گرنگیان کردوە لە گەل باسی باخی چر دار خورما داری میوەی جۆر بە جۆر ۰

دووەم فیستیفاڵی « پاشماوە »

ناو دڵمانەگرێ ۰

کاکە هوشیار سیوەیلی کە پلەی دووەمی لە بواری کورتە چیرۆکدا وەرگرتوە ئەڵێت : وەك لاوێك هەستم بە خزمەت کردنی ئەدەبی نەتەوەکەم کردو ئەم هەستەش لە ساڵی ۱۹۷۵ دا زیاتر بەرەی سەند ، ئەم مەرەجانەو مەرەجانەکەی پاریش تا کە هاندەرێکم بوونو لە هەردوکیانا پلەی دووهەمیم بەدەست هێنا ، بەڵام لای من ئەم پلانە زۆر گرنگ نین بگرە تاکە مەبەستێکم خزمەتی ووشەی پاك‌و رەسەنی کوردیمانەو ئیتر سوپاس ۰

پاشان خوشکە نیشتمان هاشم لە پارێزگای هەولێرەوە کە پلەی یەکەمی لە بواری ووتار خوێندنەوەدا بەدەست هێناوە ووتی : سەرەتای دەست پێ کردنی کاری ئەدەبیم ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی هەشت نۆ ساڵ لە مەوبەر ، لەم ڕووەوە باوکم زۆر هانی دام ۰۰۰ ئەوەی شایانی باسە من زۆر بڕوام بە خۆم هەیە بۆ دووپاتی ئەمەش ، دوای خوێندنەوەی ووتارەکەم بەبێ ئەوەی جاوەڕوانی ئاکامی مەرەجانەکە بکەم بەر بێ‌یە مژدەی پلەی یەکەمیم بە تەلەفۆن بە باوکم گەیاند ۰

لەسەرێ

بیروقراتی

عبدالقادر خلیل

دەمێك‌بو نەچووبوم بۆلای هاوڕێ‌ی‌کەم ۰ لە دڵی خومدا گوتم ڕەنگە گلەییم لێ‌بکات با ڕۆژێك تەرخان بکەم بچم بۆ سەردانی قسەی خۆمان بێت هاوڕێ‌ی‌کەم حەز دەکات خەلکی سەری لێ بدەن و هەمیشە خەلکی بە زلی تێ‌بگەن ۰ بەڵی وارێکەوت ڕۆژی پینج شەمە بو لە ئاخرو ئۆخری کارداچومە لای ۰ من وەکو هاوڕێ‌کەی جاران لافی خوم لێ‌داو بێ ئەوەی داوا بکەم خەریك بو خۆم بکەم بە ژوردا لەپر کچێکی ئێسك سووك لێم هاتە پێشەوەو گوتی ، بەڕەمو کێت دەوێت ؟ بزەیەکی پێ‌کەنینم خستە سەر لێوەو گوتم من هاوڕێ‌ی مامۆستا « بێ باکم » هاتوم سەرێکی لێ‌بدەم ۰۰ کچە ئێسك سووکەکە گوتی ناووت چی‌یە تا پی‌ی‌بڵێم ۰ گوتم ناووم « توانایە » بێ کارەم تەنهابۆ ئەوە هاتووم خوشحاڵی خوم دەربڕم بۆ مامۆستا بێ‌باك بەبۆنەی بونیەوە بە بەریوەبەری ئەم شوێنە ۰ بەڵێ ناو نوس‌کرام تۆزێك وەستام کچە جوانەکە هاتە دەرێ لەژوری مامۆستا بێ باك و تەماشایەکی کردم‌و گوتی فەرمو لەو دیو دانیشە تا مامۆستا ڕێگەت دەدات بچیتە لای ۰ لەدڵی خومدا گوتم تۆ بڵێیت بەهەڵەدا نەچووبم ! ڕەنگە ئەمە ژووری هاوڕێ‌کەم نەبێت ئەگینا بێ‌باك ئەوەندە مرۆڤێکی بێ شەرم نی‌یە ۰ ڕووم‌کردە کچە جوانەکەو گوتم ببورە دەرسم بە هەڵەدا چووبم ئایا ئەمەیە ژوری مامۆستا بێ‌باك محمد ؟ کچە کە گوتی بەڵێ ۰ منیش ڕاستتان دەوێت وەکو شولکێکی تەڕ بدەن لەسەری لووتم وابوم بەڵام ناچار هاتووم ۰

ماوەی چارەکێکی بێ چو زرەی تەلفونەکە هات‌و کچە ئێسك سوکەکە تەلفونەکەی هەڵگرتو گوتی بەڵێ ! بەڵێ ! بەڵێ !

لەپاشا ڕووی تێ‌کردم‌و گوتی فەرمو مامۆستا دەفرموێ بابێتە ژورێ ۰ چومە ژوورێ ژوور لە دەستگا تایبەتیەکانی ناوو گۆڤاری « بوردا » دەچوشتی سەیر سەیر دانرابو تەلەفیزیون تەلەفون سێ چوارێك قەڵەم ئووچی سەیر سەیر مێزی نایاب کورسی دانیشتنی مامۆستا خولی دەخوارد پاکەتی دەستە سری ئال لەسەر لاتەنشتی‌یەوە دانرابو ۰

بۆنێکی ئێجگار تیژ دەهات ملی منداڵی ئاساوای دەشکاند ۰ لەگەڵ چومە ژورەوە سەر سمێکمدا باش‌بو خوم بۆ گیرایەوە ئەگینا مێزە بچوکەکەی کە چایێکی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەربو سەرەو ژێرم دەکرد دەستم درێژکرد بۆ ئەوەی تەوقە لەگەڵ هاوڕێ‌کەمدا بکەم کەچی مامۆستا بێ باك ئەرکی دەست درێژکردنی نەخستە بەرخوی دەتگوت کوڕەزای خۆفویە ۰ لەدڵی خومدا گوتم توانا نامەردت نەکەن بۆچ هاتیت بۆ لای ئەم بێ ئابروە خۆز تۆ هیچ پێویستیتکت بەم بێ‌شەرمە بێروقراتیە نی‌یە ۰ گوتم ئەرێ بێ باك هیچ ڕوی داوە ئەم فیز بەسەر منداڵێ دەدیت خو منوتۆ هەردوکمان ڕێوی کونێکین ئێستاکە بو چ خوت لێ‌بردومەتە کەشکەلانی فەلەك ۰ خو من هیچ کارێکم بەتۆ نی‌یەو هەر بەهۆی تویشەوە دووچاری گلەیی کەسانێکی زۆرم‌بوم خوا هەزاری وەکو تۆ بکات بە قوربانی شۆڕش ۰ بە خوا ئا بەم جۆرە نایخویت لاوانی تازە پێ گەیشتوی خاوەن پلەی زانیاری‌و خوین گەرم‌هاتونەتە کایە ئیتر باوی تۆو کەسانێکی وەکو تۆی بیرۆ قراتی نەما تازووە چارەیەکی خوت بکە کەسێکی نەخوێندەواری وەکو تۆ هەر جێگەی نی‌یەلەم جۆرە شوێنانەدا شۆڕش کەسانێکی دەوێت بروای هەبێت بە شۆڕش‌و بە گەڵو بەچینی‌کرێکارو چەوساوەو بەرێبازی شۆڕشی ۱۷ تەموز بەیاساو بەحیزب ۰ نەك هەمو هێزێکی تەرخان کردبێ بۆ پۆزلێ‌دان ۰ ووریابە زۆر فوومەکەرە خوت هاکا تەقیت ۰ خێرابێ ئەوەی دانیشم چومە دەرێ لەپاش سێ‌چوار ڕۆژ ناوی هەڵواسرابو لەناو ئەو کەسانەی کەلەکار دەرکەنار کرابون ۰

دەنگی ئافرەت « پاشماوە »

زۆر ئاسایی‌یە ۰۰۰

هەموو بەیەك دەنگ هاواریان لێ هەستا : بێ دەنگ بە ، بێ دەنگ ! گوایە چۆن ئەمە ئاسایی‌یە !؟ ئەی ئەمە ئابڕو تکان نی‌یە ؟

بەڵێ ئا بەم ووشەی « ئابڕو تکان »ە چەوساندنەوە کە لەسەر ئافرەت زیادئەکەن‌و زیاد ئەکەن ۰۰۰ جیاوازی‌یەکە لە نێوان ئافرەت‌و پیاودا دروست ئەکەن ۰۰ بەڵام ئێوە، ئەی ئەوانەی ناوی خۆتان ناوە ڕۆشنبیرو ، بەم جۆرە سەیری ئافرەت ئەکەن ، لە ناخەوە لە جیاتی هەموو ئافرەتە کلۆڵەکانی وەك خۆم ، ڕقم لەو دوو روویە‌تانە !

بەرێز وەزیری پیشەسازی « پاشماوە »

کە دووسبەی کۆبونەوەیەکی دیکەش بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی تەگەرەی ئیش‌کردن لە چەند کۆمپانیایەکی نردا کە سەر بە دەزگای ناوڕاون ۰

لە کۆتایی کۆبونەوەکەی دوێنیدا بەرێز وەزیر کاسێکی پێشکەشی بەرێز بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای گشتی‌ی پیشەسازی کارەباکرد بەوبۆنەیەوە کە کۆمپانیای ناوبراو لەبەجێ‌گەیاندی نەخشەی بەرهەمی مانگی کانونی دووهەمی ئەمساڵدا پلەی یەکەمی وەرگرتوەو نەخشەکانی خۆی بەپلەی ۱۰۱٪ جێ‌بەجێ‌کردوە ۰

سوپاسنامە

بەبۆنەی کۆچی دوایی‌خوالێ‌خۆشبوو خێزانی شێخ نوری شێخ ڕەشید‌ەوەسوپاسی بێ‌پایانی خۆمان بۆ هەموو ئەوخزم‌و دۆستانەدەردەبڕین کە بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی لەکەرکوکەوە بۆ قەڵادزێ ئەرکیان کێشاوە ، یانەاتوونەتە سەر قەبران ، یان بە ئامادەبوون‌و ناردنی نامەوتەلگراف سەرخۆشی‌یان لێ‌کردووین ۰ هیوادارین نەیەتە ڕێ ۰

شێخ ڕەزا شێخ ڕەشید
شێخ نوری شێخ ڕەشید
عومەر شێخ نوری

Institut kurde de Paris

ڕەش و سپی

ڕیش

هەموان خۆشیان ئەویستو لای خەڵکی ئاواییەکە ناسراوبو هەر کە دیارنەئەما خەڵکەکە ئەکەوتنە مقۆمقۆی ئەوە ئاخۆ لە کوێ بێ ؟ بۆ کوێ چوە ؟ ئەشیانزانی کە هەمو دیارنەمانێکی دەنگوباسێکی تازەی لەگەڵە ٠٠! بۆیە هەمیشە کوڕوکاڵ بەبەرۆشەوە هەوڵیان ئەپرسی ٠٠ خۆشی بێبەڵێن ئارەزوی قسەوباسی زۆر بوو بۆیە هەمو ڕۆژ کۆمەڵێکی لە خۆی خڕئەکردەوەو لەولای دیواری مزگەوتەکەوەو جارجارێکیش ئاوڕی ئەدایەوەو بزانی کەس لە دەستوپێوەنانی سەر بە دیوەخانی ئاغا لەوناوەنین ٠

ئینجا کەدڵنیا ئەبو لەوەی کە مەترسی نیە دەستێکی بەڕیشە سپیەکەیدا هێناو یەکدو شیعری حافظو سەعدی بۆ خوێندنەوەو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی کەی بەرهەمی ڕەنجی شانی خۆمان خۆمان بیخوێن بەتەواوی ؟ ئێمە زەوی ئەکێڵینو یەکێکیتر بەرهەمەکەی ئەبات ٠٠ دوێنی چومە شارو سەرمدا لەو « دوکانەی کتێبو ڕۆژنامەی تیا ئەفرۆشن ، وتیان ئێوەش ئەتوانن بۆ خۆتان کۆمەڵی جوتیاران دابمەزرێنن ٠٠ ئاورێکی لە یەکێك لە دانیشتۆکانی دایەوە لەسەر قسەکەی ڕۆی ٠

ئەم قسانە دوایی گەیشتەوە دیوەخانی ئاغا ٠٠ ئەی هاوار ٠٠ چۆن هۆمەر بوە بەو پیاوەی لەناوچەی مندا ئەم قسانە بکات ؟٠ بەخوا سەیرە ٠٠ وا دیارە من نەماوم ٠٠ ئادەی ٠٠ بڕۆن بیهێنن ٠٠ بیکوژن ٠٠ ئاگر لەریشی بەردەنو بیخەنە ئەوحەوزەوە ٠٠ خانوەکەی بەسەرمالو منداڵیا بروخێنن ٠٠ کوڕە ٠٠ ئەم پیاوە ٠٠ کافرە کافری تەواو ٠٠٠!

بەڵی هێندەی نەخایان هۆمەریان هێناو بەدارگوێزەکەی لای مزگەوتەوە شەقەکیاندا ٠٠ نەرمو بێدەنگ شقارتەیەکیان تا بەریشە سپیەکەیەوەو ٠٠ نەیانهێشت کەس بچی بەلایداو ئاگری ریشە سوتاوەکە بکوژێنێتەوە ٠٠ بۆ چرۆڵو بۆکوروزی بێستو ریشی سوتاو بەئاسانی ئەگەیشتە لوتی ئەمو ئەو ٠٠ هێندەی بێنەچو کە هۆمەر سوێری بۆوەو بەقەد باڵای دارگوێزەکەدا گیانی دەرچوو پەلەقاژەی گۆتبو ٠٠ بەکورتیەکەی ٠٠ ئەمە یەکێکە لەوکردەوانەی کە لەوسالانەدا رویدا کە دەرەبەگ دەستی ئەڕۆیشت ٠٠ بەڵام دوای یاسای ژمارە ـ ٩٠ ـ کەلەسایەی شۆڕشی ئەموزەوە بەرپابو ٠٠ زەوی بوە هی جوتیارو ئاغاو دەرەبەگ گەردیان بەباچوو ٠

● ڕەوا ●

شانۆگەری ئەویەکە لە سلێمانی

● هەفتەی ڕابوردوو تیپی نواندنی سلیمانی بەرهەمێکی تازەی خستە بەرچاوی جەماوەری شاری سلیمانی ئەویش شانۆ گەڕی (کووپە)بوو لە نوسینی (لویجی براندیللو) و ئامادەکردنی هونەرمەند کاوە احمد میرزاو دەرهێنانی هونەرمەند فاضل قصاب ٠

● ئێمەش چوینە بینینی شانۆگەریەکەو بەراستی جێگای شانازیو باسکردنەکە تیپی نواندنی سلیمانی توانیویەتی ڕەنجێکی باشوهەوڵێکی فراوان بدات بۆ پێکهێنانو سەرکەوتنی بەرهەمێکی ئاوا کە هەر چەندە شانۆگەریەکە خۆی بەزمانوسروشتی بێگانە دانراوە بەڵام هونەرمەند مامۆستا کاوەاحمد میرزا توانیویەتی بەتەواوی بیخاتە سەر شێوەونواندنی سروشتی خۆمالیو کوردەواری هەر بەبینین بیاو باری کۆمەڵایەتی جەند ساڵێك لەمەوبەری کوردەواری بیر ئەگەوێتەوە ٠

● جا هەر بۆ ڕونکردنەوەی هەندێ لایەنی شانۆگەریەکە چاومان کەوت بە هونەرمەند مامۆستا کاوە احمد میرزاو دەربارەی شانۆگەریەکە ووتی ٠

★ دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە زانیم تارادەیەك نزیکە لە سروشتو هەڵسوکەوتی ڕابوردووی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری، بۆیە بیرم کردەوە لەوەی کە ئەگەر بێتو نەختێك دەستکاری بکرێو بخرێتە سەر ئارەزوی جەماوەری کوردەواری ڕەنگە خزمەتێکی باشی ئێستای شانۆو هونەری کوردی بکات ٠ ئیتر بە هەوڵی مامۆستای هونەرمەند فاضل قصابو هونەرمەندانی تیپی نواندنی سلیمانی توانیمان بەم شێوەیە گیانێکی خۆمالی تایبەتی بکەین بە بەرداو بەگوێرەی وەختو سەردەم جەماوەری لێرازی بکەینو مەبەستیشمان هەر خزمەتی هونەری شانۆی کوردیەو رازیبونی جەماوەرە ٠

● دەربارەی دەقی شانۆگەریەکە مامۆستا کاوە وتی ٠

★ شانۆگەریەکەمان لە ڕواڵەتدا باسی کووپەکەی کوێخا قەیتول ئەکات ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا باسو لێکدانەوەیەکی تەواوی باری چینایەتیو کۆمەڵایەتی چەند ساڵێك لەمەوبەری کوردەواریەو چۆنیەتی چەوساندنەوەی چینی جوتیارو زەحمەت کێشان لەژێر دەسەڵاتی زۆرداریو

پ٠ هاوکاری لە سلیمانی
بروانە ل ٧

تابلۆی جوانو دیکۆری هونەری

لەم کارگەیەدا بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کوردستان ئەکرێن بە

لە شاری هەولێر ،کارگەیەك لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٧٦دا کراوەتەوە ،(١٢٠) کرێکار کاری تیا ئەکەنو ئەم کارگەیە ، کارگەی« هەرهەری هەولێر »ە کاری سەرەکی دروستکردنی لوحەی مەرمەریە ، کە لە دواییدا ئەکرێتە ڕووی میزی ناو ماڵیان دائیرە ڕەسمیەکان یان بۆ ڕازاندنەوەی دیواری ناو ماڵەکان بەکاردێن ٠

لەم کارگەیەدا ، بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کوردستان بە ئامیری تازەو دەستی هونەرمەندانەی کرێکارەکان ئەکرێن بە تابلۆی جوانو دیکۆری هونەری ٠ ئەم کارگەیە کانی هەڵکەندنی بەردی تایبەتی ڕەنگاو ڕەنگی لە ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ دێت :

ـ لە ڕایات بەردی ڕەشو سپی ، لە گەڵاڵە بەردی کەوەیی کاڵو سپیو سوور ، لە صلاح الدین بەردی زەردو لە پێنجوین بەردی سپیو سەوزو کەوەی تۆخ بێجگە لەو جەوت ڕەنگەی لەبەردی لێ خۆمان لەوحەی مەرمەری لێ دروست ئەکەن جەوت ڕەنگیش لە دەرەوەی عیراقەوە ئەهێنن ٠

لە سەردانەکەی ئەم دواییەماندا بۆ هەولێر سەرمان لەم کارگەیەدا ٠

لێپسراوی کارگەکە پێوتین کەبەرهەمی ئەمسالیان زیاتر ئەبێ تا ئیستا کارگەکەلە چەند پیشانگایەکی مەرمەر لە دەرەوەی وڵاتبەشداری کردوە ٠

ڕێ ڕەو

دیموکراتی ، بەیوەندیی یەکانی نێوان خەڵکیو شێوازی ئەساسی هیز بتەو ئەکات کە بریتیی یە لە ڕێزگرتن ، چونکە ئەو هیزەی لە دیموکراتیەوە هەڵقولاوە شێوازی ئیلتزامی بالایە لە ڕابەڕاندنی فەرماندا بە وردیو بەچالاکی ٠

هاوڕێ صدام حسین



(١)ی هاوت
ئەوتی گەل بۆ گەل

دەستکر دی : عبدالقادر علی مردان

● خێزان ●

بۆ بەرچاوی دایکەکان :

● ئابێ دایك کاتێ منالەکەی خەیاڵ ئەکاتەوە بەدرۆزنی لەقەڵەم بداتو سزای بدات یا سەرزەنشتی بکات چونکە ئەو دایکەی بەم جۆرە بیر بکاتەوەو بەسووکی تەماشای داهێنانی خەیاڵی منالەکەی بکات توانای داهێنانی ئەروخێنێو ئەمەش لەوانەیە کار بکاتە سەر مێشکو بیری ، کەواتە دایك ئەتوانێ بەشێوەیەکی زانستی ئامۆژگاری منالەکەی بکاتو ڕێگەی ڕاستی داهێنان پیشان منالەکەی بدات ٠

● یا فێربین دایکان منالەکانیان نەترسێنن و گوێ لە قسەکانیان بگرن چونکە بەم جۆرە ئەتوانن ئارەزای بیروباوەری منالەکانیان ببن ٠

● پێویستە دایك جاودێری ئەوە بکات ، منالەکەی چ کتێبێك ئەخوێنێتەوە پێویستە منال لەو شتانە دوور بخرێتەوە کە مێشکی وەری ناگرێو بەزەحمەت تێ ئەگات یان ئەبێتە هۆی ترساندنی ٠

چونکە پێویستە منال لەتەمەنی پێ گەیشتندا شارەزای ئەو شتانە بێ کە تێیان ئەگاتو ئاراستەکردنی خەیاڵی بۆ داهێنانی چاك ئەباتو ئەگەر بێتو باوکو دایك ئاگاداری ڕەفتاری منالەکەیان بن و گوێ لەقسەو ئارەزوەکانیان بگرنو بەرەو چاك ئاراستەیان بکەن منالەکانیان وریاو تێگەیشتوو ئەبن ٠

سمیرە جباری

ئەم کاتەت باش

مەسعود پەرێشان

● هونەرمەند ٠٠٠؟

ـ سەردار محمد غەریب قەرەداغی ٠ لە ساڵی ١٩٥٧ ، لەسلێمانی لەدایك بووم ٠

● لەکەیەوە وەکو ئەکتەرێك ٠٠٠؟

ـ هەر لەدوای حەفتاکانەوە خولیای هونەریم دەستی پێ کردو گەشەی سەند ٠٠ بەهۆی بەشداربوونم لەچەند شانۆگەریەکدا ٠

● دوا شانۆگەری کە دەورت تیایدا بینیو ڕات بەرامبەری چی بوو ؟

ـ شانۆگەری پیلان بوو کە دەوری فلیجەفەندیم بینی ٠ چەند تاقی کردنەوەیەکی گرنگی بەخشی بەژیانی هونەریم ٠

● چیتان بەدەستە ؟

ـ (شیرینو فەرهادی) نازم حیکمەت ، کە ـ ئازاد عبدالواحد ـ گۆڕیویەو ئامادەی کردووە ، کە دڵنیام ئەبێتە هەنگاوێکی پێشکەوتووی (کۆمەڵ) لەهەولێر ٠

● شانۆی کوردی چۆن ئەبینن ؟

ـ ئێستا لە هەنگاونانی گەورەدایەو ، کۆمەڵی یابڵێین چەپکێ تیشکی سەوزی لەباوەش خۆیدا هەڵگرتووە بۆ دواڕۆژی شانۆی کوردی ٠

● ئێستاکە ؟

ـ ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێرم ٠

● لەکۆتاییدا ؟

ـ بەئاواتەوەم کە شانۆگەری خۆمالیو سەرکەوتوومان زۆربێت ٠

جیاوازی لەبەختیاریشدا

دەنگی نافرەت

○ نجیبة احمد ○

لەڕیزی پێشەوەی ئوتوموبیلەکەدا بێ دەنگ دانیشتبووم ، و گوێم بۆ قسەکانی خانمی دواوەی دراوە هەڵخستبوو ، زوربەیان هەر بەتوێکڵ ڕۆشنبیر بوون ، ووتم گوێم لێ گرتبوونو متمانەم لە خۆم بڕیبوو ، لە مشتومڕێکی گەرمدا بوون ، نەم ئەوویست لێیان تێکبدەم ، مەسەلەکە ئەو گرنگی یەکدا نەبوو ، ئەوەندەی خۆ بێوەماندوو بکەن ٠ هەر بۆ دەرخستنی ڕادەی ڕۆشنبیریان ئەیخەمە ڕوو ٠٠!

توانچو پلاری ئەم ڕۆشنبیرانە ئاراستەی کچێك ئەکرا ، لە ئاهەنگی شووکردنی خوشکێکیا سەمای کردووەو ، بەگەرمی هاوبەشی ئاهەنگی خوشکەکەی کردبوو ! بێگومان مەسەلەکە بە بیروڕای ئەم ڕۆشنبیرانە ، دوو لایەنی هەیە :

یەکەم : سەماکردنی کچ شوورەییە !

دووەم : چۆن ئەبێت لە ئاهەنگی شووکردنی « خوشك »دا ، وا بەگەرمی ئاری بکرێ !

با ، لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ بکەین ٠٠

ئەگەر شیعر ، گۆرانی ، وێنەکێشان ، چیرۆك ٠٠ هتد، تەعبیر لە ناخی خاوەنەکانیان بکەن ، بەخۆشی و ناخۆشییەوە ٠٠ وا « سەما » کردنیش وەکو بەشێك لە بەشەکانی هونەر ، تەعبیر لەناخی سەماکەرەکە ئەکات بەخۆشیو ناخۆشییەوە ٠٠ ئیتر بۆچی ئەبێ شوورەیی بێت !

کچێك ، خۆشکێکی ئەمرێ، ڕەوایە قژی بڕێ ، لە خۆی بدات بۆی بنوسێ ٠٠٠ بەڵام ڕەوا نییە لە ئاهەنگی شووکردنی خوشکێکیا سەما بکات ؟!

یان ئەبێ چ جیاوازییەك هەبێ لە نێوان سەماکردنێکی تاکیو هەڵپەڕکیو ڕەشبیەلەکدا !؟ لە کۆمەڵی کوردەواریدا دیاردەو نەریتی ئاسایی یە ، کە ژنو پیاو ، لە ڕەشبەلەکدا ، تێکەڵاو بنو هەڵپەڕن ٠٠ ئەمەش زۆر ئاسایی یەو ، شوورەیی نییە ٠٠

ئەی بۆچی ئەبێ سەماکردنێکی تاکیی شوورەیی بێت !؟ دیارە من لێرەدا مەبەستم لەو سەماکەرانە نییە کە سماکردنیان کردۆتە پیشە ، بەڵکو ئەوانەم مەبەستە کە لە موناسەبەیەکی سنووردارو خێزانیی دا ، سەما ئەکەن ٠٠٠

بەشی دووەمی مەسەلەکە ، جیاوازی نێوان ژن هێنانی براو ، شووکردنی خوشکە ٠ لای ئێمە تا ئێستاش هەر بەچاوێلکە ڕەشەکە سەیری پەیوەندی خوشکو برا ئەکرێ ، ئەبێ هەڵسو کەوتمان لەگەڵ هەر یەکەیانا جیاوازبێ !

شوورەیی نییە کچێك ، لە ئاهەنگی ژن هێنانی « براکەیا » ، ئاوێنەیەك ، یان پارچەیەکی سوور بکرێ بە دەستەوەو ، سەما بکات ٠٠ بەڵام لە ئاهەنگی شووکردنی خۆشکیا ، شوورەییە ، سەما بکات و بەشداری ئاهەنگەکە بکات !؟

وەکو ووتم سەرەتا گوێگر بووم ٠ بەڵام ئەوەندەیان لا گرنگ بوو ، تەقیمەوە :

ـ باشە بۆ لاتان سەیرە ؟

بروانە ل ٧

هەرجارەی نووسینێك

ئەرکی ڕاستەقینەی ووشە

لە کۆمەڵێکدا بیەوێت بۆ پێشەوە هەنگاو بهاوێژێتو پێش بکەوێت بازرگانی کردن بە ووشەوە شێوازێکی ڕەفزکراوە ، ئێمەش ئەمڕۆ ئەرکی ئەوەمان کەوتۆتە ئەستۆ ئەهێڵین ئەو جۆرە شیوازە بتوانێت بچێتە ناو مێشکی هاونیشتمانییەوە چونکە بازرگانی کردن بە ووشەوە لەتاوبردنی بیری شۆڕشگێڕانە دەگەیەنێت ، ئەوە دەگەیەنێت کە خۆ بەچەند مەسەلەیەکەوە خەریك بکرێت پەیوەندییان بە دۆخی ئێستامانەوە نەبێت ٠

ئەو واقیعە کە پێویستە هەر کەسێك لە ئێمە تێی بگات واقیعی شۆڕشە ٠٠ لەسەر ئەو بەجێماوو شوێنەواری بیروڕا کۆنەپەرستە شۆڤینیانانەی ڕابوردنو باویان ئەما لەبەر ئەوەیش کە ووشە وەك شمشێرێکی دوو دەم بەکار دەهێنرێت ، ئەگەر بەچاکی بەکار هێنرا لەوانەیە ئامانجدارو شۆڕشگێڕانەبێت یان ئەگەر بە خرابی بەکارهێنرا ڕووخێنەر دەبێت وەك « تلیاك » وا دەبێت ئەگەر ترسناكتر نەبێت ٠ تلیاكوبەنگ وا لەو کەسە دەکات ، کە بەکاری دەهێنێت ، بچێتە جیهانێکی دیکەوە ٠٠ جیهانی خەیاڵی ڕووت ٠٠ جیهانێکی ئاراستەقینەی بێ لێبڕسراوێتیو بێ لایەنگیری ٠٠ جیهانی ئارەزووی درندانە ٠٠٠ جیهانی بزربوون ، ئەمە کاری « تلیاکە » ٠

هەروەها خراپ بەکار هێنانی ووشە « ئەگەر هۆنراو بوو یان چیرۆك یان شانۆگەری بوو » هتد ٠٠ ڕاستی دەشێوێنێتو یاخی بوونو کەرت بوونو دەستگرتن بەدوایی خەیاڵ پلاوی بیری دەربەدەریو وون بوون لە بیابانی بیری ناپابەندا دێتەکایەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە بیری ئامانجدار ، ئەو بیرەی خزمەتی گەلو نیشتمان دەکات ، ئێمە لەم کاتانەدا پێوێستیمان بەو ووشەیەیە کە واقیع بە ڕێکوپێکیو ڕاستیو بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەی نوێوە بخاتە ڕوو ٠ هەموو بنەمایەکی هەمیشەییو ڕەسەنایەتیی لەگەڵدا بێت ٠

لە دواییدا ٠٠ سڵاو لەو ووشە کوردییە پیرۆزەی بەم لایەنە خزمەتی گەلو نیشتمان دەکات ٠

غازي احمد سعدالله

ڕشتەی هەڵبژاردە

کورد دەڵێت

× دڵویە ئاسن کون دەکات ٠

× قسە هەزارەو دوانی بەکازە ٠

× لێی بووە بە کۆڵی شێر ٠

× ئای چەند سە کۆرتی ڕیانم بێزارم ، چونکە هەر جۆرێك بیر ئەکەمەوە ئەو ماوەیەم دەست ناکەوێت کە فریای ئەوە بکەوم خۆشەویستیو هەستم بە ژمارەیەکی هەرە گەورە لە خەڵقدا ببەخشم ٠

بلیسنجتون
١٧٨٩ـ١٨٤٩

چەند مرواریەك لە شیعری کلاسیکیماندا

دڵی عاشیق عیسالی جووبی تەڕ بێ
سەرێ سووڕە ، سەرێ خووناوە ڕێژە
ـ بابا تاهیر ـ

چین کەفتن وە ڕووی پیشانی چون سیم
چون زنجیرەی ئاو وە شنوی نەسیم
ـ مولوی ـ

شەهیدی عیشقەو مەمشون وکفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
ـ کوردی ـ

سینەما

فلیمی نوێ

لیژنەی فلیمە سینەماییەکان ڕێگای داوە چەند فلمێکی نوێ لەسینەماکانی وڵاتدا بیشان بدرێن ، لەوانە فلیمێك کە باسی ژیانی هونەرمەندی ناسراوی فەرەنسایی « سارە برنار » ئەکات ٠ « لیندا جاکسن » دەوری سارا برنار ئەبینی فلیمەکەی تر « ڕفاندن » کە فلمێکی کۆمیدی فەرەنسیە باسی ژیانی ژنو مێردیك ئەکات لێك جیا ئەبنەوە ٠

ئاهەنگەکانی تیپی نەتەوەیی هونەری میللی

کەلەم دواییەدا تیپی نەتەوەی هونەری میللی بەرهەمە تازەکانی لەسەر شانۆی گەل لە بەغدا پێشکەش کرد ئەوەی ساغکردەوە کە جەماوەر ئارەزوویەکی بێسنووری بینینی بەرهەمەکانی ئەم تیپە ئەکەن ، ئەویش بەوەدا دەرکەوت کە ژمارەیەك زۆر سەیرکەر لە ماوەی ڕۆژانی ئاهەنگەکاندا هوڵەکەیان پڕ ئەکرد ٠

وتەی بەنرخ

× کامەرانیو بەختیاری لەوەدا نیە کە مرۆڤ هەمو شتێکی هەبێت ، بەڵکو لەوەدایە کە بەشتێکی زۆر کەم دلخوش بێت ٠٠

مارجوت ئیسکویت
١٨٤٥ـ١٨٦٤

× ژیان مولکی ئافرەتێکی داناو بە ئەدەبە ٠

ماری باشکر تسیف
١٨٨٤ـ١٨٦٠

وتەیەك

ولیام هازلت دەربارەی جۆنیەتی حەقیقەت لای هەندێ کەس دەدوێتو دەڵی :

(هەموو ئەو کەسانە هیچ جۆرە جیاوازیەك لە نیوانیاندا نییە کە هەموو گۆشەکانی سێ گۆشە دەکاتە ١٨٠ دەرەجەو ٢ + ٢ ئەکاتە چوارچونکە هیچ بەرزەوەندیەکیان ئەو جیاوازیە نییە ٠٠ بەڵام ئەگەر بەرزەوەندیەکی تایبەتیان لەوەدا هەبوایە بەهیچ شێوەیەك ئەوەیان نەئەسەلماند کە قیمەتی گۆشەکانی سێ گۆشە ١٨٠ دەرەجەیەو ٢ + ٢ ئەکاتە چوار ٠٠٠) ٠

ئەتلەس

ئەتلەس ، خواییەکی هەرە بەهێز لە خوا گەورەکانی گریك (یونانە کۆنەکان) بوو ٠٠ لە فەرمانی زیوسی خوای خواکان دەرچوو بوو ٠٠ بۆیە سزا درا کە ئەبی ئەرزو ئاسمان بە سەر شانە پانەکانی هەڵبگرێت هەتا هەتایە ٠٠ ناوی ئەتلەسیش کە بە کتێبی نەخشەکان ئەوترێت لەوەوە هاتوە ٠٠

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠ب ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● دووشەممە ٦ی مارت ١٩٧٨ ژمارە ٤١٦ ●

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

شۆڕشی حەفدەی تەمووز ... بەلگەی پتەوو ئاشکرای ئەوەیە کە هێزەکانی شۆڕش و رزگاری و پێشکەوتن لەنیشتیمانی عەرەبماندا ، زیندوو چالاکن و ئەتوانن دەست بێشخەری بکەن و سەرکەوتن وەدی بێنن .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● الاثنین ٦ آذار ١٩٧٨ العدد ٤١٦ ●

سەرۆکی فەرمانده

پێویستە گشت شێوازو کردارمان لە خزمەتی پلانی نەش ونما دابێ

بەڕێز سەرۆك أحمدحسن البکر لە سەعات(١٠)ی دوێنێ بەیانی سەری لە وەزارەتی نەخشەدانانو کولێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغدادا .

لە کوبوونەوەکەی لەگەڵ بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەدانانداند ،سەرۆکی بەڕێز پێویستی ئەوەی دووپات کردەوە کەهەمو شێوەو رەفتارەکان بۆ نەخشەی پەرەپێدان تەرخان بکرێن چونکەئەم نەخشەیە کردارێکی شۆڕشگێرانەیە کە ئامانجەکەی چەسپاندن وپاڵپشت کردنی ئابووری نیشتیمانی و بەدی هێنانی پێشکەوتنی کومەڵایەتیە

سەرۆکی بەڕێز داوای کرد پەرە بە رویشتن لەسەر پەیوەندیە دیموکراتیەکان بدرێ بە جۆرێ ببێتە مایەی چالاکانەترین بەشداری لەلایەن دەزگا رەسمیو گەلیەکانەوە بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئامانجانەی کە بۆ پەرەسەندنی سەرانسەرو بەدی هێنانی ئەو زیادانە دانراون کەلەرێزەکانی گشتی ، ڕەچاو کراون .

هەروەها سەرۆکی بەڕێز گوێی گرت لە ڕوون کردنەوەیەك کە بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەدانان پێشکەشی کرد لە بارەی چالاکیەکانی وەزارەتەکەو دەزگاکانی ئەو رێو شوێنانەی بەکار هێنراون بۆ ئاسان کردنو بەدی هێنانی ئامانجەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی و ئەو رێگایانەی بۆ بەجێ هێنانی گیراونەتەبەر .

پاش ئەوە ، بەڕێز سەروك احمد حسن البکر سەری لە کولێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغداداو لەم سەردانەدا بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەدانان جێگری وەزیری فێرکردنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی لەگەڵدابوو .

لە کۆبوونەوەیەکدا کە سەرۆك لەگەڵ دوکتۆر سلطان عبدالقادر سەرۆکی زانکۆی بەغداو دوکتۆر سعد خلیل وفی عەمیدی کولێجی ئەندازیاری و بەڕێز نوێنەری یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عراق لە کولیجیکەدا کردی دووپاتی کردەوە کەوا پێویستە قوتابی زیاتر وەربگیرێ شانبەشانی پێویستیەکانی بیناکاری کۆمەڵایەتی نوێو گۆڕانکاریە ئابوورییو کۆمەڵایەتیەکانی .

بەڕێز سەرۆك داوای کرد مەسەلەی پەرەسەندنی فێرکردن پوختەتر بکرێ لەبەر ڕۆشنایی نەخشەی پەرەسەندنی نەتەوایەتیداو بایەخ بدرێ بە پێشخستنی دەزگاکانی فێرکردنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی بە جۆرێك کە ببێتە مایە بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژ بۆ پەروەردەکردنیان پەروەردەیەکی سوشیالیستی خەڵبووو باوڕ پێو بە خەباتی نەتەوەیی و توانای زانستی و تەکنیکی کە بتوانن ئەرکەکانی پێشکەوتن کە شۆڕش دەیەوێ بیگرنە ئەستۆ .

بەڕێز سەرۆك دیسانەوە دووپاتی کردەوە کەوا مەسەلەی پەیوەندی توندی نێوان نەخشەکانی پەروەردەو مەشق کردن لەلایەکەوەو نەخشەکێشانی هێزی کرێکار بەگوێرەی نیشاندەرەکانی رێکخستنو هاوکێشی لە لایەکی ترەوە ، بایەخێکی زۆری هەیە .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کەوا شۆڕش بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیست زانستو لێکۆڵینەوەی زانستی کردوە بە ئامرازێکی شۆڕشگێرانە بۆ پەرەپێدانی گیانی داهێنانو گۆڕین بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێ .. هەر ئەم بۆ چوونە ، جێگایەکی یەکجار باشی داوە بە خوێندنی زانکۆیی و دەوری ئەو لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاو ئاراستەکردنی کە هاوکێش بێ لە گەڵ پێویستیەکانی نەخشەکانی پەرەسەندندا .

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی کردەوە کەوا ئەو بایەخی سەرکردایەتی سیاسی ئەیدا بەزانست ، لەبنەڕەتەوە لەو ئۆباڵەوە هەڵفوڵاوە کە ئەکەوێتە ئەستۆی کادیری زانستی لەم قۆناغەدا کە تێیدا هەوڵێکی یەکجار زۆر ئەدرێ بۆ ئەوەی زانستو نەخشەکێشان ببن بەرێباز بەرەو پێشکەوتن .

لە بەرێ کردنی سەرۆکی بەرێزدا ، بەرێزان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەدانان جێگری وەزیری فێرکردنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستیو سەرۆکی زانکۆی بەغداو عەمیدی کولێجی ئەندازیاریو جەماوەرانی قوتابیان ، کە هاواریان بە ژیانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو شۆڕشی سەرکەوتووی حەفدەی تەمووز ئەکرد ، بەشداریان ئەکرد .

گەلی فەلەستین لە خاکی داگیرکراودا ڕوو لە ڕاپەڕینێکی تردەکا

ڕۆژنامەی « هاڤەرتز »ی زایۆنی نووسیویە کە بەفراوانی بەیاننامەی سیاسی لەناوچەی « الخلیل »ی داگیرکراودا دژی زایۆنی داگیرکەر بڵاوکراوەتەوە . ڕۆژنامەکە ترس وسامی زایۆنی یەکانی نواندوە ، لەتاو تەشەنەسەندنی خەبات دژی داگیرکەران ، کە ئەوەکوو ببێتە ڕاپەڕینێکی فراوانی جەماوەری گەلو نەتوانرێ بەری لێ بگیرێ .

هەروەها نووسیویە کە ئەو بەیاننامە سیاسیانە بەشێوەیەکی فراوان گەلی ناوچەی خاکی داگیرکراوی گرتۆتەوەو هاووڵاتی یە عەرەبەکان هاندەدەن کە یەکبگرنو یەکریز لەرووی زایۆنی یە داگیرکەرەکانو قەقەلادانی و پەیوەندی نێوان دوژمن رژێمی سادات بۆ خۆبەدەستەوەدان بوەستن .

ئا ٠ د ٠ ع

هەڵوێستێکی بێ ڕەوشتانەی بەتری رژێمی سوریا

بەغدا ـ ئا٠ د٠ ع٠ رژێمی سوریا کردارێکی خراپەکاری تری خستە سەر هەڵوێستەبێ ڕەوشتەکانی دژی وڵاتەکەمان و گەلەکەمان ،ئەمیش بەوەی قەدەغەی کرد ئەو پۆستەیەی کە بۆ عیراقدێ بەخاکی ئەودا تێبەڕێ .

سەرچاوەیەکی لێپرسراوی دەزگای گشتی پۆستەو تەلگراف و تەلەفۆن ووتی کەدا رژێمی سوریا لەم دواییەدا بڕیارێکی دورکردوە کە بە پێی ئەو قەدەغەیە کردوە ئەو پۆستەیەی کە لە ئەوروپاوە بۆ عراقو وڵاتەکانی نۆکەندی عەرەبو وڵاتەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا دێ بە خاکی ئەودا ڕەتبێ ، بەمەش هەموو ریککەوتنامە پۆستەییە جیهانی و عەرەبیو بروتۆکۆلەکانی سەر بەو ریککەوتنامانەی پێشێل کردوە کە بە پێی ئەوان دەبێ ئەو دەڵەتانەی ئیمزایان کردوە ڕێز لە مافی دەوڵەتەکانی تر بگرنو تیبەڕبوونی پۆستەی ئەوانو پۆستەی دەوڵەتان سوڕ گەرێکەن .

سەرچاوەکە پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کەوا ئەم کرداری خراپەیە بوو بەهۆی کەلەکە کردنی زیاتر لە (١٥) هەزار گونیە پۆستە لەسەر سنووری تورکیاو سوریا ، بێ ئەوەی ئەم رژێمە بیر لەو ئەنجامانە بکاتەوە کە لەدوا کەوتنی ئەو پۆستەیە دێتە کایەوە ، سەرەڕای سووبوونی لەسەر هەوڵدان بۆ زیان گەیاندن بە ئابووری نیشتیمانی و پەیوەندیەکانی عراق لە گەڵ وڵاتانی تردا چونکە عراق مەتبەندی ناوەندی بزوتنەوەی پۆستەی نێو دەوڵەتانە .

سەرچاوەکە ئەوەی ڕوون کردەوە کەوا بەریوەبەرایەتی پۆستەی عراق ملی بۆ ئەم لێدەرهێنانە نەداو هەنگاوی خێرای نابۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم نەخشەیە ئەویش بە پەیوەندی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی پۆستەی تورکیاداو کار رێکخستنی لە گەڵیدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە .

نەخشەیەکی سەرانسەرو خێرا دانرا کە بە گوێرەی ئەو رێگایەك کرایەوە بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو پۆستەیەی کە کەلەکەی کردوەو داگرتنی لە ماوەی دەرۆژ کاری بێوچاندا کە ئێشکەرانی دایەرەی پۆستە ، کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوون ، گرتیانە ئەستۆ ... سەرچاوەکە تاریفی ئەو هاریکاریەی کرد کە دەزگاکانی پۆستەی تورکیای دۆست لەگەڵ دەزگاکانی پۆستەی عراقدا لەم بارەیەوە کردیو ئەو هەوڵە ناڕاستییەی کە کرێکارانو فەرمەنبەرانمان دایان بۆ گەیاندنی پۆستە بە خاوەنەکانیان لە وڵاتە عەرەبە براکاندا .

جۆرج مارشی دەربارەی هەڵیژاردنی فەرەنسا دەدوێ

جۆرج مارشی سەرکردەی حیزبی شیوعی فەرەنسا ، دووپاتی کردەی کە ئەگەر حەزبە چەپڕەوەکان رێکبکەوون ، ئەوا دەتوانن پرۆگرامێکی هاوبەش یەکبگرنو لەناوخۆیاندا لەسەر ئەو هەڵیژاردنەدا کە هەفتەی داهاتوو دەکرێ ،

هەروەها لە میهرەجانێکی خوتبەداندا کەحیزبی شیوعی لەشاری « لیل » لەباکووری فەرەنسادا دوێنێ شەوبێکی هێنا داوای لەگەڵی فەرەنسا کرد کە لەبێیناوی بەدهێنانی نزیکبوونەوەدا لە گەڵ ئیشتیراکیو رادیکالیەکاندا ، دەنگ بۆ حیزبی شیوعی بدەن .

یەکەم پەیوەندی رەسمەی نێوان رژێمی ساداتو رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی

دوێنێ وەفدێکی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی لە قاهرە یەکەم پەیوەندی رەسمی لە بلەیەکی بەرزدا لەگەڵ رژێمی ساداتدا کرد کە لە تشرینی دووەمی رابردووەوە جۆرە پەیوەندی وەها لە نێوانیاندا نەکراوە .

وەفدێك کە احمد صدقی الدجانیو مجدی ابو رمضان کە ئەندامی لیژنەی تەنفیزی رێکخراوەکان ، و سعید کمال کە جێگری سەرۆکی دائیرەی سیاسیەو فاروق الحسینی کە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیە تێیدا بەشداربوون ، لە گەڵ ئەندازیار سید مرعی سەرۆکی پەرلەمانی میسردا کۆبوونەوە .. وەکو لە قاهرە باسکرا ، وەفدەکە لەگەڵ سید مرعیدا باسی پەیوەندیەکانی نێوان رێکخراوەکەو رژێمی ساداتو کۆرانەکانی هەڵوێستی ناوچەی عەرەبی کردوە .

ئەوەی شایانی باسە ، دجانیو ابو رمضانو کمال هەموو بەدایمی لە میسر دانەنیشنو تا ئێستا بەر ئەو دوور خستنەوەیە نەکەوتوون کە کاربەدەستانی سادات دژی هەزارەها فەلەستینیو عەرەبی کردبوو .

باری ناوچەی عەرەبی لە بەیاننامەیەکی دووقۆڵی فیتنامو سیری لانکادا

فیتنامی سۆشیالیستیو سیری لانکا ئەوەیان دووپاتکردەوە کە سازکردنی باری ئاسایشێکی عادیلانەو هەمیشەیی لە ناوچەی عەرەبیدا لە توانادا نابێ ، هەتا گەلی عەرەبی فەلەستینی مافە نیشتمانییە ڕەواکانی خۆی وەرنەگرێتەوە .

هەروەها لە بەیاننامەیەکی دووقولیدا کە ئەمڕۆ لە (کۆلۆمبۆ) دەرکراوە ، لە ئەنجامی سەردانێکی سەرەك وەزیرانی فیتنام لە سیری لانکا ، ئەوەش وتراوە کە سیاسەتی پەلهاویشتنی زایۆنی دوژمنو پەرەپێدانی نیشتەگاکانی لە خاکی داگیرکراوی عەرەبدا ، وەها دەگەیەنێ کە زایۆنی دوژمن سووزە لەسەر دەستگرتنی بەسەرخاکی داگیرکراوداو لەوە نییە نیازی وازلیهێنانی هەبێ .

هاوڕێ منیف الرزاز :

ئەوگۆڕانکاریە شۆڕشگێرانانەی کە ئێستا لە عیراقدا ڕوودەدەن ئامانجیان دروست کردنی مرۆڤی شۆڕشگێڕە

هاوڕێ دوکتۆر منیف الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیە گشتیەکان ، دوێنێ نیوەڕۆ لە مەکتەبی خۆی لەسەرکردایەتی نەتەوایەتی پێشوازی ئەو وەفدە پەرلەمانیەمەغریبیەی کرد کە ئێستا سەر لە وڵاتەدەدا .

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا ، هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزب بە خێرهاتنی وەفدە براکەی کردو بایەخی گرنگی دا بە سەردانی نێوان ڕۆلەکانی گەلی عەرەب ، چونکە ئەمە ئاوێنەی بەکیەتی تێکۆشانو چارەنووسە کە جەماوەری عەرەب لە هەموو هەرێمەکانیدا پێکەوە گرێدەدا .

پاش ئەوە تاقیکردنەوەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست و ئەو دەسکەوتانەی بۆ وەفدەکە باسکرد کە شۆڕش لە عیراقدا هیناویانیەتە دەی و پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە مەبەستی حزبەکەمانو شۆڕشەکەمان لەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستا لە بواری سیاسیو ئابوورییو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا ڕوونەدا ، دروستکردنی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە کە بتوانێ ئەم وڵاتە بکا بە نموونەیەکی پێشکەوتو لە نێشتیمانی عەرەبدا بۆ ئەمێشتنی ئەو دیاردەی دواکەوتنەی کە ئێستیعمار و هێزە ئیمپریالیەکان هەوڵیاندا بەسەر نەتەوەی عەرەبدا بیسەپێنن .

هەروەها هاوڕێ دوکتۆر منیف الرزاز چوە سەر باسی هەڵوێستە مەبدەئیەکانی حزب لە بارەی مەسەلەی فەلەستینیو ئەو چارەسەرکردنە خۆڕ بەدەستەوە دەرانانەوە کەدا پاش سەردانەکەی سادات لە خاکی داگیرکراوی عەرەب هاتنە کایەوەو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەتەوەی عەرەب بەو توانا شارستانیو بەشەریو ئابوورییەیەوەی کە هەیەتی ئەتوانی بەرەنگاری مەیدانخوازیی زایۆنیو ئیمپریالی بکات ، چونکە ئەم مەیدانخوازیە لە ڕاستیدا ، مەیدانخوازیەکی چارەنووسیو مێژوویی یە و پێویستە بەشێوەی شۆڕشگێرانەی وا بەریان لێ بگرێت کە سەرچاوەکەی ناسینی زانستیو مەوزووعیی سروشتی ئەو هێزانەو نەخشە دوژمنانەکانیان بێ ... نیوە چارەسەریش هەرگیز ڕێبازی بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخشانە نیە ، بەڵکو ڕیبازی ڕاست بەرەنگاربوونەوەی بنەڕەتیو سەرانسەرە کە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست باوەڕی پێی هەیە .

هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی ڕوونی کردەوە کە باوەڕی جەماوەری عەرەب بە مەسەلە چارەنووسیەکانیو سووربوونی

بروانە ل ٧

● ووتەی هاوکاری ●

سلاو لە هەردووجەژنی جەماوەری هاموستایان و ئافرەتان

ڕۆژی یەکی مانگ ، جەماوەری مامۆستایان بە ئاهەنگ گێڕانو شادمانی یەوە ، جەژنی ساڵانەی خۆیان بەسەر بردو سەرانپای جەماوەری گەلیشمان لەرێگەی دامو دەزگا ڕەسمیو میللی یەکانیەوە ، لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی و گوشاری خۆیان بۆ دەربڕینو بەستایشکردنەوە ڕێزیان لەو ئەرکە پیرۆزو مەزنەنا کە مامۆستا لە گەشەپێدانو پێشخستنی کومەڵدا بەرێگای شارستانیتیو بڵاوکردنەوەی زانیاریو ماریفەتدا جێ بەجێی دەکا .

جەماوەری مامۆستایان کە لە سایەی شۆڕشی (١٧)ی تەمووزی پێشکەوتنخوازو سەرکردایەتی یە سیاسی یەکەیدا ، وەك هەموو کۆمەڵانی تری گەلی عێراقمان ، جێگەی چاودێری کردنو ڕێزگرتن بوون ، بۆ ئەوەی ژیانو گوزەرانێکی شادترو بەختیارتریان بۆ مسۆگەر بکرێتو لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە پیرۆزەی سەر شانیشیاندا ڕێگایان بۆ خۆشترو لەبارتر بکرێ ، هەردەم کەرتێکی بایەخدارو کاریگەربوون لەریزی هێزەکانی شۆڕشی گەلی عێراقمانداو بەردەوام لە جەنگە نیشتمانییە گەورەکانیدا دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانیو بەرەی کۆنەپەرستانی نۆکەریان ، شان بە شانی بەجێهێنانی دلسۆزانەی ئەرکە پیشەیی پیرۆزەکەیان ، دەوری بالای خۆیان بینیوەو شوێنیان دیاریوە .

بەم مانایە بڕیارە بەناوبانگەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ، بەنیازی خۆشکردنی ژیانو گووزەرانی چەند دەستەو تاقمێك لە کوڕوکاڵانی گەلی عێراقمان دەرکرانو کە مامستایانیشی گرتەوە ، دەبێتە نیشانەو بەڵگەیەکی تری بە تەنگەوە هاتنی شۆڕشو حیزبە پێشڕەوەکەی ، حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست ، سەبارەت بە جەماوەری مامۆستایانو گشت کوڕوکاڵانی گەلی عێراقمان .

* * *

لە ڕۆژی هەشتی مانگیشدا ، جەماوەری ئافرەتان وەك مامۆستایان بەشادمانی یەوە ، ئاهەنگی جەژنی ساڵانەی خۆیان دەگێڕنو جەژنی ئەمان ، لەگەڵ بۆنەی ڕۆژی گشت ئافرەتانی سەرانسەری جیهاندا یەکدەگرێتەوە .

ئافرەتان لەوڵاتی ئێمەدا کە دووچاری باری گرانی دواکەوتەیی سەدان ساڵە بوو بوونو مەسەلەی رزگارکردنیان لە چەوسانەوەی دوو سەرەکیو چۆنێتی رێ بۆخۆشکردنیان کە بتوانی شان بە شانی پیاو لە کۆمەڵگاکەماندا بێنەبەر مەیدانی بنیاتنانو ڕووکردن لە شارستانیتیو پێشکەوتن ، بووبوە گرێ کویرەیەکو کردنەوەی ئاسان نەبوو ، بۆیە شۆڕشی حەفدەی تەمووزو سەرکردایەتی یە سیاسی یە شۆڕشگێڕەکەی ، هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە کردی یە یەکێك لەو مەسەلە بایەخدارانەی کە دەبێ لەسەر ڕۆشنایی سەرنجی شۆڕشگێڕانەی خۆی چارەسەری بکاتو بەئەنجامی بگەیەنێ .

شۆڕش لە بەرپابوونی یەوە تا ئێستا گەلێ هەنگاوی کاریگەری لەمڕووەوە ناوەو تەنها بەراوردێك لەنێوان وەزعی جەماوەری ئافرەتاندا لە پێش شۆڕشو لە ئێستادا ، ئەو جیاوازی یە بە ئاسانی دەخاتە پێش چاو . بەڵام گرینەکەی یاسای احوالی مدنی ژمارە (١٨٦) ساڵی ١٩٧٨/٢/١١ کە بوەدیاری ئەمساڵی شۆڕشو سەرکردایەتی یە سیاسی یەکەی بۆ جەماوەری ئافرەتانمان ، دەبێتە نیشانەیەکی تری سەلماندنی سەرنجی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشو حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، دەربارەی ئافرەتو مەسەلەی یەکسانی ئافرەت لەگەڵ پیاودا .

سلاوو پیرۆزبایی گەرمو ڕێزلێنانی « هاوکاری » بۆ جەماوەری مامۆستایانو ئافرەتانمان لە هەر دوو جەژنی ساڵانەیاندا و هیواخوازین کە هەموو ڕۆژانی تەمەنیان هەر جەژن و شادی بێ .

Institut Kurde de Paris

حیزبە سیاسیەکانی هیندستان و دوارۆژیکی نادیار

خوێنەرە بەڕێزەکان لەبیریانە کە لە دوا هەڵبژاردنی گشتیی هیندستاندان‌دا حیزبی کۆنگرەی هیند بەسەرۆکایەتی خاتو ئیندیرا گاندی نەیتوانی‌زۆرایەتی دەنگەکان وەدەست بێنێ‌و ئەو حیزبە پاش چەندەمورە حکومەت مەرکەزی سیاسیی پێشووی لە دەست‌داو جێگای خۆی بۆ حیزبی جاناتا چۆڵ کرد ٠

پاش تێشکانی حیزبی کۆنگرە لەو هەڵبژاردنەدا کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەوەی هیندستان زۆر هۆی جۆر بە جۆریان بۆ ئەوتێشکانە باس کرد ، کە لێرەدا جێگای باس نین‌و لە ئاو حیزبی کۆنگرە خۆشیدا ناکۆکی‌و جیاوازی بیروڕای سەرکردەکانی حیزب سەری هەڵدا ٠ ئەو ناکۆکی بیروڕایانە گەیشتە جێگایەك کە لە مانگی رابردوودا حیزبی کۆنگرە بە کردەوە بوو بە دوو کەرت‌و خاتو ئیندیرا گاندی بە خۆی‌و هاوبیرەکانی‌یەوە لە قەوارەی ئەسڵی حیزب جیابۆوە ٠

بەم جۆرە ئێستا کە هەڵبژاردنی قانوون دانان (تشریعی)ی ویلایەتەکانی هیندستان لە کۆڕێ دایە سێ حیزبی سەرەکی لە هەڵبژاردنەدا کەوتوونە مونافەسەی یەکتر کە بریتین لە حیزبی فەرمانڕەوای (جاناتا) کە خۆی لە کۆبوونەوەی چەند حیزب وریکخراوی جۆر بەجۆر پێك هاتوەو دوو حیزبی کۆنگرە ٠

ئەنجامی هەڵبژاردن لە چەند ویلایەتی هیندستاندا تا ئێستا ئەوەمان بۆ دەر دەخا کە لە لایەك خاتو گاندی جارێکی تر لە سەر شانۆی سیاسەتی ئەو وڵاتە دەر کەوتۆتەوەو لە لایەکی تریش پاشە ڕۆژی سیاسیی حیزبە سەرەکیەکانی هیندستان تاریك‌و نادیارە هیچ ڕوون نیە کە سەرەنجام کام حیزبی سیاسی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەباتەوەو حکومەت دەگرێتە دەست ٠

لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکانی هیندستاندا بڵاوکردەوە کە لێرەدا دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکانی هاوکاری :

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە بێنج ویلایەتی سەرەکیدا کە حیزبی کۆنگرەی نیشتمانی نەیتوانیبوو ئەنجامێکی لە باری تێدا وەدەست بێنێ ، زۆر لە ئەندامەکانی ئەو حیزبە چوونە پال حیزبەکەی خاتو گاندی وزۆری تریشیان پاڵیانەوە حیزبی فەرمانڕەوا - جاناتا - دا ٠

ئەگەر حیزبی کۆنگرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی براهامانداریدی پشتگیری‌یەکی تەواو لە حیزبی جاناتا بکا ، چ لە ڕێگای یەکگرتن (ائتلاف)ەوە بێت‌و چ بەوە کە ئەندامەکانی بچنە پال جاناتا ، ئەوا حیزبی فەرمانڕەوا دەتوانێ لە دوو ویلایەتی ماهاراشترا‌و ئەسامدا حکومەت دابمەزرێنێ ٠

کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی هیندستان‌و زۆربەی ڕۆژنامەگەورەکانی ئەو وڵاتە - بەوانەشەوە کە لایەنگری حیزبی فەرمانڕەوان - ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەو ئەنجامە باشەی حیزبی خاتو گاندی لە هەڵبژاردندا وە دەستی هێناوە ، وەزیری پێشووی هیندستانی بە چەشنێکی بە هێزتر لە جارانی گێڕاوەتەوە بۆ سەر شانۆی سیاسەتی هیندو ئەمەشیان دووپات کردۆتەوە کە خاتو گاندی تا ئێستاش لە سیاسەتی هیندستاندا شەخسیەتێکی سیاسیی سەرەکی‌دا دەنرێ ٠

خاتو گاندی لە ویلایەتی ئەندرا برادیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنا بوو چونکە حیزبەکەی ئەو لە ٢٩٤ کورسی (١٧٥) کورسی وەرگرتبوو ، لە کاتێکدا حیزبی جاناتا تەنیا (٦٠) کورسی بە دەست هێنا بوو ٠

بەم جۆرە حیزبی خاتو گاندی لەو ویلایەتەو هەروەها لە ویلایەتی - کارناتاکا - دا کە زۆربەی تەواوی تێدا بە دەست هێنابوو ، حکومەت دادەمەزرێنێ ٠

چاندرا جیکر سەرۆکی حیزبی جاناتا گوتوویە سەرکەوتنی خاتو گاندی بە هۆی ئەوەوە بووە کە حیزبەکەی ئەو - جاناتا - نەیتوانیوە بەرنامەی پەرەپێدانی ئابووری‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە باشی جێ بەجێ بکا ٠

لە لایەکی ترەوە چاوەدێری‌کەرەکان لەو باوەڕەدان کە لەوانەیە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەڵوێستی هێزەکانی لایەنگری موراجی دیسای پتەوتر بکەن ٠ چونکە لە حاڵەتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی کۆنگرە کەریدی سەرکردایەتی دەکرد بچنە پال حیزبی جاناتا ئەوا ئەپشتیوانی لەو تاقمە ناونجی‌یانە دەکەن کە لە ناو حیزبی فەرمانڕاوادا هەن‌و لایەنگری سەرۆك وەزیری ئێستای هیندستانن ٠ دیارە ئەمەش لە دوارۆژدا کار دەکاتە سەر بەهێزبوونی هەڵوێستی موراجی دیسای ٠

لە ویلایەتی ماهاراشترای ڕۆژئاواش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەریان خستوە کە هیچ کام لەو حیزبە سەرەکی‌یانە پێشکەوتنێکی بەر چاویان بە دەست نەهێناوەو زۆرێ دەچێ لە چەند مانگی ئایندەدا هەڵبژاردنێکی تازە لەم ویلایەتە دابکرێتەوە ٠ دیارە تا ڕوون بوونەوەی باری سیاسی حکومەتی ئێستا لەو ویلایەتەدا لە سەر هەڵسووڕاندنی کاروباری ویلایەت بەردەوام دەبێ ٠

لە سەر یەك ، هەر وەك لە پێشەوە گوتمان دوارۆژی سیاسیی حیزبە سەرەکی‌یەکانی هیندستان ڕوون نیەو دەبێ چاوەڕوان بین لە مانگەکانی ئایندەدا چ ڕوو دەدا ؟

دواگرەو

ڕژێمی سادات‌و پاڵپشتە ئاشکراو شارراوەکانی چەند موعادەلەیەکیان لە شێوەی گرەودا دانابوو بۆ چارەسەرکردنی ئەوەی کە خۆیان‌و ئیمپریالزمی ئاغایان ناویان لێ‌ناوە « کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست » یا « جیاوازیی عەرەب‌و ئیسرائیل » !!

بەڵی ڕاستە کێشە هەیە‌و جیاوازیش هەیە ، بەڵام باری مەسەلەکە بەم شێوەیەیە : کێشەکە لە نێوان نەتەوەی عەرەب وزایونیزم‌و ئیمپریالزمی ئاغایدایە وبەشێکە لە خەباتی گەلانی هەموو جیهان بۆ ناشتنی ئمپریالزم‌و کۆنەپەرستی ٠٠

یەکەم گرەوی سادات ئەوەبو کە ئەمەریکا بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ‌و بەمە بەرەکە لە ژێر پێی قەوارەی زایونی دەر ئەهێنێ ٠٠

هەمومان ئەزانین تا ئێستا هەڵپەو هەناسە بڕکی‌کردنی سادات بە دوای ڕەزامەندی ئەمەریکادا گەیشتۆتە کوێ٠٠ وە دەشزانین کە چۆن دەستیان نا بەڕوویەوەو تێیان گەیاند کە ئەم چەشنە تەقەلادانە بی‌سوودەو ئاو لەدنگدا کوتانە ٠٠

بەڵام سادات وازناهێنی ، دەبینین بۆ هێنانەدی ئەم گرەوە گەورەیە ، چەند گرەوێکی تر یەك لە دوای یەك ئەکات ، بەڵکو وەکو هەموو « قومارچی‌یەك » یەکێکیان بیگرێ !

ئەوەبو ، گرەوی‌کرد لە سەر ئەوەی ئەگەر میسر هاوبەشی بکات لە بەربەرەکانێی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ئەفەریقا - لە دوارۆژیشدا لە وڵاتانی عەرەبیشدا - ئینگومان ئەمەریکاو هەموو ئیمپریالزم‌و ڕێیان خۆش دەبێ وە بەمە « جیگا لێز دەکات بە ئیسرائیل » ٠٠ ئەوەیو یارمەتی‌یەکی سەربازی بەکاری ڕژێمی (مۆبوتو)ی‌دا لە زائیردا ٠٠

بەئاشکرا بڵاوی کردۆتەوەو ڕایگەیاندوە کە داواشی لە ئەمەریکاکردوە چەك‌و فرۆکەی بدانی بۆ ئەم مەبەسە « پیرۆزە ! » وە هەزار سوێندیشی خواردوەکە ئەو لە خەویشدا تازە بیرناکاتەوە لە لێدانی « ئیسرائیل » ٠

ئێستا وەکو کوشتنی یوسف السباعی مەلیك بووبێ بۆ ئەو ، کە هێرشە « دونکیشوتی‌یەکەی » کردە سەر فرۆکەخانەی (لاونگا) لە قوبرس‌و ناچار حکومەتی قوبرس کوماندوکانی هەموو بە (کلاو) گرت دەستی کردوە بە هێرش بردن‌و جنێودان بەگەلی فەلەستین وادیارە ئەمە دوا گرەوی سەرەك ساداتە بۆ هێنانەدی موعادەلە « خەیاڵ بڵاوی‌یەکە » کە ڕاکێشانی ئەمەریکایە بەلای خۆیداو دژی قەوارەی زایونی ٠٠

دەیەوی ، بەمە ، لە ئەمەریکاو لە کاربەدەستانی قەوارەی زایونی بگەیەنێ ، کەوا سادات بە یەکجاری وازی‌هێنا لەو قسەو قسەڵۆکانەی کە جار جار دەیکرد لەبارەی « مافی فەلەستینیەکانەوە » وە ئێستا ئەم « کێشەیەش » ئەما وە ئەو ئامادەیە کە لە گەڵ قەوارەی زایونیدا ڕێك‌بکەوێت ٠٠

شتێك ماوە بەگوێی ساداتیا بچڕپێنین : ئەویش ئەوەیە : با کەمێك چاوەڕێ بکات تا گەلی میسریش لە دەوروبەری سیناو سویس بە شۆڕشی یا بە « ئاژاوەیەك » هەڵ ئەستێ ئەوجا سادات لەقینی ئەوان با هەمو شتی بۆ زایونی مۆر بکات‌و سولحێکی تەواوی لە گەڵدا بکات ئیتر بەمە بۆ هەموو کەس ئاشکرا ئەبێ کە « گرەوەکانی » سەری گرتوە ٠

دزرانی تەرمی چارلی چاپلن

پۆلیسی سویسرا بەردەوامەلەسەر گەڕان بەدوای تەرمی ئەکتەری بەناوبانگ‌چارلی چاپلن‌دا کە چەندرۆژ لەمەوبەر لەگۆڕەکەی‌دەرهێنراوەتەوەو دزراوە ٠

سەرچاوەکانی پۆلیسی‌ڕایانگەیاندوە کە هیچ زانیاری‌یەکی ئەوتۆیان دەست‌نەکەوتوە یارمەتی‌یان‌بدا بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەو بە بێچەوانەی ئەوەش کە چاوەڕوان دەکرا هیچ لایەنێك‌داوای نەکردوە بەرامبەر بە پارەیەك تەرمەکە بدانەوە ٠

چارلی چاپلن لە گۆڕستانی‌گوندی « کروسیە سیرفینی » نێژرابوو کە بەسەر دەریاچەی‌جنێڤ‌دا دەڕوانێ ٠

ئیعدام‌کردنی یەکێك‌لەوانەی شەهید محمود همشری‌یان کوشتبوو

ڕۆژی بیست‌و هەشتی‌شوبات شۆڕشی فەلەستین حوکمی ئیعدامی یەکێك‌لەوانەی جێ‌بەجێ‌کرد کە پێنج ساڵ لەمەوبەر شەهید محمودهمشری‌یان کوشتبوو ٠

ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین (وفا) گوتوویە ئەو بەکرێگیراوە کە ناوی (قاسم ابو صبح)ە ، دانی بەوەداناوە کە هاوکاری لەگەڵ دەزگای موخابەراتی زایونیدا کردوەو هێندێ زانیاری‌داوە بە بەکرێگیراوانی ئەو دەزگایە لە پاریس کە بوونە هۆی کوشتنی شەهید همشری ٠

وەك گازی بووتان‌و پرۆپان‌و نافتا ئەکا بە شتوومەکی سەنعەتسازی ٠

● حکوومەتی نیجیریا نیازی هەیە کارخانەیەکی گازی ئاوەکی لە پۆنی لە خەلیجی غینیادا دامەزرێنێ کە نیزیکەی پێنج میلیارد دۆلاری تێ دەچێ ٠

لەسەدا شەستی بەشەکانی ئەو کارخانەیە هی کومپانیای حکوومەتی‌ی نەوت دەبێت‌و بەشەکانی تریش هی چەند کومپانیایەکی بەریتانیایی‌و ئیتالیایی‌و فەرەنسایی دەبێ ٠

سێ هەوالی ئابووری

چاوەڕوانیش‌دەکرێ بەرهەمی نەوت لە ساڵدا بگاتە ٢٦٠ ملیۆن تا ٣٧٣ ملیۆن تەن ٠

● دەوڵەتی بحرێن قۆناغەراتێکی بەبایی هەشتا ملیۆن دولار لە گەڵ کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئیمزاکردوە ٠ بەگوێرەی ئەم قۆناغەراتە کومپانیاکە گازی سروشتی لە کانگا نەوتی‌یەکانی ئێو ئاوەکانی بحرێن دەردێنێ‌و هێندێك لە بەرهەمەکانیشی

لە ساڵی ٧٦دا بەرهەمی پترۆڵی پاڵاوراوەی دەوڵەتانی « اوپك » گەیشتۆتە نیزیکەی ٢٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ، لە کاتێکدا بەرهەمی نەوتی جیهان بەگشتی گەیشتۆتە ٦٢ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژدا ٠

ئەمە لە ڕاپۆرتێکدا هاتوە کە ساڵی ڕابردوو دەرچوو ٠٠ هەروەها لە قەرساندنەکان‌دا دەرکەوتوە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و دەریای ناوەڕاست لە ساڵدا نیزیکەی ١٦٠ ملیۆن تەن بەرهەم دێنێ ٠

لە ئێران «٨٠٥» کەس لەسەر خۆپیشاندان خرانە زیندانەوە

دوێنێ لە تاران ئاشکراکرا کەوا ژمارەی گیراوەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تەورێز گەیشتوتە «٨٠٥» کەس لە کاتێکدا «١٦٠»یان بە کەفالەت بەردران ٠

ڕۆژنامەی « اطلاعات »ی ئێرانی ناوی «١٢» کەسی بڵاوکردەوە کە لەڕووداوەکانی ئەم دوایەدا کوژراون ، لەوانە دوانیان قوتابی بەشی « فەلسفەفە »ی زانکۆی ئاذەرئابادەگانی تەورێزن ٠

هەروەها ڕاگەیەنرا کەوا بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات کە پاش ڕووداوەکانی تەورێز دانرابوو لەکار لادراوە ، بێ ئەوەی هۆی ئەم لادانە باس بکرێ ٠

کۆبوونەوەی بدرانو ئەلفرید ئەثرتن

دوێنێ مضر بدرانی سەرەك وەزیرو وەزیری دەرەوەی ئەردەن لە گەڵ ئەلفرید ئەثرتنی نێرراوی ئەمەریکی بۆ ئاوچەی عەرەبی کۆبوەوە ٠ هەردووکیان باسی ئەو کەینو بەنیانەیان کرد کە ئێستا ئەکرێن بۆ بەدی‌هێنانی چارەسەرکردن لە نێوان قەوارەی زایۆنی و ڕژێمەکەی سادات‌دا و بەشداری کردنی ئەردەن لەم مەسەلەیەدا ٠

دوینێ ئەثرتن لە عمانەوە بەرەو قاهیرە ڕۆیشت پاش ئەوەی لە ئەردەن لە گەڵ مەلیك حسیندا کۆبوەوەو باسی توانای بەشدارکردنی ئەردەن لە گفتوگۆکانی چارەسەرکردنی خۆبەدەستەوەدەرانەدا کرا ٠

ئا٠ د٠ ع٠

Institut Kurde de Paris

لیکولینەوەی — سیاسی

دەربارەی دوا ئاژاوەکانی لوبنان

ئالۆزی دۆخی لوبنان وەك ئەلقەیەك لەو زنجیرە پیلانە کە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستی بۆ ناوچەی عەرەبی‌ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان ڕێك خستوە ، هەروا بەردەوامەو ڕۆژ بە ڕۆژیش شتی تازەی دێتە سەر ٠

لەلایەك هێزە دەستە ڕاستی‌و کۆنە پەرستەکان لە خوارووی لوبناندا بە هاودەستی‌و هاوکاری هێزەکانی زایۆنی دوژمن لەسەر خۆشکردنی ئاگری فیتنەو ئاژاوە نانەوە لەو ناوچەیەدا بەردەوامن‌و هەوڵ دەدەن ئەوەندەی لە دەستیان بێ هەڵوێستی هێزە هاوبەشەکانی بەرگری فەلەستین‌و بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی لوبنان لاوازبکەن ٠ لەو چەند ڕۆژی دواییدا هێزە کۆنەپەرستەکان لە بێشەرمی خۆیاندا گەیشتوونە ئەوڕادەیە کەهەڕەشەیان لەدانیشتوانی گوندەکانی سنوور کردوە کە ئەگەر بێتو هاوکاری خۆیان لەگەڵ هێزە نیشتمانی‌یەکان دریژە پێ بدەن ، بەتەقاندنی ئیزگەکانی (محطات) ئاووکارەبا ئەو گوندانە دەخەنە تاریکی‌و پێ ئاوی‌یەوە ٠

لە لایەکی تریش ڕۆژنامەی « النهار » نووسیویە کە الیاس سرکیس سەرکۆماری لوبنان بەچەشنێکی هەراو کەوتۆتە پێوەندی‌گرتن لە گەڵ هەموو لایەنە شەڕکەرەکان بۆ وتوویژ دەربارەی گەلاڵەیەکی تازەی ڕێك‌کەوتن‌و ئەو گەلاڵەیەش لەمانگی ئازاردا بڵاو دەکرێتەوە ٠

وەك ڕۆژنامەکە نووسیویە گەلاڵە نوێیەکە لەسەر چەند نوختەیەکی سەرەکی ساخ دەبێتەوە کە بریتین لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و دانانی سەرۆکی حکوومەت‌و بەش‌کردنی ئەو سێ سەرۆکایەتیە لەسەر بنەڕەتی تایفەگەری‌و دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری‌و دادگایەکی تر بۆ موحاکەمەی سەرکۆمارو ئەندامانی حکوومەت‌و بەشکردنی ژمارەی نوێنەرانی پارلەمان لەسەر بنچینەی تایفەگەری ٠

ڕۆژنامەکە لەدواییدا نووسیویە زۆر وێ دەچێ پاش پەسندکردنی گەلاڵەی ڕێك‌کەوتنەکە حکوومەتێکی نوێ دابمەزرێ بۆ ئەوەی ئەم گەلاڵەیە بخرێتە نێو بەیاننامەیەك کە وەزارەت بۆ بڕواوەرگرتن دەیدا بە پارلەمان ٠

ئەوەی بۆ هەمووان ئاشکرایە هێزە دەستەڕاستی‌و کۆشە گیرەکان هەر لەسەرەتاوە کە ئاگری شەڕی ناوخۆیی لوبنانیان هەڵگیرساند هەوڵی وەدی هێنانی یەکێك لەم دوو مەبەستە چەبەلەی خوارەوەیان بوو : یان دابەش‌کردنی لوبنان لەسەر بنەڕەتی تایفەگەری ، یان ئەگەر ئەمە سەری نەگرت چەسپاندنی سیستەمی تایفەگەری لە حکوومەتی لوبناندا ٠

بەڵام مەبەستی هێزە نیشتمانی‌یەکانی لوبنان‌و لەگەڵ ئەوانیشدا هێزەکانی بەرگری فەلەستین‌و هێزە خێرخوازەکانی عەرەب لەسەرەتاوەو تا ئێستاش شتێکی تر بووە کە بریتی‌یە لە پاراستنی یەکێتی خاکی لوبنان‌و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتی‌و میللی لەووڵاتەدا ، واتە حکوومەتێك کە کۆمەڵانی خەڵکی لوبنان بەهەموو تیرەو تاقمەکانیانەوە لە سێبەریدا بەبرایەتی بژین‌و پێکەوە بۆ بنیاتنانی دوارۆژی پڕ بەختەوەری وڵاتەکەیان تێ بکۆشن ٠

هەزاران‌و هەزاران ڕۆڵەی پەوەفای گەلی لوبنان‌و شان بەشانی ئەوانیش قارەمانانی بەرگری فەلەستین لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا گیانی خۆیان بەختکردو گیانی زۆر سەرکردەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازیش هەر لە پێناو ئەو ئاواتە پەرزەدا کەوتە بەردەستدرێژی هێزە کۆنە پەرستەکان‌و هێزە زایۆنی‌یە هاوبەیمانەکانیان ٠

گەلاڵەکردنی ئەو شێوە تازەیە بۆ « چارەسەری » کێشەی لوبنان ئەگەر نیشانەی شتێك بێ ، تەنیا نیشانەی ئەوەیە کە هێزە کۆنەپەرستەکان تێ‌گەیشتوون کە لە قۆناخی ئێستادا بۆیان ناکرێ مەبەستی یەکەمیان واتە دابەشکردنی خاکی لوبنان لەسەر بنەڕەتی تایفەگەری وەدی بهێنن‌و جارێ دەیانەوێ بەوەدی هێنانی مەبەستی دووەمیان - دامەزراندنی سیستەمی تایفەگەری - قۆناخێك بەرەو مەبەستی سەرەکی‌و ڕاستەقینەیان ببڕن ٠

عیراقی حەفدەی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هەر لە سەرەتاوە جەماوەری نەتەوەی عەرەب‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی بەرامبەر ئەو نیازە چەپەڵەی هێزە گۆشەگیرەکان وریا کردۆتەوەو بەش بەحاڵی خۆشی لە پێناوی پاراستنی یەکێتی‌و عەرەبایەتی لوبناندا هەموو یارمەتی‌یەکی مادی‌و مەعنەوی بەهێزە نیشتمانیەکانی لوبنان‌کردوە ٠

ئێستا ئەرکی هێزە خێرخوازەکانی عەرەب‌و دەوڵەتە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبە کە زیاترو کاریگەرتر لە جاران پشتی داخوازە ڕەواکانی هێزە نیشتمانی‌یەکانی لوبنان بگرن‌و یارمەتی‌یان بدەن بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی‌ی کێشەی لوبنان ، ئەویش بەدوایی هێنان بەسیستەمی تایفەگەری‌و جێگرکردنی حکوومەتی دیموکراتی گەلی‌ی لەو وڵاتەدا ٠

خۆپاراستن لە هەڵەی نووسین

صباح غالب سلێمانی

ئەگەر بە چاوێکی وردبینی‌وزمانزانینەوە سەرنجی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبە کوردییەکان بدەین ، گەلێك « هەڵەی باو »ی زمانەوانییان‌تێدا دەبینین ، ئەم هەڵانە لە کاروباری رۆژانەشدا لەسەرزاری خەڵکی بەتایبەتی لەناو خوێندەوارو رۆشنبیرو ئەدیبەکاندا دەگوترێنو بڵاوبوونەوە ، دەنا خەڵکەساکارو ناو بازاڕیو ئەوانەی کێڵگەو کارگەکان ئەو هەڵانەناکەن ، دیارە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئەوان هێندەی خوێندەواران لەژێر تاوی زمانی دیکەدانین .

قسەیەکی وا هەیە کە « هەڵەی باو لە راستی وڕبوو پەسەندو چاترە » ، ئەمەپێمۆایە ئەوە قسەیەك نییە نرخێکی زانستیو راستی بۆدابنرێ ، چونکی لە هەر مەیدانێکدا بێ پێویستە کەهەست بەبوونی چەوتیو هەڵەکرا هەوڵبدرێ بۆچاککردنو راستکردنەوەی ، دیارە خۆراهێنان بەو جۆرەوهاتنەوە سەر رێگای راستو دروست ، ئەوا مرۆڤ لەژیانیدا کەمتر دووچاری دەردی سەری دەبێ ، پەیرەوکردنی ئەو گۆتەی سەرێ نیشانەی دواکەوتوویی‌و خۆبەزلزانینو لە خۆرازی بوونە ، یە چەشنێ مرۆڤی‌رۆشنبیرو ئەدیب ددان بە هەڵەی خۆدا نەنێن ، کەئەوەش بۆ خۆی دەردێکی کەمنییە .

ئەوانەی ئەو هەڵانەدەڵێنەوە یا دەنووسنەوە بەزۆری ئەو کەسانەن رەنگبێ‌سەلیقەیی رۆڵێکی تەواوی لەو بارەوە هەبێ ، بێ ئەوەی‌بایەخێکی تەواوی وردبینی بە نووسینەکانیان بدەن یاپێیدا بچنەوە ، بێگومان تەنها بوونی وشەی کوردی شەقڵی‌خۆماڵیو کوردانە دوانو قسەکردن بە دەستەوە نادەن‌بەڵکو دەبێ دەستوری زمانی کوردی بەشێوەیەکی راستورەوان بە نەزەر وەربگیرێ ، ئەوجا دەبێتە کوردانە دوانیا کوردانە نووسین .

ئێمە بە نموونە چەندەهەڵەیەکی نێو نووسینی کوردی پێشکەش دەکەین بەو نیازەی کەڵکی لێوەربگیرێو نووسەرەکانیشمان هەوڵی‌ئەوە بدەن تا بۆیان دەکرێ خۆ لە چەوتیو نادروستی‌زمان بپارێزن ، ئەوەی جوانیو شیرینیو رەوانی‌زمانەکەمان وەك چۆن هەیە هەر وا بمێنێتەوە ، یا هیچنەبێ ئەگەر دەستی پێدا نەیەو بەرەو پێشەوە نەبرێ بەناشیرینیو بەرەو دواوە نەبرێ .

ئیستگەو تەلەفزیۆن :

ئەو خوشکو برایانەی لەمدوو دەزگا زۆر گرنگەدا کار دەکەن بەداخەوە ئەوی‌هێجگار زەق بێو بە تەواوی ئاشکرا بێ ئەوەیە زمانی‌قسەکردنیان لە کوردی‌ناچێ ، با وشەو دەسەواژەکانیش‌کوردی‌بن ، بەڵام کە دارشتنو چۆنیەتی دروست بوونی‌رستەکان کوردی نەبوون ، ئەوا گوێگرو بینەر لەجیاتی‌ئەوەی ئارەزوی گوێگرتن یا ئەماشاکردنیان ببێ ،وەرزییەکو ناخۆشییەك لە لایان دروست دەبێ ، لەوەهەڵانە وەکو « گوێگرانی خۆشەویستم ، یا بینەرانی‌خۆشەویستم ، کە دیارە کورد وەها ناڵێ ، بەڵکودەڵێ « گوێگرە خۆشەویستەکانم ، بینەرەخۆشەویستەکانم » .

لە رۆژی ٥ـ٢ـ١٩٧٨ کاتی‌دووی پاش نیوەڕۆ لە هەواڵەکاندا زۆر هەڵەکرا . بۆ نمونە گوترا « ئێستا ئەم بانگەوازە ئەدەین بەگوێتانا » ، ئەو جۆرە رستەیە جگە لەوەی هەڵەی‌تێدایە ئەدەبیش نییە ، کە بیانەوێ بێ‌هەڵەو جوانتربێ،دەبێ بگوترێ « ئێستا ئەم بانگەوازتان پێشکەش دەکەین یا ئێستا ئەم بانگەوازە بڵاو دەکەینەوە » .

ئەم هەڵانە نەك هەر ئەوانەی ئیستگەو تەلەفزیون دەیکەن ، بەڵکو گەلێ لەبرا نووسەرەکانیش لەم دەزگایانەدا لە هەموو قسەکردنێکیاندا زیاتر لەدەیان جەوتی دەڵێنەوە کە لێرەدا تەنها ئەوەندە دەتوانرێ بنوسرێ .

رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان:

نووسەرانمان فرەیان تووشی هەڵەی زمان دەبن هەر لە شتە درشتەکانەوە تا شتە وردەکان ، بۆ نموونە رستەی « شۆڕشی گەلاوێژ مەزن » ، راستییەکەی « شۆڕشی مەزنی گەلاوێژ »ە، یا « جەنگی گێتی دووەم »(١)، راستییەکەی جەنگی دووەمی گێتی »یە ، یا وشەی بەرزنجی هەڵەیەو شێوە عەرەبییەکەیەتی ئەو وشەیە بڵابۆتەوەو خەریکە شێوە رەسەنە کوردییەکەی لە بیربکرێ کە «بەرزنجەیی»یە ئاشکرایە وشەی بەرزنجە بە بزوێنی «ە» کۆتایی هاتووە بۆیە «ی» تیوە بزوێن دەچێتە نێوان بزوێنەکەو «ی» نیسبەتەوە ، وە دەبێتە بەرزنجەیی، یا هەڵەی « زمانی ئەدەبی یەکگرتوو » دیارە یەکگرتووە کە ئاوەڵناوە بۆ زمانەکە نەك بۆ ئەدەبەکە بۆیە راستوایە بگوترێ «زمانی یەکگرتووی ئەدەبی» .

رۆژنامەی هاوکاری لەوەتەی دەردەچێ لە هەموو ژمارەیەکیداو لە لاپەڕەی یەکەمدا هەڵەیەکی گەورە دەنووسرێتەوە ، ئەویش ئەمەیە « رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە » ، راست وایە بنوسرێ رۆژنامەیەکی گشتی‌ی هەفتانەیە ، چونکی گشتی‌یەکە ئاوەڵناوە بۆ رۆژنامەکە نەك بۆ هەفتەکە .

یا نووسەرێ دەنووسێ « دوێنێ زیاد لە پێویستم خواردەوە » بێگومان دەبێ بنوسرێ « دوێنێ زیاد لە پێویست خواردەمەوە »(٢) یا چیرۆك نووسێکمان دەنووسێ « لەسەر خۆ بۆجاری دووهەم پەردە سورەکەی پەنجەرەکانی جووتکردەوە »(٣) ئەوە هەڵەیەو راستییەکەی یەم جۆرەیە « لەسەر خۆ بۆ جاری دووهەم پەردە سورەکانی پەنجەرەکانی جووتکردنەوە » ، مادام دەڵێ پەنجەرەکان ئاشکرایە هەر پەنجەرەو پەلای کەمەوە پەردەیەکی پێوەیە ، بۆیە مەنتیق وایە پەردە سورەکانیش بە « کو » بێنو کردارەکەشیان کە کاك جیهان نووسیوێتی « جووتکردەوە » ئەویش بە « کو »یە‌و بنووسرێ « جووتکردنەوە » .

یا چیرۆك نووسێکی ترمان دەڵێ « هەموو دێکە بە ژنو پیاوەوە بانگ کرابوون بۆ سەرشایی کوێخا نەبێت »(٤) ئەو رستەیە هەموو هەڵەیەو دروستییەکەی بەم شێوەیە « کوێخا نەبێ هەموو دێیەکە بەژنو پیاوەوە بۆ سەر شایی بانگ کرابوون » . ئەو لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ « چیرۆك نووسی رووسی بەناوبانگ چیخۆڤ »(٥) بەڵام راستییەکەی وا دەنوسرێ « چیرۆکنووسی بەناوبانگی رووس چیخۆڤ » .

ئەگەر لا لە گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » بکەینەوە جگە لەوەی وشەی زانکۆ شتێکی نادروستەو بە زۆرەملی ئەو زاراوەیان سەباندوو بڵاوبۆوە چونکی زانستکا چێکای « جامعە »ی عەرەبی دەگرێتەوە ، ناوی گۆڤارەکەش وەك وشەکانو دارشتنی هەڵەیە کە دەبێ ئاسۆی زانستکا یا وەك زانکۆ هەڵەکە « ئاسۆی زانکۆ » بێ ، هەروەها با بڕوانینە نووسینێکی وەرگێڕاو لە گۆڤارەکەدا کە هەڵەی کەمی تێدانییە ، بۆ نموونە هەر لە رستەی یەکەمدا کە ئەمەیە « کردار لە رووی جاوگو جۆری دارشتنی بناغەی کاتی ئێستاو رابوردوو لە دیالێکتی ئیمرۆی سلێمانی‌دا دابەش دەکرێتە سەر ئەم کروپە مۆرفۆلۆژیانەی خوارەوە »(٦) سێ هەڵەی زۆر گەورەو هەست‌پێکراوی تێدایە ، لەم راستکردنەوەیەدا دەردەکەون راستی ئەو رستەیە بەم جۆرە دەنووسرێ « کردار لە رووی چاوگو جۆری دارشتنی بناغەی کاتی ئێستاو رابوردووەوە لە دیالێکتی ئیمرۆی سلێمانیدا دابەش دەکرێن »، لەو وتارەدا هەڵەی زمانەوانی هێجگار تێدایە ، کە دەبوایە زۆر بە دەگمەن هەڵەی تێبکەوتایە ، هیچ نەبوایە لە بەر ئەوەی نووسینەکە خۆی باسی رێزمانو زمانەوانییە ، هەر بۆ نمونە چەند هەڵەیەکی دیکە دەخەینە روو ، نووسەر دەنووسێ « کردارەکانی تێنەپەڕ ، کردارەکانی تێپەڕ »(٧) ئەمە پێویستی بە چەندو چوونی نییەو راستییەکانیان « کردارە تێنەپەڕەکان ، کردارە تێپەڕەکان »ە ، کورد ئاوەڵناو کۆ دەکاتەوە نەك ناو ، هەروەك وەرگێڕێ لە بری « پلنگە سورەکان » نووسیبوی « پلنگەکانی سوور » .

نووسەریکیش لە چیرۆکی « زەردەخەنەو ئەنجامدا » دووچاری هەڵەی زۆر بووە وەك دەڵێ « لێتان ناشارمەوە هێندەی ئەم ئێوارەیە دڵم خۆشە هەرگیز دڵ خۆشی وام بەخۆمەوە نەدیووە ... تەنانەت لە خەویشا »(٨) راستییەکەی ئەمە ئاوا دەنووسرێ « لێتان ناشارمەوە هێندەی ئەم ئێوارەیە دڵم خۆشە هەرگیز دڵخۆشی وام بە خۆمەوە تەنانەت لە خەویشا نەدیوە » یا لە هەڵەیەکی دیکەدا فازڵ دەنووسێ « بەراستی هەر چەندە گەر مرۆڤ دڵی خۆش بێ شوێنو کاتو زستانو بەهار ... کارێکی وایە نییە » .

هەڵەی دیکە زۆرنو ئەوانە بەسن ، ئەوەی جێگای داخە لە گەل ئەوەشدا زمانەوانی بەو جۆرەیە ، رەنگە راست بکەم لە سێچوار شێوەی رێنووس زیاترمان هەیە ، هەریەکەو جۆنی پێخۆش بێ وا دەنووسێ ، دیارە ئەمە کارێکی دژوار نەشیاوە ، پێویست بەوە دەکا رێنووسی یەکگرتوو بەکار بێ ، لەوە زیاتر کار بەو جۆرە بێشتێکی ناخۆشو ئەستەم دەبێ .

جا بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە پاشاگەردانیو هەڵەی زۆری نووسین رزگار بکەین ئەمن چەند پێشنیازێکم هەیە کە ئەوانەن :

١ ـ کادری زمانزانی راستەقینە بۆ هەموو دەزگاو رۆژنامەو گۆڤارەکان دابنرێ بۆ سەرپەرشتی زمانی نووسینیان .

٢ ـ چاکوایەو بگرە پێویستە هەموو کەسێ نووسین وەرنەگیرێ ، بەڵکو دەبێ یەکێکی شارەزا لە زمانی کوردیو لە زمانی دیکەدا بە جۆرێ لە نهێنیو کونو قوژبنی هەردوو زمانەکەدا پسپۆڕو لێهاتوو بێ ئەوجا مافی وەرگێڕانی پێبدرێ .

٣ ـ هەر کتێبێك با هەر بابەتێك بێ پێویستە خاوەنەکاتیان بۆ راستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانییان پێش لە چاپدان بیدەنە یەکێکی شارەزاو کارامە لەزماندا .

٤ ـ ئەو « مصحیح »انەی بۆ سەرپەرشتی چاپکردن دادەنرین ، پێویستە ئەوانیش لەزماندا زەوقیان هەبێو بەتەنگ پوختی زمانەکەوە بن .

٥ ـ یەکشێوە رێنووس بۆ نووسین بەکاربێو ئەوەی بەوشێوە نەبێ بڵاونەکرێتەوە .

لە کۆتاییدا بە ئاواتی ئەو رۆژەین کەمترین هەڵە لە نووسینو ئەدەبیاتماندا ببینینو سەرکەوتنی گشت لایە بۆ خزمەتکردن بە وشەی کوردی بە هیوا دەخوازین .

پەراوێزەکان :

١ ـ هاوکاری ژمارە ٤٠٤ رۆژی ٢٢ـ١٢ـ١٩٧٧ .

٢ ـ هاوکاری ژمارە ٣٥٨ رۆژی ٩ـ٣ـ١٩٧٧ ل ـ ٤ .

٣ ـ هاوکاری ژمارە ٤٠٥ رۆژی ٢٦ـ١٢ـ١٩٧٧ .

٤ ـ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، دارەکەی بەرماڵمان ، ل ـ ١٧ .

٥ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ـ ٢٤ .

٦ ـ ئاسۆی زانکۆیی ژمارە ٣ کانونی یەکەمی ١٩٧٧ ل ـ ٨٦ .

٧ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ـ ٨٦ .

٨ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ـ ٩٢ .

٩ ـ هەر ئەو سەرچاوەو لاپەڕە .

دزە نیگا

عوسمان شەیدا

وەکو خۆرێ ، کە ئیواران لە دوای بەفر بارینی زۆر
بەسەر ڕەنگی سپێتی‌یا پەخش‌ئەبێ ..
وانەنوێنی .. ئەو ساتانەی ئەرم ، ئەرم
دزە نیگات جەرگی هەمو نیگاکانی ڕێبوارانی
شەقام ئەبڕێ
چەند جوانەلێت ،
کاتێ کە هەست ئەکەی هەزار ..
حەسرەتو ئاخ
تێکەڵاوی ڕەوتت ئەبێ ، بزەیەکی فریشتەیی
لە لێوەکانت ئەئاڵێ !
جوانێ ..! لە چاوان بەدوربیت
کە گوڵی سور ئەکەی بە ناو شەوی قژتا
ئەڵێی هەڵاتنی خۆرە ،
لە بەیانیانی سروشتا
دە ڕێبواری ، بەیانیانی نیگای عەشقم
وەکو خورپە بەشە قامە ڕا مەبورە
چیتر حەزم ، با بۆ قژو چاوی ڕەشت
خوێن نەیگرێ ، وەك تەوقەی ئەو گوڵە سورە
خۆشم ئەوێ
وەکو خورپە ، بە شەقامە ڕامەبورە .

٢٨ـ١٢ـ١٩٧٦
سلێمانی

گۆنوشی خەز

فرید زاهدار

ئەکەی ... نا ... کۆچ ئەکەی گیانە ...
کۆچ‌کردنت .. کۆچی دڵە ..
نا .. ئەڕۆی .. نا .. ڕۆیشتنت ..
ڕۆیشتنی ...
ڕووبەندی بەر ... ڕەشەبایەو ...
چۆلەکەی بێ‌بۆپو چلە ...
نا .. ئەکەی .. نا .. دوورکەوتنت ..
تەزووی ئاخە ..
بێ‌وەندەو .. کەمەربەندی .. پشتی ڕێگام ..
ئەلقەی شلە ..
نا .. رووی‌حەزت .. وەزمەگیرە ..
کە دلداریت ...
زیندانو زنجیری ملە ...
ماڵ‌ئاوایم .. لێ‌ئەکەی .. نا ..
دڵ‌من .. گورستانێکە ..
تاریکایی .. تەرمی ساردی .. خۆشەویستی ..
تیا ئەنێژی ...
ئاخی من .. گورەپانێکە ..
.. چاوی وێلم ... ئەسری‌ویستی ...
تیا ئەڕێژێ !!

نوقمت بەگ بوچی خۆشت گرتوە؟

بەپێنووسی : عەزیز نەسین — وەرگێڕ : مەغدید سۆران

حەڵوای بە زەعفەرانی دەخۆم، هەرگیز نەخۆشیشم نەگرتوە ، تۆ دەبێ شتێکی زۆر خەراپت خواردبی الە رۆژتی بەم رۆژە گەیاندووە .

ـ لەپاش نانخواردنیش گندۆرەشم خوارد ، لەگەڵ دووسێ باقلاوە ...

ـ باقلاوە بۆ هێمنی دەمارەکانو بەهێزکردنی بەدەن زۆرباشە ..

ـ زۆریان بۆ هێناوین ، دەتەوێ چەند کیلویەکت بۆ بنێرم ؟

ـ سوپاست دەکەم ، ئێمەش زۆرمان هەیە ، لە دواییدا نەمانزانی خورشتەکەت لە چی‌یەوەیە ؟

ـ راستی وەبیرم هاتەوە، دووسێ نان قەیماخیشم خوارد .

ـ ئەمە چ فەرمایشتێکە ، نانە قەیماخیش خەراپ نیە .

ـ راستە بەڵام ئاخر قەیماخەکە هی گامێش بوو .

ـ باشە هەموو رۆژێ من قەیماخی گامێش دەخۆم بۆ هەرگیز خورشتم ناگرتوە ؟

ـ کاتی نووستن یەکدوو مۆزو نیو گوێزی هیندیشم خوارد ..

ـ گوێزی هیندی‌و مۆز هەردووکیان دەرمانی ئارامی دەمارن ... خورشت ناتێنن .

ـ کەوابێ بۆ خورشتم گرتوە ؟

ـ رەنگە پزیشکەکان بە هەڵە چووبن ، تۆ نەخۆش نەبی .

ـ ئەدی بۆ هەموو بەدەنم دەخورێ ؟

ـ هەموو خورشتێك خۆ نەخۆشی نیە ..

ـ ئەی دەبێ چی‌بێ ؟

ـ رەنگە هەر خووبێ ..

ـ نەبابە ، من تەنیا یەکجار وام بەسەرهاتوە .

ـ کەوابێ ماف بەتۆیە ، نەخۆشی‌یە .

ـ دەڵێم شیرم‌خواردوە ، لەونەبێ ؟

ـ نەبابە شیر ئەم نەخۆشی‌یە چادەکانەوە .

ـ بەڵای تۆوە دەبی لە هێلکەو خاویار نەبێ ؟

چونکە هەموو بەیانیان خاویاری رەشو زەردێنەی هێلکە دەخۆم .

ـ ئەگەر ئەمانە خورشت بێنن ، من بیست ساڵ بەر لە ئێستا ئەم نەخۆشیەم دەگرت !

ـ ئیتر چیترم وەبیرناتێتەوە کە خواردبم .

ـ رەفعەت گیان ئاوی قوراوت نەخواردبێتەوە ؟

ـ نە بەقوربانت بم ... من ئاوی کانزاییم بۆ لە سوێسەوە بۆ دێنن ، مەگەر ئاوی لوولەکێشی ئێرە دەخورێتەوە ؟!

ـ پێمبڵێ ، ئەو شەوە چ جۆرە مەیەکت خواردەوە ؟

ـ من تەنیا وەسکی بە سۆدە ئەخۆمەوە ، ئەویشم بۆ لە دەرەوە دێنن چونکە لە بازار ناکرم مەبادا دەسکاری کرابێ ..

ـ سەرم لەو نەخۆشیە دەرناچێ، دووبارە روبکەرەوە لای پزیشکەکان .

ـ پزیشکەکان دەڵێن هی خواردەمەنی نیە .

ـ دەنا چ مرۆڤیکیش لە خۆیەوەو بێ‌هۆ نەخۆشی ناگرێ ..

ـ نازانم ، هەر چۆنیبێ ئەوەندە دەزانم کە زۆر نەخۆشم ، ئیستاکە لەگەڵ تۆ ئەدۆیم بەکوێیەی تەلەفۆنم بەدەستەوەیەو بەدەستەکەی‌تریش بەدەنم دەخورێنم .

ـ برادەر شتێکی وبیر هاتەوە .

ـ ها ..

ـ بەمزوانە نانت خواردووە ؟

ـ نانت گوت ؟

ـ بەڵێ .

ـ نانی‌چی .

ـ لەونانە ئاسایانەی کە ناناواکان دەی‌کەن .

ـ راستت دەوێ من نان ناخۆم مەبادا قەلەووم بکات ، بەڵام نازانم ئەو رۆژە چۆن بوو دووسێ تیکەم بە قەیماخ خوارد .

ـ زووترت گوتبایەو بمت

بروانە ل ٧

ـ هەلەو ، هەلەو ، رفعەت بەگ .. سەلاوتلێبێ، بابە ئافەرین ، چەند رۆژە دیارنیت ، کێ دەزانێ لە کوێیت ؟

ـ کەمال گیان تۆی بیری ئێمەت کردۆتەوە ...؟

ـ دوێنی شەو لە مێوانی پارێزگار دیارنەبوویت زۆر دلتەنگبووم ، بەگیانیتۆ لە هەر دانیشتنێکدا نەبیت ، تام لە پۆکەر ناکەین ، پێم ناڵێی لەکوێی ؟

ـ هەرمەپرسە کەمال گیان تۆ لە حالی من ئاگادارنیت .

ـ بۆچی‌بوە ؟

ـ نەخۆشم .. ماوەیەکە، لەماڵەوە کەوتووم .

ـ خوا بەدنەدا ، چیتە ؟

ـ نەخۆشی خورشتم گرتوە .

ـ چی ، نەخۆشی خورشتت گرتوە ؟

ـ بەڵێ .. بەدەنم دەخورێ ، چ خوراتێك ، یەك چرکە ئارام ناگرم ، ئەمانی لێ هەڵگرتووم .

ـ وای ، وای ، وای ، چ دەردی بەدە .

ـ زۆر بەدە بێچارەبووم .

ـ بە زۆری کوێت دەخوری ؟

ـ هەموو گیانم .. هیچ شوێنێ نەماوە نەخورێ ...

ـ سەیرە .. استغفر الله .. نەچوویتە لای پزیشك ؟

ـ چۆن نەچووم !! لە هەر شوێنێ پزیشکێکی پسپور هەبووبێ چوومەتە لای .

ـ چی دەڵێن ؟

ـ چ بزانم هەریەکێ شتێ دەڵێ .. بەڵام هەتا ئێستا بنچینەی نەخۆشیەکەیان نەدۆزیوەتەوە .

ـ چون تووشی ئەم نەخۆشیە بوویت ؟

ـ وەللهی نازانم .. شەوێ لە ماڵەوە دۆلمەی گۆشت عەلیشیمان هەبوو جێگای تۆ خالی زۆر بەتامبوو ، دوو قاپم‌خوارد ، دەبێ لەوەوەبێ ؟

ـ ئەمە چ قسەیە ؟ ئەگەر دۆلمەی گۆشتی عەلیشیش خورشت دروستبکا ، دەبوایە من پێشی هەموو کەس بم‌گرتایە ، دەستی‌کەم حەفتەی دووجار هەرجارێ پێنج شەش قاپ دەخۆمو هیچیشم لێ‌نایێ ...

ـ هەتا ئێستا قەت خورشتت نەگرتوە ؟

ـ هەرگیز .

ـ ئاخر من پێش خواردنی دۆلمەکە کەمی کەبابی گۆشت ئاسکیشم خواردبوو .

ـ لەویش‌نیە ، کێ بیستوویەتی کەبابی گۆشتی ئاسك خورشت بێنێ ؟ نەء، دەبێ شتێکی‌ترت خواردبێو لەبیرت چووبێتەوە .

ـ بۆ جووانەوەی ئیشتیها یەك کەمی سەلاتەی ئالوبالوو قابێ ماستو سیریشم خواردبوو .

ـ لەوانەش نیە

ـ لە حەڵوای شەکری نەبێ ؟ لەبەر ئەوەی زەعفەرانیان لە حەڵواکە کردبوو قاپێکی پێش چێشتیشم لەوخوارد .

ـ نەء ، من هەمیشە لەونەبێ ؟

ـ نەبابە شیر ئەم نەخۆشی‌یە چادەکانەوە .

ـ بەڵای تۆوە دەبی لە هێلکەو خاویار نەبێ ؟

چونکە هەموو بەیانیان خاویاری رەشو زەردێنەی هێلکە دەخۆم .

ـ ئەگەر ئەمانە خورشت بێنن ، من بیست ساڵ بەر لە ئێستا ئەم نەخۆشیەم دەگرت !

ـ ئیتر چیترم وەبیرناتێتەوە کە خواردبم .

ـ رەفعەت گیان ئاوی قوراوت نەخواردبێتەوە ؟

ـ نە بەقوربانت بم ... من ئاوی کانزاییم بۆ لە سوێسەوە بۆ دێنن ، مەگەر ئاوی لوولەکێشی ئێرە دەخورێتەوە ؟!

ـ پێمبڵێ ، ئەو شەوە چ جۆرە مەیەکت خواردەوە ؟

ـ من تەنیا وەسکی بە سۆدە ئەخۆمەوە ، ئەویشم بۆ لە دەرەوە دێنن چونکە لە بازار ناکرم مەبادا دەسکاری کرابێ ..

ـ سەرم لەو نەخۆشیە دەرناچێ، دووبارە روبکەرەوە لای پزیشکەکان .

ـ پزیشکەکان دەڵێن هی خواردەمەنی نیە .

ـ دەنا چ مرۆڤیکیش لە خۆیەوەو بێ‌هۆ نەخۆشی ناگرێ ..

ـ نازانم ، هەر چۆنیبێ ئەوەندە دەزانم کە زۆر نەخۆشم ، ئیستاکە لەگەڵ تۆ ئەدۆیم بەکوێیەی تەلەفۆنم بەدەستەوەیەو بەدەستەکەی‌تریش بەدەنم دەخورێنم .

ـ برادەر شتێکی وبیر هاتەوە .

ـ ها ..

ـ بەمزوانە نانت خواردووە ؟

ـ نانت گوت ؟

ـ بەڵێ .

ـ نانی‌چی .

ـ لەونانە ئاسایانەی کە ناناواکان دەی‌کەن .

ـ راستت دەوێ من نان ناخۆم مەبادا قەلەووم بکات ، بەڵام نازانم ئەو رۆژە چۆن بوو دووسێ تیکەم بە قەیماخ خوارد .

ـ زووترت گوتبایەو بمت

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی بەڕێز پیرۆزبایی لەسەرۆکی فنلندا دەکا

بەڕێز سەرۆك احمدحسن البكر بروسكەیەكی پیرۆزبایی بۆ سەرۆك ئەرهوكیكونین سەرەك كۆماری فنلندا ناردوە بەبۆنەی سەرلەنوێ هەلبژاردنەوەیەوە بە سەرەك كۆمار • ئەمەش تەواوی بروسكەكەیە :

بەڕێز ئەرهوكیكونین سەرەك كۆماری فنلندا ـ هلسنكی ••

بەبۆنەی سەرلەنوێ هەلبژاردنەوەتان بەسەرەك كۆماری فنلندا ، پێخۆشحالم بەناوی گەلو حكومەتی عیراقو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایتان پێشكەش بكەم •• ئاواتەخوازم كە ئێوە بێوەیبن و گەلی فنلندەی دوستیش لەگەشانەومو خۆشگوزەرانیدابێت •

احمد حسن البكر
سەرەك كۆماری عیراق

میوانداری كوشكی كوماری

دوێنێ بەڕێز عبدالقادر نعاس شانە بەڕێوەبەری گشتی لەمەكتەبی ڕێكخراوە میللیەكاندا ـ ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ـ چۆنە كۆشكی كۆماری بۆ سوپاس كردنی سەرەك كۆمار بەدانانی لەو پایە نوێیەداو ناوی خۆی لەدەفتەری میواندارییدا تۆمار كردوە •

هەروەها بەڕێزان ماجد عبدالستار فاضل پارێزگاری بەسراو دكتۆر براق سعید یحیی بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیای پیشەسازی ئۆتۆمبیلو دكتۆر احسان ابراهیم حسین عمیدی كۆلیجی پزیشكیو كامل محمود حسن بەڕێوەبەری گشتی دارستانەكان چوونەتە كۆشكی كۆماری بەبۆنەی گەڕانەوەیان بۆ ولاتو ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار كردوە •

هەروەها بەڕێز خالد عبدالحلیم جاسم سەرۆكی دەزگای خەتی شەمەندەفەرو بەڕێز كنعان عبدالجبار جواد بەڕێوەبەری دەزگای خالسی كشتوكالی چونەتە كۆشكی كۆماری بۆ دوعاخوازی بە بۆنەی سەدەریانەوە بۆ دەرەوەی ولاتو ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار كردوە •

كۆبونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

● رۆژی شەممەی رابوردوو كەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد عز امین سەرۆكی ئەنجومەن كۆبوەتەوە ، لە كۆبونەوەكەدا بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری دەولەت بۆ ڕێكخستنی كاروبار لەگەل دەزگاكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەشداربوو ، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەخێر هاتنی لە بەڕێز وەزیری دەولەت بۆ ڕێكخستنی كاروبار لەگەل دەزگاكانی ئۆتۆنۆمیدا كردەوو پەیمانی بە سەركردایەتی سیاسی داوە كە هەوڵ بدات تاقی كردنەوەی ئۆتۆنۆمی بەهاوكاری كردن لەگەل سەرۆكایەتی ئەنجومەنی رابەڕاندنو ئەمینداره گشتیەكاندا بكەیەنێتە پلەیەكی بەرز بۆ پیشخستنی ناوچەكە • دوای ئەوە ئەنجومەن دەستی كرد بەلێكۆلینەوەی خشتەی ئەو كارانەی بۆ ئەم كۆبونەوەیە ئامادە كرابوو كە ئەویش بڕێتی بوون لە چەندگفتوگۆو پێشنیارێك بۆ پەرەپێدانی ناوچەكە •

بەیاننامەی پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان

لە سەرەتای ئەم مانگەدامەكتەبی سیاسی پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان بەبۆنەی جەژنەكانی نەورۆزو ئازارەوە ، بەیاننامەیەكی دەركردوە ، لە بەیاننامەكەدا داوای پارێزگاری ئەوەدەستكەوتە گەورەو پایەخدارانەی كردوە كە شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بە سەركردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بۆ گەلی عیراقمانی وەدیهێناوە •• بەیاننامەكە دەڵێت •• ئەمڕۆ لە هەشتی ئەمەمانگەدا كە جەژنی سەركەوتن دەكەین بە بۆنەی رۆژی ئافرەتان لە جیهاندا پاش ئەمە ئاهەنگ دەگێڕین لە جەژنەكانی ١١ی ئازارو ئەورۆز بە خۆشیەوە بەرەو رمان دێت • ئەورۆز جەژنی نەتەوایەتی گەلی كوردە كە ئێستاكە بۆتە جەژنێكی نەتەوەیی و نیشتمانی هەمو گەلی عیراق بە عەرەبو كوردو هەمو كەمە نەتەوایەتیەكانەوە كە لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی پێشكەوتنخوازدا وەك برا دەژین •

هەروەها ئەو بەیاننامەیە دەڵێت •• بە بۆنەی داهاتنی مانگی دەستكەوتو جەژنو خۆشیەوە ، بە بۆنەی نەورۆزی نەمرەوەجەژنی گەلی كورد ، كە نیشانەی سەر بەستی و رزگار بونە لە چنگی چەوسێنەری زۆردار، لە گەرمەی ئاهەنگ گێڕانمان بە جەژنی سەركەوتنو تێپەڕ بونی دەكەین بە بۆنەی رۆژی ئافرەتان لە جیهاندا پاش ئەمە ئاهەنگ دەگێڕین لە جەژنەكانی ١١ی ئازارو ئەورۆز بە خۆشیەوە بەرەو رمان دێت • ئەورۆز جەژنی نەتەوایەتی گەلی كوردە كە ئێستاكە بۆتە جەژنێكی نەتەوەیی و نیشتمانی هەمو گەلی عیراق بە عەرەبو كوردو هەمو كەمە نەتەوایەتیەكانەوە كە لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی پێشكەوتنخوازدا وەك برا دەژین •

هەروەها ئەو بەیاننامەیە دەڵێت •• بە بۆنەی داهاتنی مانگی دەستكەوتو جەژنو خۆشیەوە ، بە بۆنەی نەورۆزی نەمرەوەجەژنی گەلی كورد ، كە نیشانەی سەر بەستی و رزگار بونە لە چنگی چەوسێنەری زۆردار، لە گەرمەی ئاهەنگ گێڕانمان بە جەژنی سەركەوتنو تێپەڕ بونی سەركەوتن

بەبۆنەی رۆژی ئافرەتانەوە

بۆئەوەی هەموو رۆژێ ببێتە رۆژی ئافرەت

● وەك ئاشكرایە كۆمەڵە هاوچەرخەكان تا وەكو ئەمڕۆ ئالوگۆڕێكی خێراو گەورەیان لە مەیدانەكانی ئابوریو كۆمەڵایەتیو زانستی و سیاسیدا كردوە ، كە ئەم ئالو گۆڕە ، وەئەبێ بە تەنیا هەر بەباڵای ولاتە پیشەسازیەكاندا بڕابێ ، بەڵكو هەندێ لە ولاتە تازە گەشەكردۆكانیشی گرتۆتەوە ، ئەویش دوای ئەوەی ئەم ولاتانە توانیان بە خەباتی سەختو خوێناویو تفتو تاڵیان سەربەستی سیاسی خۆیان بستێنو بە ساری

بروانە ل ٧

بەڕێز وەزیری دەولەت بۆ ڕێكخستنی كاروبار لەگەڵ دەزگاكانی ئۆتۆنۆمیدا لەناوچەی كوردستاندا چەندناوچەیەكی پارێزگای هەولێری بەسەركردۆتەوە

دوێنی بەڕێز خالد عبدعثمان وەزیری دەولەت بۆ ڕێكخستنی كاروبار لە گەڵدەزگاكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا گەشتێكی بە سەركردنەوەیبۆ هەندێ لە ناوچەكانی پارێزگای هەولێر كردوە • لەگەشتەكەیدا سەری لە گوندە هاوچەرخەكانی شاوەیس و پیرزین و بەستورەی پارێزگای هەولێر داوە ، لەسەردانەكەیدا گوزمرانی هاووڵاتانی ئەو ناوچانەیبەسەركردۆتەوە •

بەڕێز وەزیری دەولەت داوای لە هاووڵاتیان كردوە كە هەوڵی چەسپاندنی ئەو دەستكەوتانە بدەن كە شۆڕش بۆی وەدیهێناون • ئەویش لە گیانێكی نیشتمان پەروەرانەی عیراقیانەی ڕاستەقینەوە ، ئەوەشی بۆ دووپات كردۆتەوە كە سەركردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش بایەختێكی زۆر تایبەتی داوە بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ئەویش بە بەدەنگەوە چونی پێویستیكانیو جێبەجێ كردنیانو پێشكەشكردنی گەلێ خزمەت گوزاری بەدانیشتوانی ناوچەكە •

بەڕێز وەزیری دەولەت لەم گەڕانەیدا بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆكی ئەنجومەنی رابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو هاوڕێ عدنان داود ئەمینداری نهێنی لقی ژوروی حزبو هەندێك لە ئەمینداره گشتیەكانی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی رابەڕاندنو بەڕێز پارێزگاری هەولێری لەگەڵدابوە •

ڕاستەوخۆ دوای ئەم گەڕانە بەڕێز وەزیری دەولەت بەشداری ئەو كۆبونەوەیەی كردوە كە لە بارەگای ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی لە هەولێر كراوە • لە كۆبونەوەكەدا بەڕێزان هەردو سەرۆكی ئەنجومەنی رابەڕاندنو یا ساداناو هاوڕێ ئەمینداری نهێنی لقی حزبو هەندێك لە بەڕێزان ئەمینداره گشتیەكانو بەڕێز پارێزگاری پارێزگاكەو هاوڕێ ئەمینداری نهێنی سەركردایەتی لقی هەولێرو لێپرسراوانی دەزگا خزمەت گوزاریكانی پارێزگاكە بەشدار بوون •

لە كۆبونەوەكەدا بڕیاری بێكهێنانی سێ لیژنە دراوە بۆ پارێزگاكانی ناوچەكە بەڕێز ئەمینداری گشتی بۆ بەڕێوەبردنی كشتوكالو چالكردنی كشتوكال سەرۆكایەتی لیژنەی پارێزگای هەولێر دەكات و ئەمینداری گشتی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆ سەرۆكایەتی لیژنەی پارێزگای دهۆك دەكات •

هەر لیژنەیەكیش ئەندامەكانی بریتی دەبن لە بەڕێز پارێزگارو هاوڕێ ئەمینداری نهێنی لقی حزب لە پارێزگاكەدا لەگەل سەرۆكی دایرە خزمەت گوزارێكانی هەریەكێك لەو پارێزگایانە بۆ ئەوەی گشتی مەیدانی لە دیهاتەكانی ناوچەكەدا بكەنو لەباری گوزەرانو پێویستی یەكانیان بكۆڵنەوە ، وە لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێكی تەسەل پێشكەش بكەن كە ماوەكەی نابێت لە مانگی تێپەڕ بكات •

میهرەجانی ئافرەتان لە هەولێر

● یەكێتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر بەبۆنەی رۆژی ئافرەتانی جیهانەوە میهرەجانێك ساز دەكات كەماوەی پێنج رۆژ دەخایەنێت لەرۆژی ٣/٨دا ئافرەتانی شارەكە لە خۆنیشاندانێكی گەورەدا خۆیان نیشان دەدەنو بەو بۆنەیەوە چەند وتارێك دەخوێننەوە ، ئینجا لە بەیانی ٣/٩دا دەوازێك هەڵدەدرێتو خواردەمەنی دەكرێت ، هەر لە ئیوارەی ئەو رۆژەدا فلیمێكی كۆمەڵایەتی لەسینەمای سیروان نیشاندەدرێت هەروەها لە رۆژی ٣/١٠وە بۆ ماوەی دوورۆژ بازاڕێكی میللی دەكرێتەوەو لە رۆژی ٣/١١دا خواردەمەنیو شیرینی دابەش دەكرێتو دایەنگای یەكێتیی دەكرێتەوەو لە ٣/١٢شدا لە هۆڵی (ابن المستوفی) ئاهەنگێكی گەورە ساز دەكرێت •

پ• هاوكاری

وەفدێكی عیراقی گەیشتە تاران

دوێنێ وەفدی لیژنەی تەكنیكیی دامەزراو بەپێی پرۆتۆكۆلی سنورگە لەنیوان عیراقو ئیراندا مۆركراوە بەسەرۆكایەتی بەڕێز عدنان مصطفی بەڕێوەبەری گشتیی ناوخۆ ، گەیشتۆتە تاران • وەك ئاشكرایە لیژنەی ناوبراو بەشێوەیەكی دەوری كۆبونەوەكانی لەبەغداددا دەكات •

نەقیبی مامۆستایانی ولات چوە بۆ سلیمانی

نەقیبی مامۆستایانی ولات مامۆستا عادل احمد زیدان سەری داوە لە پارێزگای سلیمانیو لەلایەن سەرۆكو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە پێشوازی كراوە نەقیبی مامۆستایان لەو ئاهەنگەدا ئامادەبوو كە مامۆستایانی سلیمانی گێڕایانو پاداشتی ڕێز لێنانیان پێشكەش بەو مامۆستایانە كرد كە خزمەتیان زۆر كردوە •

پ• هاوكاری

بەڕێز وەزیری پیشەسازی داوای ڕەچاوكردنی دیموكراتیەت و واز لە ڕۆتین هێنانی كردوە بۆ خێراجێ بەجێ كردنی نەخشەكانی شۆڕش

بەڕێز محمد عایش ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو وەزیری پیشەسازی كانزاكان ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە پێویستە شێوەی دیموكراتیەت ڕەچاو بكرێتو واز لە ڕۆتین بهێنرێت بۆ دەستنیشانكردنی كۆسپو هەمو سەلبیاتێك بە مەبەستی چارەسەركردنیانو بەشداری كردن لە خێراجێبەجێكردنی ئەو نەخشانەی شۆڕش بۆ پەرەپێدانی داناوە •

دوێنی بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە سەرۆكایەتی كردنی كۆبونەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتیی پیشەسازیی ئینشائیدا داوای هاوكاریەكی تەواوی نێوان نیقابەكانو بەڕێوەبەرایەتیكانی دەزگا پیشەسازێكانیكردوە بە مەبەستی ئەوەی كە بەرهەم بەرەو چاكی ببرێتو بۆ جێبەجێكردنی ئەو بڕۆگرامانەی لە چوارچێوەی كەرتی پیشەسازیدا بۆ پەرەپێدان دیاری كراوە ئەمە بە شێوەیەكی تایبەتی ، وە بە شێوەیەكی گشتیی لە هەمو كەرتەكانی كەشدا •

بەڕێز وەزیری پیشەسازی وتویەتی •• پێویستە گوێڕایەڵی ئەو ئامۆژگاریە سوودداران بكەین كە كارگێڕانی دەزگاكانمان بۆ چارەسەری كۆسپو ئەو گیروگرفتانە پێشكەشی دەكەن كە ڕێگای كارو جێبەجێكردنی پڕۆژەكان دەگرن ، ئەویش بە هێنانەدی بەرهەمێكی زۆرترو جۆرێكی باشتر •

دوای ئەوە بەڕێز وەزیری پیشەسازیو كانزاكان گوێی لە باسێكی دوورو درێژی شێوەی كاركردنو ڕەوارەی بەرهەمو كۆسپو گیروگرفتی كاركردن گرت ، ئەویش بۆ لێكۆڵینەوەیان و نەهێشتنی ئەو گیروگرفتانەو بەرەو پێش بردنی ڕەوڕەوەی پیشەسازیی لە وڵاتدا ، بە جۆرێكی ئەوتۆ كە لەگەل ئامۆژگاریكانی سەركردایەتی حزبو شۆڕشدا بگونجێت •

ئا• د• ع•

بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن سەر لە كەركوك دەدات

دوێنی نیوەڕو بەڕێز سعدقاسم حمودی وەزیری ڕاگەیاندن سەری لە ئێزگەی تەلەفزیونی تەنمیم داوە ، لەو بەسەركردنەوەیەدا بەهەمو بەشەكانی ئەو ئێزگەیەدا گەڕاوەو گوێی لە پێویستیەكانی گرتوە ، كە داوای جێبەجێكردنی كردون•

دوای ئەوە بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن سەری لە مەڵبەندی ئێزگەیی وتەلەفزیونی كەركوك داوە كە ئەمە یەكێكە لەو سێ مەڵبەندەی لە بەسراو موسڵو كەركوكدا دروست دەكرێن ودوو ملیونو هەشتسەد هەزار دیناری تێ دەچێت ••• واچاوەڕوان دەكرێت كە مەڵبەندی كەركوك لە ئاهەنگەكانی وڵاتدا بەبۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبەوە لە حەوتی نیسانیداهاتودا بكرێتەوە •• وە وا چاوەڕوان دەكرێت كە بەڕێزوەزیری ڕاگەیاندن ئەمڕۆكە عەسر كۆڕێكی بۆ كارگێڕانی ڕاگەیاندن لە پارێزگای ئەنبیمدا پێكبهێنێ بۆ ئەوەی لە پێویستیكانیان بكاتو ڕێگای چارەسەركردنیان بۆ بدۆزرێتەوە •

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن دوێنی گەیشتبوە شاری كەركوك وەك بەشێكی ئەو سەرانەی كە دەیەوێت لە پارێزگاكانی ژوروی بدات •

ئا• د• ع•

كاتی ئیش پێ كردنی پڕۆژەی كارەبای دوكان

لە نیوەی یەكەمی ئەمەمانگەدا پڕۆژەی كارەبای دوكان بۆ تاقی كردنەوە دەخرێتە كار •

سەرچاوەیەكی ئاگادار لەدەزگای كارەبای نیشتمانی وتویەتی :

پڕۆژەی كارەبای دوكان بڕێتییە لە پێنج بەش كە بەپێی هەر یەكێكیان (٨٠) میگا واتە ، بەڵام وزەی ساڵانەی هەمو بەشەكان دەگاتە ٢٣٫١ بلیون كیلووات سەعات ئەگەر پڕۆژەكە بە ئەو پەڕی توانای ڕۆژی ١٠ سەعات كار بكات •

سەرچاوەكە ••• دەربارەی خستنە كاری جۆراو بەشەكەی تری پڕۆژەكە وتویەتی ••• هەر یەكی لە بەشەكانی تری پڕۆژەكە چوار مانگ بەرەو دوا یەكێكی تریان دەخرێتە كار •

وەهەمو پڕۆژەكە پێكەوە لە نێوانی ساڵی ١٩٧٩دا دەست بە ئیش كردن دەكات •

سەرچاوەكە هەر لەم بارەیەوە وتویەتی •• پڕۆژەی كارەبای دوكان ئێستا گەورەترین پڕۆژەی كارەبایە لە وڵاتدا ، ئەم پڕۆژەیە بەشێكە لە زنجیرەی ئەو پڕۆژانەی كە لەمەو دوا بۆ كەلك وەرگرتن لە وزەی ناوەكانی وڵات دادەمەزرێن •

چەند هەواڵێك لە پارێزگای سلیمانی یەوە

● هەفتەی ڕابوردوو بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی سەرۆكایەتی كۆبونەوەیەكی ڕاوانی لێژنەی سەرەكی خوێندنی ئیجباری پارێزگای سلێمانی كرد كە هاوڕێ محمد زمام عبدالرزاق ئەمینداری نهێنی سەركردایەتی شعبەی سلێمانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تیا ئامادە بوو • لە كۆبونەو كەدا باسی ئەنجامی كۆبونەوەی نێرراوی لێژنەكە لەگەل لێژنەی باڵای خوێندنی ئیجباری لە بەغداد كرا • ئەكرێنو باسی ئەو بینای قوتابخانەكان كرا كە لە ڕێگای كاری میللییەوە ئەكرێنو باس ئەو قوتابخانانەی كرا كە لە دیهاتەكاندا بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو دروست ئەكرێن •

● هەر لەو هەفتەیەدا بەڕێز پارێزگاری سلێمانی لەگەل لێژنەی ئاهەنگەكان ئازاردا كۆبوەوە كە ئەم ئاهەنگانە نزیكەی دە ڕۆژ ئەخایەنێت واتە لە ١١ ئازارەوە هەتا ٢١ ئازارو لە كۆبونەوەكەدا گەلێ بڕیاری یەكەلكەدرا كە باشترین شێوەی تیا بەكار هێنراوە بۆ ڕازاندەوەو جوان كردنی شارەكە بۆ ئەو ڕۆژانە كە بە جەژنی نەتەوەیی كورد دائەنرێن •

ئەوەی شایانی باسە لە ڕۆژی ١١ ئازاردا ئاهەنگێكی تایبەتی لە سلیمانی ساز ئەكرێت كە هەموو ڕێكخراوە میللیو پیشەییەكان بەشداری تیا ئەكەن •

ئینجا لە قەزای دوكان ئاهەنگێكی تری قەشەنگ ساز ئەكرێت كە هەموو جەماوەر هاو بەشی تیا ئەكاتو پێ خۆشحالی خۆیان دەر ئەبڕن بە بۆنەی جەژنەكانی ئازارو نەورۆزەوە •

● ڕۆژی شەممە لەمەڵبەندی ڕۆشنبیریو تەندروستی پارێزگای سلیمانی ئانزەهەمین دەورەی كرێكارانی چێشتخانەكانو جێگا گشتیكان كرایەوە ، ئەم دەورەیەش ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێتو چل كرێكار هاوبەشی تێدا دەكات •

● لە هەمان ڕۆژدا لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی جوتیاران لە

بروانە ل ٧

«هاوكاری» وكۆمەڵانی خەڵك

بۆ بەڕچاوی شارەوانی سلیمانی :

لەم دواییەدا ، شوستەكانیزۆر شەقام لە گەڕەكەكانی سلیمانی هەڵكەندراون ، بۆئەوەی بۆری زێراب دابنرێ ، بەڵام ، سەیر ئەوەیە ، چاڵەكەندراوە ، بۆریەكان بەڕێز لەسەر گلەكە دانراوەو ، ئیتر دەست لەئیش هەڵگیراوە •• بۆچی ؟!

ئایا ، دەستو بردكردن لەتەواو كردنی ئەم كارەدا چاكترنیە لەوەی هەروا بەجێبێتەوە •

تكامان وایە ، شارەوانیدەستو برد بكات لە دانانی بۆریەكانو دادانەوەی ئەوشوستانەی هەڵی كەندون !

ـ نووسەر ـ

گەڕەكی ئیسكان لە هەولێر

گەڕەكی ئیسكان لە هەولێر ، گەڕەكێكی گەورەو فراوانە ، بەڵام تا ئێستا كۆڵانەكانی قیرتاو نەكراونو شۆستەكانی ریكوپێك نەكراون ، هەركە بارانێك نەباری ئیتر هاتوچۆ بەم گەڕەكەدا زۆر گران نەبێت ، هیوامان وایە ، بە زووی ئاوڕێ لەم گەڕەكە بدرێتەوە •

حمد امین احمد ـ هەولێر

وەلام لەفرۆشگای قەلادزێوە

بەڕێوەبەری فرۆشگای قەلادزێ وەڵامی ئەو نامەیەی داوەتەوە كە هەفتەی ڕابوردوو لەم گۆشەیەوە بڵاومان كردەوەو لە هاووڵاتی كاك پیرۆت احمد ڕۆستەمەوە بۆمان هاتبو تیایدا ئەڵێ :

فرۆشگای قەلادزێ لە ڕۆژی كردنەوەیەوە هەمو پێویستیەكانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیەكانی زامن كردوە هەركەمو كوڕیەكیش هەبووبێ كارگێڕانی ئەم فرۆشگایە ئامادەبوون بەسنگی فراوانەوە گوێ بۆ سەرنجی هاوڵاتیەكان ڕاگرن ، دەربارەی قەزێی بەڕێوەبەرایەتی فرۆشگاكە ئەڵێ لە مانگی دەی ساڵی پارەوە بۆمان نەهاتوە ، دەربارەی قاپو قاچاغی نان خواردن ئەڵێ : لە مانگی یەكەو ئاوەڕاستی مانگی دووی ئەمساڵدا بۆمان هاتوەو بە ئۆتۆمبیلی فرۆشگا بەسەر وەكیلەكاندا دابەش كراوەو ئێمە بەپێی ڕاسپاردەی سەركردایەتی سیاسی هەموو پێداویستیكی زامن كردنی كەرەستەی پێویستی ژیانی هاووڵاتیەكان زامن ئەكەین •

هاوكاری :

ئێمە لە كاتێكدا سوپاسی ئەم وەڵامە دانەوەیە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشگای قەلادزێ ئەكەین دەست بۆئەوە ئەكێشین كە ئەم جۆرە هاوكاریە ئەمانگەیەنێتە ڕاستیو خزمەتی سوودی گشتی لە ڕێڕەوەداو حەزیش ئەكەین برایانی كاربەدەست لە سەرنجی هاووڵاتیەكان دڵگران ئەبن لە جیاتی دڵگران بوون دەست بخەنە سەر ڕاستیو كەموو كوڕیش زوو چاربكەن •

باری سەرنج :

بێگومان كتێبخانەی گشتیی سلیمانی لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ خزمەتێكی زوری خوێنەرانی كردووەو زۆر ڕۆشنبیر لە ڕێگەیەوە خۆیان پێ گەیاندووە • ئەمە دەتوانم بڵێم بەڵگە ئەویستەو نكولی لێ ناكرێت •

بەڵام چەند خاڵێك هەیە كە ئەگەر چاوێكیان پێدا بخشینرایەتەوەو چار بكرانایە، كتێبخانەكە زیاتر پێش دەكەوتو خزمەتی زیاتری خوێنەرانی دەكرد• ئەوەندەش هەیە من تەنیا ئەو خاڵانەم باسكردووە كە پەیوەندییان بە كار گێڕی كتێبخانە بەتایبەتی بەریوەبەرەوە هەیە•

١ ـ هەر چەندە كتێبخانەكە هۆڵی منداڵانی هەیە بەڵام زۆربەی كات داخراوە ، من ناگام لێ بێت چوار مانگە دەرگاكەی نەكراوەتەوە • تەنانەت ئەو كاتانەش هولەكانی تر بە تایبەتی هی بیاوان بە پێوەش جێی كەسی تیدا نەبێتەوە ، ڕێ بە كەس نەدراوە بچێتە هۆڵی منداڵانەوە بە منداڵان خۆشیانەوە ، ئەی گوایە ئەم هۆڵە بۆچی دروست كراوە •

٢ ـ زۆربەی كۆبوونەوەكان یا هەمووی لە هۆڵی كتێبخانە دەگیرێن ، هەر چەندە شوێنی تر زۆرە ، بۆیە هەفتەی وا دێ دەكەوێ كتێبخانە سێ ڕۆژ نابێت ، لەم ماوەیەشدا خوێنەر بێ بەش دەبێ لە سوودی كتێبخانەكە •

٣ ـ ئەم خاڵەیان كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەبەرەوە هەیە ڕەنگە لە هەموو خاڵەكانی تر گرنگتر بێت ، چونكە خوێنەر سارد دەكاتەوەو لە كتێبخانەی بیزار دەكات ئاشكرایە بۆ ئەوەی خوێنەر هان بدرێت پێویستە بە شێوەیەكی نەرم هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە خوێنەری كتێبخانەی گشتی سلیمانی یەكەم جار نەبێ دووەم جار بۆی دەردەكەوێت (لەدەوامی بەیانیاندا) كە هانی نادرێت •

زۆر جار زۆر كتێب نادەن بە خوێنەر هەر لەبەر ئەوەی گوایە (بە كەڵك نایەت ، بۆ چیە ؟)

ئەمەو هەروەها لە ماوەی پشووەكانیشدا كتێب نادرێت بۆ دەرەوە كە هەق بوو بدرایە چوونكە قوتابی لەو ماوەیەدا دەتوانیت كتێب بخوێنێتەوە •

محمد عبدالمجید علی
سلیمانی ـ گەڕەكی شورش

Institut kurde de Paris

لە هەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان لە هەولێر

ئەگەر ڕۆژێك بەرێکەوتیان بۆ کارێکی تایبەتی ڕێتکەوتە گەڕەکی (ئیسکان)ی شاری هەولێر ، هەر ڕێکەوتیش بەپێش یاخود بەتەنیشت ئەو خانوەدا تێپەڕی کە لە شوێنێکی لاتەریکی ئەوگەڕەکەیەو کراوە بە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان ، هیچ گومانم نییە ئەگەر بێتوو هەستێکی ناسك و تەواو هەبێت لەگەڵ موسیقادا ، کەمێك دەسەنگرێتەوەو هەڵومستەك دەکەیت • خۆشی و چێژی ئەو مۆسیقایەو گورانیانەی دەیبیسی کێشت دەکات و دەچیتە ژوورەوە ، کاتت لەلا کورت دەبێتەوەو خۆت بزر دەکەیت ، بڕوادەکەیت و بڕوا ناکەیت ، زۆر بڕسیار لەخۆت دەکەیت و گلەیی لەخۆت و دەوروبەرت دەکەیت و زۆر گلەییش دەبیسی ، بڕوا بکە هەر وەك چۆن پێمووتیت وا دەبیت ، چونکە ئێمەش هەر تۆ بووین ، چووینە ژوورەوەو بینیمان پتر لە بیست منال ، وەك چەبکێ گوڵێ ڕەنگاورەنگ لەژێر چاودێری چەند مامۆستایەکی دلسۆزدا مەشق دەکەنو پاش سەیرانێکی کەم چووینە لای یاریدەدەری بەڕێوەبردن و لێپرسراوی مۆسیقا مامۆستا (تەلعەت عارف عوزێری)و چەند بڕسیارێکمان لێکرد •

– یەکەم هەنگاوتان چۆن بووە ؟

★ یەکەم هەنگاومان بیرکردنەوە بوو لە بارەی هونەرمەندان ، شتێکی زۆر سروشتیە کەوا هەموو مووچە خۆرێ خانەنشین دەبێ • جاگەر هونەرمەندەکانمان تەمەنیان بەسەراچوو کەس هەیە شوێنیان پڕبکاتەوە ؟ ئەوکات وەڵام تەنها « نەخێر » بوو •

جا هەوڵێکی زۆرماندا بۆ ئەوەی کادیری نوێ پەیدابکەین ، باشترین کادیریش خوونچەکانمان بوون پیاوانی دوا ڕۆژ ، هەر کەسە لە ئێمە لەسنووری ماڵەوەی خۆمان دەستمان پێکرد ، من منالەکانی خۆم فێری کەمانو ئوکۆردیونو گیتارو عودکرد کاك شیرزاد عوزێری براکانی فێری کەمانچەو گیتارو عودکرد کاك وریاو کاك جەودەت عوزێری و کاك جەمالو کاك ڕەنجبەرو کاك جەودەت هاشم منداڵە بەهرەوەرەکانی قوتابخانەکانیان فێری زۆر ئامێری موسیقاکرد ئەویش لەسەر شێوەیەکی ڕاستیانە واتە بە نۆتە خوێندنەوەو نووسینەوە •

– تا ئێستا تووشی چ گیروگرفتێك بوون ؟

★ لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەرەتای هەنگاونانین لە بەرەوپێشەوە ، جا بۆیە شتێکی سروشتیە کە هەندێ کەس بەو چاوە سەیری هونەرمەندنەکات وەك لەناو میللەتە پێشکەوتوەکان سەیری دەکرێتو ڕێزی دەگیرێت ، زۆربەی ئەو کەسانەی خۆشیان بەرۆشنبیر دەزانن ، هەروادەزانن هونەر شتێکی زیادەو کۆمەڵ پێویستی پێ نییە •• هەڵبەت ئەوانەش بەهەڵە چوون ، مێژوو بەڵگەی پێچەوانەیان بۆ دێنێتەوە ••

– هەر لە دێرزەمانەوە زانراوە کە مۆسیقا دەورێکی

عەبدوڵلا محەمەد زەنگنە

بڕوانە ل ٧

بەبۆنەی بڕیاوەکانی سەرکردایەتی شۆڕشەوە :

بڕین پێچەکان پێخۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن

١ – فائق توفیق ٢ – برهان عمر
٣ – سمر حەنۆ ٤ – فکرت جمیل ٥ – عالیە محمد

● لەمدوایەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری بەرزکردنەوەی ڕادەی موچەی بڕین پێچەکانی داو بەم جۆرە بەشێکی تری کۆمەڵکامان بەبەرهەمی تازەی سەردەم شاد بوو هەربەم بۆنەیەوە سەرمانداە لەنەخۆشخانەی جمهوری لە سلیمانیو چاومان کەوت بەچەند بڕین پێچێکو هەرکەسەیان ڕای تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕی •

بڕین پێچ فائق تۆفیق محمود لەونەخۆشخانەیەدا ماوەی ٢٢ ساڵە خزمەتی ئەم پێشەیە ئەکاتو ئەڵێ •

★ گەلێ شادمانم کەدوای ماوەیەکی زۆری خزمەتی پیشەکەم سەرکردایەتی سیاسیو شۆڕش بڕیاری بەرزکردنەوەی ڕادەی موچەی داینو لای لێکردیتەوە بەوەی کە ئێمە خزمەتی لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی ئەکەینو هەر ئێمەین کە لەگەڵ هەموو ئێشوئازاری نەخۆشەکاندایینو پشت بەخوا لەپێناوی خزمەتی زیاتری نەخۆشەکاندا • هەوڵو کۆششی خۆمان زیادئەکەین

● سیستەر سەمەر حەنۆ وردینە ئەڵێ :

★ دەرچونی بڕیارێکیوا کەڕادەی مووچەی ئێمەی بێ بەرزکرایەوە شتێکی یەکجار گرنگ بوو هۆیەکی هاندەری باش بوو بۆ زیاد کردنی هەوڵمان لەخزمەتگوزاری هاوڵاتیاندا ، گەلێ شادمانو بەختیارینو سوپاسی سەرکردایەتی سیاسی ئەکەین کە هەموولایەنەکانی گەلی لەیادەو هەردەم داخوازیو ئاواتە کانمان جێ بەجێ ئەکات ، ئیتر ئیمەیش پەیمانتازە ئەکەینەوە کە هەموو کاتێ خۆمان تەرخانبکەین بۆ خزمەتگوزاری زیاتری نەخۆش و دلسۆزی ئیشوکارەکانمان بین • ئیتر ئێمە هیچ گیروگرفتمان نیەو هەرچی هەبێت بە یارمەتی سەرۆکایەتی ئەندروستی سلیمانی جێ بەجێیان ئەکەین •

● بڕین پێچ فکرەت جمیل عبدالقادر دەربارەی بڕیارەکەووتی •

★ منیش سوپاسی سەرکردایەتی ئەکەم کە باشترین دەسکەوتی داینیو ئێمەشی بەیادکردوە لە دەسکەوتەکانیداو چونکە ماوەیەکی زۆرە کەلایەنی ئێمە لەزۆر ڕووەوە پشت گوێخرابوو جائێمەیش هەرلەجاران زیاتر هەوڵیخۆمان ئەخەینەکار بۆ خزمەتی نەخۆشەکانمانو بەتەمای دەسکەوتی زیاترینو داواش ئەکەین کە بەگوێرەی توانا ئۆتۆمبێلمان بۆ تەرخانبکرێت بۆ هاتوچۆمانو هەردەم ئاوا لامان لێ بکەنەوە بۆ ئەوەی هۆی هاندەربێت بۆمان چونکە هەموو ئەزانن ئەرکی سەر شانی ئێمە پیرۆزەو هەمووان چاوەڕوانی دەستی خزمەتو کاری ئێمەن •

● برهان عمر ڕشید معین فەرمانبەر لەسەرۆکایەتی ئەندروستی سلیمانی ووتی :

★ ئەم بڕیارە شتێکی گرنگبوو لەژیانی ئێمەدا چونکە ڕادەی موچەی ئێمە زۆرکەم بوو بەگوێرەی موچەی فەرمانبەرەکانی تری دەولەتو هۆیەکی هاندەری باشیش بوو بۆ نواندن زیاتر دلسۆزیو هەوڵ لە ئیشوکارەکانماندا و دلسۆزی سەرکردایەتی سیاسیشی نواند کە لە هەموو لایەنەکانی گەل ئاگاداربو بەتەنگ ژیانی هەمووانە وەیە ، ئێمەیشی پەیمان ئەدەین هەردەم هەوڵمان زیاتر بکەین بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمانو جێبەجێکردنی هەوڵەکانمان بۆ پێشخستنی وولاتمان •

● عالیە محمد فەرەج لێپرسراوی هەموو برین پێچە ئافرەتەکانی نەخۆشخانەی جمهوری لە سلیمانی ووتی :

★ ئەم دەسکەوتەی سەرکردایەتی شۆڕش شتێکی کتوپر نەبوو چونکە سەرکردایەتیمان هەمیشە ئێمە فێرکردوە بەدەسکەوتوشتی باشی ئاو کۆمەڵکامانو منیش بەناوی هەموو برین پێچە ئافرەتەکانی ئەم نەخۆشخانەیەوە سوپاسو ڕێزپێش کەش بەسەرکردایەتی ئەکەم وپەیمان تازە ئەکەینەوە کە هەردەم هەوڵێ دلسۆزی زیاتر بدەین بۆ پێشخستنی وولاتوگەلمان وخوا یار بێت زیاتر هەوڵئەدەین بۆ خزمەتگوزاری و ئاگاداری نەخۆشەکانمان بەوپەڕی دلسۆزیو پێخۆشحاڵیەوە •

پ • هاوکاری لە سلیمانی

ئەم هاوینە کارەبای هەولێر چارەسەر دەکرێ

لەبەر نزیکبوونەوەی وەرزی گەرماو ئەوەی لە دۆخی کارەبای ئەم شارەحاڵی بینو بزانین تا چ ڕادەیەك کوژانەوەی هاوینی پارەکە چارەسەرکراوە چاومان بە بەڕێوەبەری (دابەشکردنی وزەی کارەبای) هەولێر کاك « شوان ڕشید » کەوتوسەبارەت هۆی کوژانەوەی کارەبا وتی :

پێش ئەوەی باسی هۆیەکانی بکەین ئەبێ بزانین وزەی کارەبا هەتا ئەگاتە هەرشوێنێك بە سێ قۆناغدا تێئەپەڕێ ئەوانەش دروستکردنی وزەی کارەبا (تولید) – گوێزانەوەو دابەش کردنێتی کەواتا لە هەر یەکێ لەم قۆناغانەدا کەمو کووڕیێك هەبێت ئەبێتە هۆی کوژانەوەی جگە لەوەی کە زۆر (محولات) هەیە کۆنن خێراخێرا تێك ئەچن بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەیە باری کارەبای ئەمڕۆ گەلێ لە دوێنی گرانترە چونکە ئێستا پلەی ژیانی هاووڵاتیان بەرزەو ماڵ نییە جۆرەها ئاڵەتی کارەبای تیادا نەبێت • ئەوەش شتێکی گتو پڕبوو • واتە پێوانەی ئاڵەتی کارەبا لەگەڵ هێڵەکانی کارەبای کۆن یەك نییە لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی باری کارەبا لە سەر (محولات) سووك بکەین ناچارین کارەبای هەندێ لە گەڕەکەکان بکوژێنینەوە •

★ وادیارە ئەم هاوینەش هەروەها ئەبێت ؟

– نەخێر بۆئەم هاوینە بە هەموو توانایێکمان هەوڵئەدەین جارێکیتر کارەبا نەکوژێتەوە ، بەڵام ئەوەش لە سەر ڕادەی بەدیهێنانی پێویستییەکانمان وەستاوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم هاوینە (محولات)ە کۆنەکان دەگۆڕینو ژمارەشیان زیادئەکەینو سەرچاوەی وزەش (مغذیات) زیادئەکەینو هێڵەکانی کارەباش چاك ئەکەینەوە •

★ ماوەیکە پێوانەی ماڵەکان درەنگ ئەخوێنرێتەوەو ئەبێتە هۆی کۆبوونەوەی پارەیکی زۆر ••• بۆ ؟

– ئەمە ڕاستە ئەوەش لەپشت گوێخستنەوە نەهاتووە بەڵکو چەند هۆیەکمان هەیە ئەوانەش :

١ – کەمی ژمارەی پیوانە خوێنەرەکانە •

٢ – کەمی مەڵبەندەکانی وەرگرتنی پارەیە •

٣ – خوێندنەوەی پیوانەی کارەباو ڕێکخستنی کرێیەکەی ماوەیکی زۆری ئەوێ •

بەڵام ئێمە ماوەیکە هەوڵئەدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم هۆیانە ئێستاش ژمارەی پێوانە خوێنەرەکانو مەڵبەندی پارەوەرگرتنمان زیادکردووەو ئەمسالیش هەولێر داخلی (حاسبە الکترۆنی) ئەبێتو ماڵەکانیش هەمووی ژمارەی تایبەتی کارەبای ئەخرێتە سەردوای تەواو بوونی ئەم دووهەنگاوە ئیتر خوێندنەوەی پیوانە لەکاتی نیشانکراودا هەموومانگ ئەخوێنرێتەوە •

هەروەها بۆ زیادکردنی کادری کارەباو پێشخستن ئەم کادرە دەورەی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ئەکرێتەوە ، دەرچووانی ئەم دەورانەش سوودیان بۆ هەلسوڕاندنی کاروباری کارەبا ئەبێت •

★ ئەی چی دەربارەی نەخشەی ئەمسال دەفەرموون ؟

– بۆ ئەمسال ئەمانەوێ شەقامەکان ڕووناك بکەینەوە • هەروەها (مدخل)ی هەولێر – کەرکوك ڕووناك بکەینەوە بەشێوەیکی تازە • وەکارەبا بەمێلیکی جیاواز بۆ کارگەکان ببەینو • کارەبای کویەو مخمورو دیبەکەو هەریرو خلیفانو قوشتبە تەواو ئەبێت•

پلەی دووەم کارەبای ڕەواندوزو چۆمانو مێرگەسور تەواو ئەبێت دوا ووتەت ؟

– ئەمەوێ لێرەدا داوا لە هاووڵاتیان بکەم کەوا ئەوەندە گلەییمان لە کوژانەوەی کارەبا لێ نەکەن • بەتایبەتی دوای ئەوەی هۆیەکانمان ئاشکراکرد چونکە ئێمە هەمیشە هەوڵ بۆ حەسانەوەو ژیانێکی خۆش و باشتر بۆ هاووڵاتیان ئەدەین ، هەروەها داوایان لێ ئەکەم کەوا ئەوەندەی لە دەستیان دێ زیان بەکارەبای خۆیان و شەقامەکان نەگەنێنن ، چونکە ئەوەی سەرشەقامیش هەر بۆ پەرژەوەندی ئەوان دانراوە •

پ• هاوکاری لە هەولێر

کتێبی هاوکاری

صدام حسین
خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

کاك فلاح جبر بە شێوەیەکی ئەندازیارانەی(*) شۆڕشگێڕانە وەسفی ئێمەی کردو من لەسەر ئەو وەسف کردنە سوپاسی دەکەمو دەڵێم : با لێرەوە دەست پێ بکەین •• من خۆزم ئەندازیارێکم لە ژێر تاقیکردنەوەدام ، و پێم وایە فەرمانڕەواو سەرکردە عەرەبە نیشتمانپەروەرەکانیش هەموویان لەژێر تاقیکردنەوەدان • ئەتەوە لە ماوەی چەندین ساڵدا فێری کردووین کە ماوەی تاقیکردنەوە درێژ بکاتەوە ، پێش ئەوەی بڕوا بە کەسێك بدا ، لەوەشدا پاڵی وەتاقیکردنەوە تاڵەکانی ڕابردوو داوە ، چونکە زۆر ئەندازیار لە کوڕو کۆمەڵەکانی ئێوە پاش ماوەیەك سروشتە بنەڕەتیەکانیان لەدەست داوە ! و زۆر ئەندازیاری « سیاسی »یش دوای ماوەیەك تاقیکردنەوە لە ڕێگای خەباتی ئەتەوەدا سروشتە سەرەکیەکانی خۆیان لەدەست داوە ! هۆی ناوگۆییش لەم دووانەدا ئەوەیە کە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەو سیفەتەی لە سەرەتاوە بەدەست هاتوە بەردەوام نەبوون •

ئەو تێبینیانەی ئێستا دەیانڵێم تێبینی فەننیو ئەکادیمی نین ، بەڵکو قسەکانی من دوولایەن ئەگرنەوە •• یەکیان ئەوە : کە وەك گوتم من « ئەندازیار »ێکی لە ژێر تاقیکردنەوەدام ، دووەمیشیان ئەوە : ئەم نەتەوەیە ژمارەیەکی زۆر ئەندازیاری وای هەیە کە هەموو مەیدانە سیاسیو فکریو ئەندازیاریەکانو هی تردا توانای بنیاتنانیان هەیە ، ئەمەش ئەوە ساخ دەکاتەوە کە هەرچەند دێمەنی ئێستا بە تاریك بێتە بەرچاو ئاسۆی دوارۆژ ڕوونە •

لەو بنەمایە باسی بەرچاوترین مەسەلەی نەتەوایەتی دەکەین ، کە دڵی هەموو هاونیشتمانێکی عەرەبی بە خۆیەوە خەریك کردوە ، ئەو مەسەلەش مەسەلەی کێشەی نێوان عەرەبو زایۆنیزمە •

لە چاوپێکەوتنێکی خۆم لە گەڵ کاربەدەستێکی یەکێك لە دەولەتە بێگانەکاندا ، کە باسی چارەسەری ئاشتیخوازانەی دەکرد ، بەو جۆرەی ئەوو هێندێ کەسی تر ئەیبینن ، پێم گوت : ئایا پێنەمبەرێك هەیە کە لە دەرەوەی ئەم ئاوچەیەوە پەیامی پێدانێردرابێ ؟ ئەم پرسیارەی بەلاوە شتێکی لەپڕو لە نەکاوبوو ، چونکە باسی سیاسەتی دەوڵەتان دەکراو لەپڕ باسەکە چووە سەر پێغەمبەران !!

پێش ئەوەی بۆ وەڵامی پرسیارەکەم بکەوێتە تەنگانەوە ، پێم گوت : من وەڵامت دەدەمەوە ، پێغەمبەرێك نیە کە لە دەرەوەی ئەم ئاوچەیەوە پەیامی پێدانێردرابێ ، و هەموویان ڕۆڵەی ئەم ئاوچەیەبوون ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گەلانی ئەم ئاوچەیە هێندێ سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە ، کە ئاوچەکانی تر لە گەلیاندا هاوبەشنین ، یەکێك لە بەرچاوترینی ئەم سروشتانەش ئەوەیە کە گەلانی ئەم ئاوچەیە تەنیا هەڵو مەرجو هۆ ماددییەکان حوکمیان بەسەردا ناکەنو ئەمری واقیعو ئەو هۆیانەی لە ئارادان حوکمیان بەسەردا ناکەن ، بەڵکو هەمیشە لەو شتەی لە ئارادایە تێدەپەڕن بۆ شتێکی ئەوڵاترو دوورتر •

لەسەر ئەم بنچینەیە پێویستە هۆو دیاردەکانی ئێستا نەتانگەیەنێتە ئەو بۆچوونە کە دەگونجێ گەلی عەرەب دەستەمۆ بکرێتو شێوەکانی ئەمری واقیعی بەسەردا بسەپێندرێن ، چونکە بۆچوونی مل کەچکردنی گەلی عەرەب بۆ ئەمری واقیع نە لە مێژووی کۆنو نە لە ڕاستەقینەو ناوەڕۆکی دۆخی ئێستادا هیچ بەڵگەیەکی نیە • ئێوە دەبێ یەکێك لە ڕاستییە بنەڕەتیەکانی جیهانی عەرەب تێ بگەن ، ئەویش ئەمەیە کە کاربەدەستە عەرەبەکان بەشێوە دێموکراتیو لیبرالیە تەقلیدییەکان نەهاتوونە سەر حوکم ، وەك لە ڕۆژئاوادا باوە • نەچن پشت پەو نیسبەتانە ببەستن کە لە هەڵبژاردنەکانی جیهانی عەرەبدا باس دەکرێن ، هەموو مان دەتوانین نیسبەتێکی زۆر بەرز تر لەوەی تاتێستا باس کراوە ، باس بکەین •

بەڵام پێویستە ئێوە بزانن ئەو جۆرە نیسبەتانە تا چ ڕادەیەك نوێنەری ڕاستەقینەی بیروڕای گشتیی گەلن ، بۆ ئەوەی بێتە ناو لێکدانەوە سیاسییەکانتانەوە •

هەر لەبەر ئەوە کە فەرمانڕەوایانی ناوچەکە بەشێوەی دیموکراتیو لیبرالی تەقلیدی نەهاتوون ، پێویستە ئێوە چاوەڕوانی ئەوەش بکەن کە کاتێك گەل باوەڕی پێ نەمانو لەو مەسەلە مەرکەزییانە دوورکەوتنەوە کە بە هۆیانەوە ، یان لەژێر بەردەی ئەواندا هاتوونە سەر حوکم ، کە یەکێك لەوانیش مەسەلەی فەلەستینە ، ئەوا بەشێوەیەکی ناتەقلیدی وەك ئەوەی پێی هاتوون یان شێوەیەکی تر لەسەر حوکم لابچن •

پێویستە ئێوە حیساب بۆ ئەوە بکەن کە هەموو ئەو فەرمانڕەوا عەرەبانەی لە ڕێگای کودیتا ، یان شۆڕشی نیشتمانیەوە هاتوونە سەر حوکم ، مەسەلەی فەلەستین لە شۆڕشو کودیتاکانیاندا مەسەلەیەکی مەرکەزی بووە بۆ جووڵاندنی جەماوەرو ئامادەکردنی هەڵو مەرجی پێویست بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات •

کەوابوو چارەسەری مەسەلەی فەلەستین دەبێ جەوهەری بێتو گەل ڕازی بکات • تەنانەت ئەگەر ئێوە دەسەڵاتێکی تەواویش لە هەموو کاربەدەستە عەرەبەکان وەربگرن ، لە قۆناخەکانی تری داهاتوودا کە ئەم یان ئەوە فەرمانڕەوا دەگۆڕێ دەکەونە دۆخێکی تەنگانەو ڕووبەڕووی هەڵو مەرجێکی تازە دەبنەوە ، هەر فەرمانڕەوایەکی تازەش خۆی ناچار دەبینێ کە تارادەیەك خۆی لەو فەرمانڕەوایەی پێشوو کە کۆدێتای لەسەرکراوە جیا بکاتەوە •

لێرەدا پێویستە سەرلەنوێ مەسەلەی فەلەستین هەڵایسێنێتەوە ، هەرچەند ئەو هەڵایساندنەوەیە لەبەر هێندێ هۆی بەتەواوی سیاسیو وەختەکی بێت ، وتەنانەت ئەگەر ئەو مەسەلەیە لە باری بیرو باوەڕەکان (المبادئ) ڕووتیش بکەینەوە •

بۆیە ئێمە لەو باوەڕەدانین کە گەلی عەرەب سەر بۆ هیچ بڕیارێك دابنەوێنێ کە بڕوای پێ نەبێ ، وەك حەقیقەتێکی یەکجارەکی بۆ ئەو خەباتە لە ماوەی ساڵانی دوورو درێژدا ، هەر لە ساڵی ١٩٤٨وە تا ئێستا کردوویەتی • لێرەدا قسە لەگەڵ ئەو کاربەدەستەی باسمکرد تەواوبوو •

ڕاستییەك کە ئێمە لەو پرۆژانەدا کە باسیان دەکرێ دێتە بەر چاومان ، بێ زیادڕۆیشتنو بێ موزایەدە لە سەر هیچ کام لە برا عەرەبەکانمان ، ئەوەیە کە ئەمانە نوێنەگەی لایەکی هەرە نزمی خەباتی نەتەوایەتیمانن نین ، جگە لەوەش ئێمە لەو باوەڕەداین کە زایۆنی دوژمن تەنانەت ئەو ئامانجانەش قبوڵ ناکا کە بەڵایان هێندێ فەرمانڕەوای عەرەبەوە ڕاگەیەندراون •

(*) دوکتور فلاح جبر سکرتێری گشتی یەکێتی ئەندازیارانی عەرەب بەناوی ئەندازیارە عەرەبەکانەوە داوای لە هاوڕێ صدام حسین کرد کە لەم جۆرە کۆبوونەوەیەدا باسێکی وایان بۆ بکا کە سوودی نەتەوەی عەرەبی تیدابێت • وەگوتی : بەڕێز صدام حسین ئەندازیاری شۆڕشە •

Institut Kurde de Paris

قاموسەکەی مامۆستا زەبیحی

● محمود زامدار ●

« ئەم قاموسە ئەوە نیە کە ئەز ویستومە ، بەڵکو ئەوەیەکە توانیومە ٠٠! »

ـ لە زمانی دوکتۆر معین ـەوە

هەوڵو کۆشش و گەڕانوسوڕانو دنیادیدەیی (٢٠) ساڵو پتری کوردێك ٠٠خەیالدانی منالێتی ئەو کوردەشی لەگەڵدابێ ٠٠ئەنجامی ئەم قاموسە هەرە بەنرخەیە ٠٠ هەزاران پیلەوموناقەشەو تێرامانی ورد ٠٠ خوێندنەوەی سەدان سەدسەرچاوەی دەگمەنو بەپێز ٠٠ دە بەرگە قاموسی ئەم زمانەشیرینەی ئێمەیە ٠٠٠! بەڵام هێشتا وەك مامۆستاخۆیشیواتەنی : (ئەگەر ئەم قاموسە لەبن رێسمەی دەرگای کەوشەنی پێشخانەی زمانی کوردیدا جێگای ببێتەوە ، خۆم بە بەختەوەر دەزانم ٠٠) کەمن لام وایە نەك هەر لەنێو ئەوبارەگایەدا جێی بۆ ئەکرێتەوەو بەس ، بەڵکو شوێنی شایانی پێئەدرێ و لە سەر چاوانیش دانەنرێ ٠٠!

بە پێشەکیەکی (١٠٠)لاپەڕەیی ، کە بریتیە لە (١٥) بەش و شانبەشانی وتارەبەنرخەکەی دوکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف لە بارەی (فەرهەنگ نووسی)یەوە ، لەتەك (٢٤٦) لاپەڕەی تر کەتەنیا بۆ قاموسەکە تەرخانکراوە ، سەرباری (٨٠)سەرچاوەی جیاجیای کوردیو عەرەبیو فارسیو فەرەنسایی و ئینگلیزی ٠٠ تاد ٠ بۆ هەڵێنجانو شتو سوود لێوەرگرتن ٠٠٠ مامۆستا زەبیحی دەستی خوێنەری بەچەشە ئەگرێو لە جیهانی بەربڵاوی باسو راوو سەرنجو لێکدانەوەکانی خۆیو خەڵکیترا ، گەشتێکی خۆشی (عالیمانە ٠٠ !)ی پێ ئەکاتو سەدەها ، نایەلکو دەروازەی هەزاران تێرامانی تیژو موناقەشەی لەباری بۆسەراوەلە ئەکاتو ئەیوروژێنێ ٠٠!

لەپێشدا مامۆستا دێو باسی ئێستای هەڵایساوی زمانی کوردی ئەکاو ئەوەیش دوبات دەکاتەوە کە : کوردستانی عیراق بە مەڵبەندێکی هەرە گەورەو گرینگی پێشکەوتنی ئەو زمانە بژمێرێو ئینجا باسی هەندێ لەو پێشکەوتنانە ئەکات کە لەملای نیشتمانو لە سەرەتای ئەم چەرخەوە بە خۆی دیوە ، چ لە رووی (رێنووس)و چ لە بارەی (کوردی نووسین)و (رێزمان) و (قاموس دانان) و ئو زاناو دەزگا کوردیانەی کە بە تەنگەوەی ئەم مەسەلەیە بوونو ئەبن ٠٠ من لام وایە مامۆستا زەبیحی لەم باسەیدا ، بە غەیری نمایشێکی خێرا نەبێ ، چی شتێکی تازەی ئەوتۆی رەپێش نەکردوە ٠٠٠! لە پاشا باسێکی یەکجار ، هەر یەکجار خۆرای مێژوی بەرە زمانی هینەو نووریایی ئەکاتو لە نێو خێزانە زمانی ئاریایی یا هیندۆ ئێرانیشدا شوێنو پلەی زمانی کوردی دەس نیشان ئەکات ، کە هەمدیس لێرەشدا مامۆستا شتێکی تازەی رەپێش نەکردوەو دوبارەکردنەوەی زانیاریی یەکشتیەکانەو بەس ٠٠٠! لە باسی زمانی مادەکانییشدا ، مامۆستا زیاتر پشتی بە قسەکانی زانای مەزنی رووس (دیاکۆنۆف) بەستوەو بە شێنەیی و هێدی هێدی ویستویەتی ، لە پاك هێنانەوەی بەڵگەی راستەقینەدا ، ئاسنامەیەکی زیندوو بۆ زمانەکەمان بدۆزێتەوەو بیکا بە نیشانەیەکی راسنەوخۆو لە زمانی کوردی نزیكو لە پارسیی کۆن دوری بخاتەوە ٠٠ لەم دەرفەتەشدا ، مامۆستا هێشتا نەگەیشتۆتە متمانەیەکی بتەوو هێشتا چاوەنۆڕی ئاساری نوسراوی (مادی) ئەو کۆشکە گەورەیەیە ، کە دوو ساڵی بەر لە ئەمڕۆ لە هەمەدان دۆزراوەتەوە ٠٠!٠٠ لە بارەی زمانی ئاویستاییەوەیش ، نووسەر پشتی بە گەلێ سەرچاوەی چەشناوچەشن ئەبەستێ ، تا ئەوە ساغ بکاتەوە کە (ئاوێستا) یەکێکە لە زمانەکانی باکوری رۆژەڵاتی خێزانە زمانی ئێرانی ، هەوڵیش ئەدا زمانی ئاوێستایی بکا بە لەهجەیەکی (مادی) ٠٠ بۆ ئەمەیش چەندین بەڵگەی ئەفسانەیی و گراماتیکی ئەهێنێتەوەو تا رادەیەك دڵە گەرمەکان ئاورشێن ئەکاتو ئەشگاتە ئەو نهێنییە کە : (دوو زمانی زۆر کۆنی مادیو ئاویستایی کەگومانی تێدانیە ، کە شەقەجۆی زمانی کوردیی ئەمڕۆیان لێ هەڵگیراوە ٠٠!)

لەم فەسڵەشدا ، مامۆستا زەبیحی ، ئەیەوێ بە شێوەیەکی ئیحانی (قەناعەت) بە خوێنەر بەیابکات ٠٠ بەڵام بەراستی ئەم لێدوانەی مامۆستا لە دەرفەتی زمانەوانی و کوردناسیدا شتێکی ئەوەندە زۆر تازە نیە٠٠ هەر چەندەیش ئەبێ باس لێکردنی بەردەوامتر بێتو تێرو تەسەلتر بکرێو وازی لێ نەهێنرێ ٠٠!٠٠ لە مەجالی باسی پارسی کۆنییشدا ، نوسەر بەسەر بۆرتێکی سووك هەوڵەدا تەنسیری زمانی مادی لە سەر ئەم زمانە (پارسی) بنوێنێ ، کەمن لام وایە : ئەمەیان خۆی لەخۆیدا ئاوی نۆمەنجەلە شیری ئەوێ ٠٠! لە پاشا لا لەدەوری ناوەڕاستی خێزانە زمانی ئێرانی ئەکاتو باسی ئەو زمانانە ناوەڕاستانە ئەگێڕێتەوە کە لەگەڵ روخانی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی (٣٣١ پ٠ ز) پەیدا بوە ، وەکو (پارتی ـ پارسی ـ خوارەزمی ـ خوتەنی ـ سوغدی) و تەنیا پارتیو پارسی تیاندا هەڵبژاردوە ، بۆ باسکردن ، لەو باوەڕەی ـ خۆی ـ کە تەنیا ئەو پارتیو پارسییە ، بەیوەندی راستەوخۆی بە زمانی کوردیەوە هەیە ٠٠ کە من لام وایە سەرلەبەری ئەم باسەش لە مەیدانی ئێران شناسیو کوردناسیشدا شتێکی ئەوەندە تازەنیە ٠٠٠!٠٠

لە بەشی زمانی پارتی (پەهلەویش)دا ، مامۆستا هەر لە گەڵ زانایانی زمانانو کۆنینە ناسەکان دایە ، کە ئەم (پارتی ـ فرثی) یە دەگەڵ مادیدا یەك دەستەبێ ، کە کۆنترین بەڵگەی ئەم زمانەیش لە هەورەمانی کوردستانا دوزراوەتەوە ٠٠! لە بەشی پەهلەوی ساسانییشدا ، مامۆستا زەبیحی هاتوەو زۆر عالیمانەو زیرەکانە ، بەرپەرچی نووسەرو مێژوزانی ئێرانی (کیسرەوی) ئەداتەوە لە بارەی نامێلکە (کارنامەکی ئەر تەخشێری پاپەکان)ەوە کە ـ بە دەستی ئەنقەست !! ـ راستیەکان دەشارێتەوەو (دوو دۆشاو نێکەڵ ئەکاو هەزار شەق لە ئەمانەتی عیلمی ئەدا ٠٠!) لە پاشازۆر بەوروبینی ئەو راستیە ئاشکراتر ئەکات کە زمانی پەهلەوی ئەشکانی ، بەیوەندیەکی راستەوخۆی بە زمانی کوردیەوە هەیەو مایەی تێرامانێکی لەبارو بەجێیشە ٠٠!! بەڕاستی : ئەم جۆزە هەوڵە بەنرخانەو بەربەرچدانەوەی هەموو ئەو درۆو دێوجامە رزیوانەی کە بۆ شاردنەوەی راستیەکانو بەڵگەکانی ئەم زمانەی ئێمە دراوە ، مایەی دڵخۆشیو چاو روونی هەمو لایەکەو ئەبێ خەمساردی لێ نەکرێ ٠٠٠!! دوای ئەوەی نووسەر چەند بیرو ڕایەکی جوێ جوێ لە بارەی بەسەرهاتی زمانی پەهلەوی ئەشکانیەوە ئەهێنێ ، کە هەریەکە بۆ مەبەستێکی شاررراوە هەڵخراوە ، دەستێکی زانایانە بە رووی ئەوانەدا ئەوەشێنێ کە رووی راستی ئەشارنەوە ، لە پاشا ئەگاتە چەند دەرەنجامێکی بە پێزی وا کە : پەهلەوی ئەشکانی نەك هەر نەتواوەتەوەو بەس ، نەك هەر لە کاتی ساسانیشدا هەر بەنرخبوەو بەس ، بەڵکو وردە وردەو (بە قۆناغی تطوری تەبیعی خۆیدا جمیوەو لە کوردستان بۆتە بنەمانی یەکێ لە لەهجەکانی ئێستای زمانی کوردی کە لە هجەی جنوبییە ٠٠٠!) ٠

ئینجا مامۆستا عولەما دێ و لەبارەی کوردو ئەم زمانەی ئێمەو گەلێ زانیاری جیاجیای ئێرەو ئەوێ ، ئەم زاناو ئەو ئارکیۆلۆژیستو زمانناسو ئەو ئانترۆ پۆلۆژیستە ئەخاتە روو ٠٠ وردە وردەیش دەروازەیەکی تر ئەکاتەوەو بەشێنەیی و بە چراوگی دەستی ئەچێتە ناو ئەشکەفتی ئەو جیهانە تاریکستانە ، تا ئەگاتە سەر پەیدابوونی ئیسلامەتیو بوونی عەرەبی بە زمانی رەسمی ، دەسەڵاتی سیاسیو دینیو ئەدەبیاتو لە پاشا قۆناغی تازەی گەشەکردنی زمانە ئێرانیەکانو سەرهەڵدانیان ، ئینجا باسی بابەتایەری عوریانیش وەکو کۆنترین بەڵگەو تێکستی نووسراوی کوردیو لە پاشا باسی کۆنە وەزنێکی شیعریی فۆلکلۆریانەی بەناو فەهلەوی ئەکاتو مەسەلەی چوارینە شیعر بە ئەو وەزنە ئەبەستێتەوە ٠٠ کە پێگومان ئەمەیان بۆ خۆی دەس نیشانکردنێکی بەنرخی رەسەنایەتی کوردو ئاوازو ئیقاعی کۆنینەی زمانی کوردی ئەچەسپێنێ ٠٠ دواجار دێو باسی یەکێ لەو ئاسارانە ئەکات کە (ابن الوحشیە) ناوێك لە کوردیو لە ژێر سەرناوی (ئاونامەدا ٠٠!)

لە ساڵانی دوایی چەرخی دوەمی هیجریدا تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبی کردوە ٠٠! لەپاش باسکردنی لەهجەکانی زمانی کوردییش ، چەندین بەڵگەی بەنرخ لە بارەی دیالێکتی (نوری) و (بەختیاری)یەوە رەپێش ئەکا ، کە خۆی لە خۆیدا مایەی شادمانیو سەراوەلەکردنێکی تازەو بە پێزە ٠٠ جا بەعەقڵێکی مێژوییانەی وردەوە ، لە بارەی پەیدابوونی لەهجەکانی کوردی ئەدوێتو گەلێ گۆشەنیگای مەوڵەویو بەس ، تا هەمو بەجێ ، لە بارەی قۆناغی تازەی زمانی کوردیو گەشەکردنو گۆڕانی لەهجەکانی ئەو زمانە ئەخاتە بەرچاو ٠٠٠ هەر لەم دەرفەتەشو لەگەڵ ئەوەش کە مامۆستا عولەما لە بارەی دووبن لەهجەی (هەورامی ـ زازا)وە گەیشتۆتە سەر ئەو راو ئەنجامە ، بە (کوردی) یان دابنێ ، بەڵام بە تەوازوعەوە وازی لێ هێناوە بۆ دەرفەتێکی ترو بۆ هەڵکەوتنی گەلێ ئەنجامو بەڵگەو قەناعەتی زانستانەی ترەوە ٠٠ ئینجا لە بارەی فۆنێتیك و قەواوەی (دەنگ)ی زمانی کوردیەوە ، گەلێ راوو سەرنجی شیاو ئەهێنێتە بەردەمو لەگەڵی لەو دەنگو پیتانەش ئەدوێتو کولك و موویان یەکالا ئەکاتەوە ، کە لەم چەند ساڵەی رۆیشتودا لە نێو کۆڕی زمانناسی کوردیدا ئاگرۆکەی خۆشکراوەو بەردەوام ٠٠ لە هەمان کاتیشا خشتەیەکی بۆ هەمو ئەو ڕەنگانەی زمانی کوردی کە (٢٩) پیتو دووبیتی (ط) و (ظ)یشن هەڵخستوە ٠٠ لە پاشا بە پەلە باسی گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردیو مێژووی ئەو رێنووسە کردوەو گەلێ راوو سەرنجی شیاویشی لە بارەی (دەنگ) و (دەنگ بزوێن)ەوە هێناوەتە بەر دەم میکرۆفۆنی موناقەشەوە٠٠! بۆ مەسەلەی فەرهەنگنووسیش زەبیحی مامۆستا ، بە گیانێکی خاکیانەوە ، باسێکی بەنرخی ئەکادیمیانەی دوکتۆری کاراەمەی کورد ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، لە کتێبی (ووشەی زمانی کوردی) یەوە هەڵئەگوێزێتە نێو کتێبەکەیو پێشەکییە بە پێزەکەی خۆی بەو وتارە تەواو ئەکاتو ئەیرازێنێتەوەو لە باشبەرەی قسەو راو سەرنجەکانیشی ، بەر لە دەس پێکردنی قاموسەکەی ئەوەیش هەڵتابوێرێو ئەڵێ : (ئەگەر ئەوەش بێنینە بەرچاو کە ئەم جۆرەشتانە لە ناوچە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا ناوی جیاجیایان هەیە ، ئەوا ئەو شتانەی کە ئەم قاموسە نایانگرێ خۆ لە هەزاران دەدەن ٠٠٠!) ٠

بروانە ل ٧

چەند روانینێکی تر بە فۆلکلۆردا

● لەتیف هەڵمەت ●

هاوینی کوردستان خۆشەو دڵی تیا دەبزوێو کوڕو کچ پێکەوە جەنجەر بەسەر قرشەدا دەگێڕنو شەنو کەوی خەرمان دەکەنو کوڕو کچی دڵدارو دڵخواز لە بەنای تایە خەرمانەدا دەسڵەملان رادەکشێنو شنەی بای شەمال ئارەقەی ماندووبوونیان دەلێستەوە ٠٠ ئەوەتا ئەم کوڕە بیر لە رابوردو دەکانەوەو دەڵێ :

بایێ شەمار بەهاوینێ
دەیدا لە رەندەی جۆخینێ
خەو خۆشە لەگەڵ نامینێ ٠٠

شیعری فۆلکلۆریمان زۆر بەوردی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵ دواوەو لێی کۆڵیوەتەوە :

بایێ شەمار تۆزێ دێنێ
بەنتکو گواران تێکدارێنێ
هەرچی دوو دران پێکدێنێ
ئەڵقەی کابەی دەلەقێنێ ٠٠

لەو کۆپلەیەی سەرەوەدا شاعیر باسی ئەوە دەکا کە چۆن بای شەمال دێو مێخەك بەنی ملی شۆڕە کچێك دەکەوێتە سەماو لەگوارەکەی دە ئاڵێ٠٠ شاعیر زۆر بەوردەکاریەوە تێك ئاڵانی ئەو گوارەو میخەك بەنە لە دەسڵەملانێی دوو دڵدار دەچووینێنێ ئەنجا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەرکەسێ هەوڵی گەیشتنی دوو دڵدار بەیەك بدا وەکو ئەوە وایە حەجێکی کردبێ ٠٠ حەج لەناو جوتیاراندا ئەك ئەوسا بگرە ئیستاش تا رادەیەك کارێکی زۆر پیرۆزەو جووتیاری واهەیە هەموو کردەو کۆشەیەکی بۆ ئەوەیە کە بارەی حەجێ کۆکاتەوە ٠٠

لە کۆمەڵگای خێڵایەتی جارانی لادێدا کوشتنو تاڵان کردن کارێکی زۆر باوو ئاسایی بووە ٠٠٠ خێڵی بەهێز خێڵی لاوازی تاڵان دەکرد ٠٠ پیاوی بەهێز پیاوی لاوازی رووت دەکردەوە٠٠ ئەوەتا خێڵێك هێرشی هێناوەو وردە وردە لەدانی دەخرێو دڵزبە خوێن کراسەکەی پەڵەپەڵە دەکات کە دەگاتە ماڵەوە براژنی کوڕەکە وادەزانی ئەو خوێنە نیشانەی جووتبوونی کچەکەیە لەگەڵ کوڕەکەدا لەبەر ئەوە بوختانیان بۆ دەکاو کوڕەکەش دەڵێ :

کراسی مۆمنێ سپیە
خرنووکی تێکردیە
لە براژنێم وابێ خینە
بوختان بەمن کردینە

هەروەها ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەر چوار براکەی مۆمن باوەڕیان بەو بوختانە کردوەو بۆ مۆمن دەگەڕێن تاکو بیکوژن :

برائی مۆمنێ چارن
هەرچاریان خەنجەردارن
لۆ خینی مۆمنێ هارن

زۆر جاری وابوەو دەسبێت ٠٠٠ دوو خێڵی گەورە یا دوو پیاو لە سەر کچێك دەبێتە شەڕیانو ئەو ناکۆکییە چەندین ساڵ دەخایەنێ ٠٠٠ گەلێ شیعری فۆلکلۆریمان هەیە کە لەو بارەیەوە دەدوێ بۆ نموونە :

دوو سوار هاتن بە لێکدانە
تەقو هۆڕی دەمانچانە
لەسەر بەژنی تیل عەیشانە

جارانو ئێستاش هەندێ کەس شوانییان بە مەرجی زاوابەندی دەکرد ٠٠ چەند ساڵێك شوانێتی بۆ خاوەن مێگەل دەکرد بە مەرجێك دوای ئەو چەند ساڵە دیاری کراوە کچەکەی خۆی بدا بە شوانەکە ٠٠٠ وەکو لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە هەندێ لە پێغەمبەران شوانیان بەزاوابەندی کردووە ٠٠ بۆ نموونە ـ موسا ـ کە لە ترسی فیرعەون رای کرد بەشەرتە شوانی زاوابەندی (شعیب) بوو ٠٠ لە کوردەواریشدا ئەمە هەبووەو ئێستاش رەنگە هەر هەبێ ٠٠ لەم کارەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کچ بە بێ خواستنی خۆیەو بێ پرس کردنی دراوە بە هەر پیاوێك کە شەرتە شوانی باوکی قبوول کردبێ ٠٠ ئەشێ پیاوەکە بە دڵێ کچەکە نەبووبێ ٠٠ ئەشێ پیر بووبی ٠٠ ئەشێ کچەکە لە چاو پیاوەکەدا منداڵ بووبێ ئەشێ کچەکە دڵداری تری بووبێو حەزیان لە یەك کردبێ ٠٠ بەڵام ئەوانە هەمووی پشت گوێ دەخرێ ٠٠ چونکە پیاوەی شوان بەشەرتە شوانی باوکی کچەکە رازی دەبێ ئەوەتا کوڕێك زاوابەندی پیاوێکی بوە یادی ساڵانی زاوابەندی خۆی دەکاتەوە کە چۆن لە بەر هەژاریو دەسنەڕۆیی حەوت ساڵ زاوابەندی پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن مەڕ بوەو بە ناچاری ملی بۆ فەرمانەکانی شۆڕ کردوەو حەوت ساڵانی رەبەق شوانێتی بۆ کردوە ئەمە جیی یە کچەکەی دەداتێ ٠٠ لێرەدا بە تەواوەتی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کابرا یا زۆر هەژار بوەو پارەی نەبوە ژن بێنێ یاوەکو زۆر حەزی لە کچەکە کردوە بۆیە ئەو ملکەچییەی پێ کراوەو حەوت ساڵان زاوابەندبوە :

چوومە کەژێی قەندیلی
بەفری کۆنی لێ ماوە
حەفت ساڵان زاوا بەندبووم
بەدیار گوێکی ساواوە ٠٠٠

ئەو کچەی کە بەنابەدڵو بە زۆرەملێ بە شووی دەدەنو دەیکەن بە کولکی پیاوێکەوە کە بەدڵی خۆی نیە ٠٠٠ ئەو کچە با ببێتە دایکی چەند منانێکیش بەڵام هەر لە مێردەکەی لازییەو لەبەر چاوی رەشەو بەروالەت نەبێ رەنگە بەدڵ نۆز قالێ مەیلی لای نەبێو خۆشی نەوێ ٠٠٠ ئەوەتا ئەم ئافرەتە کەوا دیارە بە زۆری زۆرداریکی بەشوو دراوە منداڵەکەی دەڵاوێنێتەوەو رازی دڵی خۆی بۆ دەردەبڕێو گلەیی لە بەختی خۆی دەکا :

لانکۆرێ ٠٠ لای لەلایێ
دەبنوو خەوت نایێ
داری لانکێ دار هەنارە
کەمەی لانکێ بەبزمارە
داکی لانکێ گێ بەگوارە
بابی لانکێ سەگی هارە ٠٠

دوای ئەوە ئەنجا لە کۆپلەیەکی تردا رووبی دەکاتەوە کە مێردەکەی پیرەو خۆی گەنجەو بۆیەك ناشێن :

داری لانکێ دار هەنجیرە
کەمەی لانکێ بە زنجیرە
داکی لانکێ قۆڵەمیرە
بابی لانکێ سەیێ پیرە ٠٠

ئەنجا لە کۆپلەیەکی تردا باسی جوانی خۆی دەکاو ئاواتی مردنی مێردەکەی دەخوازێ :

داکی لانکێ مەمك خۆخە
بابی ٠٠٠ بمرێ ٠٠ بەرەشە کۆخە

جارانو ئارادەیەك ئێستاش لە لادێکانی کوردستاندا کاروباری ژنهێنانو ژن تەڵاقدان مەلاو فەقێو فەریکە مەلاو کۆلکە فەقێ جێبەجێیان دەکرد ٠٠ گەلێ لەو پیاوە ئاینییانە فێلبازنو خەلکی ساویلکەو دڵپاك دەخەڵەتێننو بە ناوی دینەوە دەیانرووتێننەوەو هەرشتێ نەشێو نەگونجێ بەپارە دەیگونجێنن یا ئەگەر بگونجێ بە پارە هەڵی دەوەشێننەوە ٠٠ ئەوەتا ئەم کوڕە دەچێتە لای مەلایەکی فێلباز بۆ ئەوەی کاری ژنهێنانی بۆ جێبەجێ بکا ٠٠ مەلاکە بیانووی پێ دەگرێو دەڵێ کچەکە منداڵەو مارەی نایەو شەرع رێی ئەوە نادا کە کچی نارەسیدەو منداڵ مارەبکرێو بە شوو بدرێ کوڕەکە پێنج دینار دەردێنێو مەلا دەکەوێتە قونەقونو لەعەزەت پێنجدیناریدا چاوی بازوو دەبێتەوەو

بروانە ل ٧

کەگوڵ ئەمری دڵ گڕ ئەگری

● مەسعود پەرێشان ●

« کە دەزگیران ئەبێتە ئەرمو ٠٠ ئەرمیش
ئەبێتە خۆڵەمێش ٠٠ ئەم هۆنراوەیە لە
دایك ئەبێت »
خۆ دەزانم ٠٠٠
هەر وەکو زاری تاولەکانی جایخانە ،
هەر دەم دێنو ٠٠ هەڵت ئەدەن
تۆش بە دڵی پەنجەی ئەوان سەما ئەکەی
بەڵام چی بکەم ٠٠٠
ـ کە ئاگری شەوی دڵت
گڕ لە دەریای ووشە سەوزەکان بەر ئەدا
دەزانی بۆ ؟
ـ بەرلەوەی ئەوزمی شەبۆل لەیادگاری دەریاکانا لەدایك بێو
فڕین لەیادگاری جۆلەکەداو
بۆنو جوانی لەیادگاری خونچە گوڵداو
خاك لەیادگاری ئاوارەیەکی ڕووتا
تۆ خۆربوویتو ٠٠٠
لە ئاسمانی شەوی دڵما لەدایك بووی
« دەنگێ بەئاستەم هاتە گوێم »
ـ لەبەر ئەوەی تۆمنت زۆر زۆر خۆش دەوێو ٠٠ تەمێکی ڕەشی
زۆر قەبەش ، هەمووکاتێ ، پەردەی خۆشەویستی تۆزم
لێدەشارێتەوە کەواتە :
ـ وەرە بمکوژەو ، با ئەم دیمەنە نەبینم
« ئیتر دەنگەکە بڕایەوە »
شەمشەمە کوێرەی دەنگو باس
لە سەر منارەی مزگەوتی سواندەکەدا
بانگی ئەداو ئەیوت :
ـ « لە خەوهەڵسن ، شەو درەنگە
ئیستا کاتی ڕامووسانە
کاتی داهاتنی ژووانە
کاتی ئەوەیە دەزگیران لەباوەشی گەرمو گوڕی خۆت ڕاگوشی
لە خەو هەڵسن ٠٠ لەخەو هەڵسن ٠٠ شەو درەنگە »
کە خەو ڕۆیی لەژووانا بووم
سەیرم کرد دەزگیرانەکەم ٠٠٠ سوێند ئەخۆی ئەڵێی خەوتووە
کە چی مقۆی لێدەرنایەو
هەناسەشی لەگەڵ کزە بافێنکەکان دێتو دەچێ :

●

لەرۆژی چلەی ماتەمی ، زامو ٠٠ خەوو ٠٠ هەناسەدا
لە تەمو تومانی خۆردا
چەند دار گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ
لە سەر مەزاری گۆڕەکەی
دەزگیرانە ماتەمەکەم ڕوێندرابوو

●

هۆ دەزگیرانە خەوتووەکەم
ئای ئەگەر مەرگم ئەناسیو ٠٠ ئەمدۆزیەوە !

●

بەغدا ٧ـ٧ـ١٩٩٧٧

Institut kurde de Paris

قاموسەکەی « پاشماوە »

بەم سەرەتایەو بە هەموو ڕاوو سەرنجو بۆچوونەکانی پێشگوتنەکەو قاموسەکەیش ئەکەلێنێکی تر لە کەمەو کوڕیەکان بۆ ئەکرێتەوەو ناسنامەی زمانی کوردیمان مسۆگەرتر ئەبێتو بنچینەی زانستیو مێژویی زمانەکەشمان ڕەگاژۆترو زاخداوتر ... چونکە بەڕای خۆم ، ئەم قاموسە بەیەکی دەسپێشکەریو کۆششێکی هەرە فراوانو پوختی جیهانی فەرهەنگ نووسی کوردی دائەنرێتو تا نۆبەرگەکەی تریش دنیای چاپەمەنیو ڕوناکی ئەبینن ، گیانی سەدانی وەك (لارۆس)ی فەرەنسایی پێ شاد ئەبێت ...! بەڵام گەر ئەمە هەبێ ، ئەوەیش هەیە ، کە ج پێشەکیەکەو ج قاموسەکە ، ئەوە هەڵبگرێ کە مرۆڤ چەندین ڕاوو سەرنجی دڵسۆزانەی خۆی هەڵخات ، کە بەڵای من وائەکەوێتەوە .

١ ـ ئەبوایە مامۆستا ، یا لەمەودوا ئەبێ چاو بەو هەمو هەوڵە بە جەرگانە بخشێنرێ کە لە کوردناسی سۆڤیەتو هەنەمرانلا بۆ قاموسی کوردی کراوە ، تا پتر سودی لێ وەرگیرێو ووشەکان هەڵگویزرێنە دوتوێی ئەم قاموسە بەنرخەوە .

٢ ـ چاو بە هەوڵەکەی ـ هەر بۆ نمونەو بەس ـ گارزۆنی بخشێنرێو بگوێزرێتە ناو قاموسەکە .

٣ ـ سودێکی فراوان لە هەمو ئەو هەوڵانە وەربگیرێ کە دەربارەی سەرانسەری دیالێکتەکانی کوردی کراوەو ووشەکانی ڕاگوێزرێنە ناو قاموسەکە .

٤ ـ تا ئەتوانرێ سەرچاوەی تری زمان وەرگیرێو بنکەی نمونە هێنانەوەو ڕاگوێزان فراوانتر بکرێت ، ئەك هەر ئەوەندی کە لە لیستەی سەرچاوەکانداە هەیە .

٥ ـ نمونەی شاعیرانی تر بهێنرێتەوە ، ئەك هەر (هەولەوی) و چەندێکی وەکو قاموسەکە بە شیعری هەولەوی پڕ نەکرێتەوە . با زەوقی مامۆستای دانەر بپارێزرێ ، بەڵام ئەبێ لە هەمان کاتا سودی گشتیو زەوقی گشتیش لەبەر چاو بگیرێ .

٦ ـ زۆربەی بەڵگەو نمونەکانی مامۆستا شیعرەکانی هەولەویە ، کەچی (دیالێکتی گۆرانی) ی جارجار نەبێ ، ئەگینا خۆی ئەوەندە لەنێو ئەم بەشە قاموسەدا نانوێنێ ، کە ئەمەیش کەلێنێکی ترەو ئەبێ چارەسەر بکرێو بگیرێ .

٧ ـ هەرچەندە دەیەها ووشەی نێو قاموسەکەی زەبیحی هەیە کەبە ڕەچەڵەك لەگەڵ زمانی ئاسوریو کلدانی یەك ئەگرێتەوە ، بۆیە ئەبوایە هەر لە پێشگوتنەکەدا ، سووکە هەوڵێکی مێژوییانە بدرایە بۆ ساغکردنەوەی ئەو کارتێکردنانەی کە کۆنە زمانەکانی وەکو سۆمەریو گرێتیو فیرعەونیو ئارامی کردویانەتە سەر زمانی کوردی، چونکە هیچ دوو دڵیەك لەوەدا نەماوە ، گەر بێو بەوردی لە عولما .

مورکی نەتەوەیی « پاشماوە »

دەرەوەی وڵاتدا بۆ ئاڵۆز گۆرکردنی کاروباری هونەریو هاندانی هونەرمەندانی کورد .

٤ ـ زیندو کردنەوەو بەکارهێنانی ئەو ئامێرە مۆسیقیە میللییانەی لە هەمو ناوچەکانی کوردستاندا بەکارهێنراون وەکو « باڵابان ، زورنا ، ساز ، سەنتور ، جۆز ، کەرەنای ، لولك ، دەهۆل ، بۆستەو ئیدارە ، دەف .

ئەمەش وابەکار بهێنرێن کە لەگەڵ ئاوازەکاندا بگونجین .

٥ ـ کردنەوەی معاهدو کۆلیژی هونەری کە هونەرمەندانی کورد بتوانن تیایانا بخوێنن و ئەگەر ویستیان بنێرێن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ شارەزا بوونی زیاتر .

● مامۆستا ئەنوەر باسی شیعرو ئاوازە تازەکانی کردو ووتی .

★ ئەگەر بێتو ئەختێ لە هۆنراوەی گۆرانی کوردی وردبینەوە ئەبینین زۆربەی ئەو هۆنراوانەی لەسەر شێوەی فولکلورینو هەندێکی تر کەئاوازیان بۆ دانراوە بریتین لە هۆنراوەی شاعیرەکانی کوردو زۆری وەزنەکەیان جیاوازیان هەیە لەگەڵ هۆنراوە فۆلکلۆریەکاندا بەڵام ئەگەر سەیری هۆنراوە تازەکان بکەین لە هۆنراوەی سەربەستدا « شعر الحر » ئەمە هێشتا لە گۆرانیو ئاوازە کوردیە ڕەسەنەکاندا بەکار نەهێنراوە ـ چونکە ئاوازی ڕەسەنی کوردی هەندێ شێوازی هەیە ناگونجێ لەگەڵ شعری حردا .

ئەگەر باسی لاولو حەیرانو هۆرەش بکەیت ئەمانە هۆنراوەنینو بەڵکو چیرۆکێکەو ئەگێررێتەوە بەجۆرە وێنەیەکی تایبەتی کە مۆرکی خۆی پێوەیە .

بەڕای من ئیتر هەرکەسەیش ڕای تایبەتی خۆی هەیە لە ئاوازە تازەکاندا من تەنها ئەڵێم خوزگا هونەرمەند ج گۆرانی بێژوو ج ئاواز دانەر لاسایی ئەمو ئەویان نە ئەکردەوەو هەردەم هەوڵیان ئەدا تازە بابەتی ڕەسەنی فۆلکلۆری نەتەوایەتی کوردیان ئەهێنایە کایەوە .. ئێمە هەر جاوەڕوانی دڵسۆزانین یارمەتیمان بدەن بۆ هونەرێکی ڕەسەنی کوردەواریو پێشخستنی بۆ ڕیزی هونەری گەلانیترو هەوڵو تەقەلای هونەرمەندانیش خۆشبێ هەر پێش ئەکەوین .

● لە کۆتاییدا سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری کە ئەوەندە بەتەنگ هونەرو هونەرمەندانی کوردەوەیە .

لایەرەیەکی نهینی « پاشماوە »

● گۆرانیی خۆشی هەبووەو ناخۆشی هەبووە .

● زەحمەتکێشو عاشقی گۆرانیی میللیی کوردیی بووە .

« ئەسمەر یارم جووانە » کە هۆنراوێکی میالبیە ، ئاخۆ هەر لەبەر ئەوەی کە خۆشی گوتووەو خەڵك پێیان‌خۆشە ئاوها کاری تێکردووەو لە دوورەوە سوێی پێکردۆتەوە ؟ من وەك سەرنج دەدەم لەمەدا نهێنیێکی گەورەتر هەیە کە ئەویش : پێشەکیی کۆپلێی پێنجەمی گۆرانیێکەیە کە بە دەم « ئەمان ئەمانەوە »(٥) چەند بەندێکی خۆی بەزماندا هاتووە کە « شریتی ژیانی خۆی لە بەغداد »دا دەخاتەوە بیر .

ئەرێ جێم نیە تیا بسرەووم
خاکم بەسەر بێلانە خۆم
بێ یارو هاودەم
بێ مەیو مەیخانە خۆم
« لە کووچەی شاری بەغدایە
هەر ئەمن غەریبو دێوانە
خۆم ! »

دووا وشەی خێرامان ئەوەیە بڵێین : حەسەن زبیرەك قوتابخانەیێکەو شایانی گەلێ لێکۆڵینەوەی زانستییەو(٦) نابێت فەرامۆش بکرێت !

تێبینەکان :

١ ـ لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئوتیل : شیمالەکەبیر لە بەغدا ، شاگرد بووەو وەکو خۆیشی لە دەفتەرنامەی ژیانیدا بە شیعر لە خۆی گوتوە ، چەند کەسێك هانیان‌داوەو ئینجا چووەتە سەر ڕادیۆی کوردیو گۆرانیی تۆمار کردووە .

٢ ـ ئەم نامەیە کە بە تایپ ڕایتەر ـ نووسراوە لە زستانی ١٩٦٧دا لەو ڕادیۆیە لەنێو قاقەزە شڕدا کە فڕێدەدرانو لەناو دەبران، دۆزیومەتەوە .

٣ ـ ئەو گۆرانییە کە بەستەیە لە ڕەگەزی مەقامی « دەشتە » . دەشبێت ئەو نەتنیەش پێبزانن کە ئەم گۆرانییە لە میهرەجانێکی پێشسازیو کشتکاڵییو هونەرییدا کە لە ساڵەوی کوردانی سلێمانی لە ١٩٥٦دا گێردرا ، حەسەن زبیرەك بە هاوکاریی تیمی مۆسیقیەی ڕادیۆی بەغدا ، لەو کاتە گوتوویەتی . ئەوی کەمێکیش شارەزایی تۆمارکردنی گۆرانییەبێت کە گوێی لە گۆرانیی ناوبراو دەبێت هەست دەکات کە تۆمارکراوی نێو ستۆدیۆی ڕادیۆ نیە !

٤ ـ صلاح = صلاح حیلمی کە موزیعێکی ئەوکاتەی ڕادیۆی ناوبراوە .

٥ ـ ئەمان ئەمان نەغمەیێکی مۆسیقییە لە مەقامدا بەکار دێت .

٦ ـ لە ساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکدا ئەم نامەیەم بۆ «دەزگای هاوکاری» نارد بەڵام هەر ونبوو !

٧ ـ دەقی هەردوو نامەکە لەووی نووسینەوەی « ئیملای » ئەوسا دەستکاریان کراوە .

ڕەخنە بەگژ « پاشماوە »

حەساندبایەوە ، ئایا بە پزیشکەکانت گوتیە کە نانت خواردووە ؟

ـ نا لەبیرم نەبوو ، باشبوو وەبیرت هێنامەوە ، نەخۆشم ، ئێستا کە لەگەڵ تۆ ئەدوێم بەدەستێك گوێیەی تەلەفۆنم بەدەستەوەیەو بە دەستەکەی تریش بەدەنم دەخورێنم .

ـ برادەر شتێکم وەبیر ـ راستە ئەم نەخۆشیەی من لەو تیکەنانیە !

ـ برادەر وورگی ئێمە توانایی هەزمکردنی ئەم جۆرە نانانەی نیە ، چاکە لە دووسێ تیکە نانت نە خواردووە ، ئەگینا لوشکەت داوێشتو میلەت دەهات !!

ـ دۆستی خوشەویست زۆر سوپاست دەکەم کە ئەخۆشیەکەت دۆزیەوە ..

ـ ئینشالله ج نابێ ... ئاگات لە خۆبێ ، لەمەودوا پارێز بکە .

ـ بەڵێن بێ ، بەڵێن ، ئەمجارە جابیمەوە ، جارێکیتر نانئەخۆم !!!

لە مەڵبەندی « پاشماوە »

کازیگەری هەیە لە بەروەردەکردنو پێگەیاندنی لایەنی دەروونی منداڵاندا ، تا ج ڕادەیەك بە تاقیکردنەوە ئێوە ئەو ڕاستیەتان بۆ دەرکەوتوە ؟

★ بەڕای من سروودێك تەوژمی بژمبایەکی هەیەو ئاوازێك هیچ هێزی کەمتر نیە لە ئەندازەو پزیشکیو .. هتد چونکە چۆن هۆنەرمەند پێویستی بە پزیشك هەیە ئاوا پزیشکیش لەبارەی مێشکەوە پێویستی بەهونەر هەیە . ئێمەش ئەو دیاردەیەمان بەپێی تووانا جێبەجێکردوە لە مەیدانی قوتابخانەکانو بەهۆی تیپەکەمان لە مەیدانی ئێستگەو تەلەفزیۆن .

ـ بەگوێرەی پەیڕەوکردنی سایکۆلوجیەتی ئێستا چاکترین ڕێگە ئەوەیە کە گۆرانیو مۆسیقای منداڵان بەکۆمەڵ بێت ، تا ج ڕادەیەك ئێوە ئەم خاڵەو ڕەچاو کردووە ؟

★ ڕاستە .. ئێمەش ئەوەمان ڕەچاو کردووە هەر بۆیەش بەکەم هەنگاومان داهەڵزراندنی لقێك بوو لە نیپەکەمان بەناوی (تیپی مۆسیقای منداڵان) کە ژمارەیان دەگاتە بیستو شەش مۆسیقاژەنو بیست لە کۆرسی منداڵانی دەنگ خۆش ، هەروەها لە بارەی کۆراڵەوە ئەوەشمان هێناوەتە دی کە چل دەنگ خۆشمان کۆ کردۆتەوە لە چەند بەرهەمێکی هونەریدا ، ئەمەش تاقیمانەیەکە گەر سەرکەوتین ئەوە بەرەو پێشتر دەڕۆین ..

ـ هەڵبژاردنی گۆرانیەکانتان چۆن بووە ؟

★ ئێمە ڕۆڵەی ئەتەوەیەکی زۆر ساماندارین لە بارەی فۆلکلۆرەوە ، جا لە فۆلکلۆرەوەش چەشەی میللەت کۆمەڵایەتی ئافرەت بکۆڕن .. بەڵام زەوتکردنو شیواندنی شەخسیەتی ئافرەت لەو جۆرە کۆمەڵانەدا کە تا ئێستا مۆرکو نیشانەی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستیو دەرەبەگایەتی بە ئاشکرا پێوە دیارە ، ئافرەت نەیتوانیوە لەو جۆك دادانە هەستێتەوە کە بە هۆی مامەڵەو ڕەفتاری ئەو جۆرە بیرکردنەوانەوە تێیکەوتوە .. ئەمەش وای لێکردوە کە لە دەوری ڕاستەقینەی خۆی دورخرێتەوەو بەشداریی تەواوی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیو سیاسیکان نەکات .

بیرکردنەوەی دەربەگایەتی وەك کەلوپەلێك دەنوارێتە ئافرەت ، لە مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕیزی هەرەپشتەوەی بۆ دادەنێت ، بیرکردنەوەی بۆرژواش بەو چاوەوە تەماشای ئافرەت دەکات هەروەك شتێکی جوان یا بوکەشوشەیەکی ڕازاوە بێت هەردەم ئامادەی ئەوەبێت کە پیاو کاتی خۆی لەگەڵدا بەسەر بەرێت .. ئەم جۆرە بیرورا بیرکردنەوانە کە زۆر لە ڕاستیەوە دورن لەلای بەشێکی زۆری کۆمەڵ بونەتە شتێ وەیا نەرێتێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کە دەسڵێدانو شیواندنیان تاوانێکی گەورەیە .

ئەگەر بەچاکی بچینە ناوباسەکەوە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە تەواو ئەو شتانەمان لاناشکرا دەبێت کە مەسەلەی ئافرەت، مەسەلەیەك نیە پەیوەندی بە ئایین یا نەتەوە یا گەلێکی تایبەتیەوە هەبێتو بەڵکو مەسەلەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەو ڕژێمە کۆمەڵایەتیەوە کە لە ئارادیە . ئەمە بەڵکەی ئەوەمان ئەداتە دەست کە ئافرەت ژێردەستەی پیاونیە ، بەڵکو دیلو ژێر دەستەی ڕژێمی کۆمەڵایەتیە کە پیاو خۆشی ئەنالێنێ کە کە پیاو خۆشی وەك ئافرەت لەژێر باری زۆر لەوبیرو باوەڕو نەرێتە کۆمەڵایەتانەدا ئەنالێنێ کە زۆریان لەك هەر دژ بە پێشکەوتنی ئافرەتە بەڵکو ڕێگای پێشکەوتنی پیاویشیان گرتوە . بۆ خۆ قوتارکردن لەو واقیعە تاڵەی ئافرەتو پیاوی تێدانەری ، ئەبێت هەوڵی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی وا بدرێت کە هەردوو لای تیاهاوشان بێت .. هەر وەك واقیعی ئەمڕۆمان سەماندو ـ یەتیو دەری خستوە تەنیا کۆمەڵگای سۆشیالیستیە کە بتوانێ ئافرەت و پیاو لەتای تەرازودا بەرامبەر ڕاگرێتو لە کۆمەڵی بەرینی مرۆڤایەتیدا بەیەك چاو وەك دوو عونسوری بەکاری پێشکەوتن تەماشایان بکاتو نەك تەنیا ڕۆژێك بەڵکو هەمو ڕۆژێك بەڕۆژی ئافرەتو مرۆڤایەتی دابنێت .

بەیاننامەی پارتی « پاشماوە »

چوار ساڵ بەسەر پەیڕەوکردنی ئۆتۆنومی لە ناوچەی کوردستاندا ، داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەین کە زیاتر بە هۆشیو ئاگادار بن پتر بتەو بنو ڕیزەکانیان بەکتر بخەن بۆ گرتنی هەمو کە لەبەرێك لە ڕوی ئیمپریالیزمو زایونیزم کۆنەپەرستان کە ئەمڕۆ دەیانەێت نەخشە تاوانکارێکانی خۆیان لە گەلانی ناوچەکە دەرباز بکەن. کە ئەوەش زۆر بە چاکی لە بڕۆژەکانی پاکۆدانو ئەو بیلانانەدا دەردەکەوێت کە ئێستا دەربارەی مەسەلەی فەلەستینو مافەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین جێ بەجێی دەکرێن ..

هاوڕێ منیف الرزاز پاشماوە

لەسەر درێژەدان بە خەباتو وەدەس هێنانی سەرکەوتن بەوە لەق نابێ کە هەندێ ڕژێمی خۆبەدەستەوەدەر خۆیان خستۆتە باوەشی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمەوە .

بەڕێز الهاشمی الفیلالی سەرۆکی وەفدی مغرب لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا قسەی کردبوو تاریفی ئەو دەسکەوتانەی کردبوو کە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو شۆڕشەکەی لە عراقدا بەدیان هێناوە ، هەروەها بایەخی دابوو بە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی حزب لە هەموو بوارێکداو دووپاتی کردبوەوە کە ئەم دەسکەوتو هەڵوێستانە ، مایەی ڕێزو بایەخە لە لایەن جەماوەری عەرەبەوە لە مغرب .

چەند هەواڵێك « پاشماوە »

پارێزگای سلیمانی دوو دەورە کراوەتەوە ، یەکەمیان دەورەی (سەربەرشتی کەری هەرەوەزێکان)ەکە ٣٠ کەس هاوبەشی تێدا دەکەنو دووهەمیشیان دەورەی ئەمین سندوقە کە ١٨ کەس هاوبەشی تێدا دەکەن . ماوەی دەورەکان دوو هەفتە دەخایەنێت .

● ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ئەنجومەنی گشتی پارێزگای سلێمانی کۆبونەوەیەکی ڕاوانی کردوەو لێپرسراوانو سەرۆك دایرەکان هاوبەشیان تیاکردوەو دەربارەی پێشکەش کردنی خزمەتێکی چاك بەهاوولاتیان گفتوگۆیان کردوە ، لە کۆبونەوەکەدا بڕیاری ئەوە دراوە کە چاودێری ئەو جێگایانە بکەن کە پەیوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە .

● کۆمەڵ هەروەزی جوتیاران لە پارێزگای سلێمانی چەند کۆبڕیکی لە پیرەمەگرونو سیروان گردەبۆرو کانی جنەو بەکرە جۆو حاجی ئاوا بۆ جوتیاران ساز کردوە . لەم کۆبڕانەشدا باسی چونیەتی پێشکەوتنی کشتوکاڵو بەاری ژیانی جوتیاران‌کراوە . لە کۆبڕەکاندا نوێنەرانی نایبەی ئەمانەتی گشتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ ئامادەبوون .

بۆ زانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی‌بەرەپێدانی نەتەوایەتی بەرنامەی ڕەنێوهێنان‌ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردن کارو خانەسازی‌ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە٧٨/٢ قۆنتەراتی دروستکردنی کۆگای‌بەرێوەبەرێتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی لەکاروباری فەسلی (٦٠)ی بەندی (١)ی زنجیرە (٨) لەبەرنامەی ڕەنێوهێنانی ساڵی ١٩٧٨ .

ڕای ئەگەیەنین ئەم‌قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵەئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم‌بەرێوەبەرایەتیە یاخود لە بەرێوەبەرێتی کاری پارێزگای‌سلێمانی بە (٥ـ١٠) دە دینار دەست بکەوێت کەنادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌ومواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتەئەستۆ .

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان یاخود پێش سەعاتدوانزەی نێوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی٩٧٨/٣/٢٠ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتە .

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :

١ ـ یارمەتی سەرەتایی(پێشەکی) نزیکەی (ـر١٠٥٠) هەزار پەنجادینار لە شێوەی کەفالەتی بانق بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت .

ب ـ پێناسی ژووری‌بازرگانی لەگەڵ بەڵکەنامەیەدا لەبەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵتازە کرابێتەوە .

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانە لەمە ئەچن .

د ـ پێناسی بڕەی‌قۆنتەراتچیەکان .

٤ ـ هەر تەندەرێك لە کاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدانەبێت پشتگوێ ئەخرێت .

٥ ـ ئەم بەرێوەبەرایەتیە لە سەری نیە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەرتەندەرێکی تر قبوول بکات .

٦ ـ هەر ڕۆژێکی‌دواکەوتنی کار (١٥) پانزە دینار سزا ئەدرێتو بێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی‌ئەندازیارێکی سەرپەرشتی‌کەر دابنێت .

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش‌کردنی‌تەندەرەکانەوە .

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نمخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێنن‌وە ، نمخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی بوولێکی (٢٥٠) فلس بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشتگوی ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن .

١١ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێت .

١٢ـ هەر (تحفظ)یك لە لایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لە نێو تەندەرەکان بنووسرێتبەهیچ ئەوسێدرێو ڕەفز ئەکرێت .

١٣ـ پێویستە قۆنتەراتچی بۆ سەرپەرشتی ئیشو تا تەواوبوونی ئەندازیارێکی بە توانا دابنێت .

ئەمینداری گشتی کارو
خانەسازی
شیروان علی امین

چەند ڕوانینێك « پاشماوە »

شەرعو مەرعی لەبیر دەچێتەوەو دەڵێ
باشە زۆر ئاسانەو پشت بە خوا
جێبەجێدە کرێ .. کوڕەکە تێ دەگا
کە مەلا لە فێڵبازەکانەو گورج
دەمانچەی لێ هەڵدەکێشێ پارەکەی
ئاداتێو بەزۆر کارەکەی پێ دەکا :

لە برادەرەکم پرسی
کێهان مارێ مەلایە
قسەی دری خۆم لۆکرد
مەلا ئیشم ئەوهایە
هەرچەند تەقەلامدا
مەلا فتوای ئەدایە
پێنج دینارم دەرێنا
مەلا کردی سەمایە
دەمانچەکم هەرکێشا
لەسەر سنگم دانایە
تووش چ قەترم ئەکەی
دەتکوژم بەو خودایە
کۆلکە مەلا هێند زۆرە
حیلەو شەرعیان دانایە
یاریمان مارە دەکرد
خوێنمان قولەوئلایە

Institut Kurde de Paris